# شانۆ
# ئەرکیۆلۆژیای

ناوی کتێب: ئەرکیۆلۆژیای شانۆ

نووسەر: نیهاد جامی

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: دینار

ژمارەی سپاردن: ی ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە

سەرپەرشتیاری زنجیرە کتێبەکان: بەختیار سەعید

لەبڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان ٢٠١٤

ناونیشان: سلێمانی - کاسۆ مۆڵ - بەرامبەر مزگەوتی گەورە - نهۆمی چوارەم

سوودو سەرمایەی ئەم بڵاوکراوانە بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفال کراوانە.
مافی چاپکردنەوەی بۆ دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان پارێزراوە.

لەسەر ئەرکی (د. تەها رەسوڵ) چاپکراوە

# شانۆ
# ئەرکیۆلۆژیای

نیهاد جامی

پیشکەشە
بەهاوڕێی شانۆکارم (دیاری عومەر)

-دەسپێك ........................................ ٥
ئەركیۆلۆژیای زمان.. ئەركیۆلۆژیای نمایشی شانۆیی ...............٢١
شانۆكاری كورد وئەركیۆلۆژیای شانۆ .......................... ٣٣
كاریگەری شانۆی ئەبسێرد لەسەر شانۆكارانی هەولێر ............. ٦١
سیمیۆلۆژیای شانۆیی ................................ ٧٠
ڕێكخستنی وێنەی شانۆیی لەنێو گوتاری ئیستاتیكا ............. ٩٥

## دەسپێك

لەکوێوە پرسیار ئاراستەی نمایشی شانۆییمان بکەین؟ ئاخۆ پرۆسەیەکی ئەرکیۆلۆژی بۆ خوێندنەوەی ڕووبــەری نمایشە شانۆییەکانمان دەبێت لەخودی نمایشەکانەوە دەست پێ بکات؟ یاخود پێویستە بگەڕێتەوە بۆ ناو تێکستە تیۆریەکانی شانۆو ڕوانینی تێکستە فەلسەفیەکان بۆساتی بیرکردنەوە لە بوونی مرۆییمان وەك کائینێکی شانۆیی.

ئەوەش پەیوەندیی نێوان شانۆکارو فەلسەفە دەکاتە پەیوەندیەکی ئۆرگانی، پەیوەندیەك تێکستەکان دیدی جیاوازمان بۆ بەرهەم دێنن، گرفتی سەرەکی ئێمە ئەوە بووە ڕوانینی یەك ڕەهەندیمان لەنمایش نائومێدی بەخشین بـووە بە ئاستی شانۆکەمان لە ئێستادا، کەوایە بۆ ڕزگاربوون لەتاك ڕەهەندی نمایش بەتەنیا لەناو مەعریفەی شانۆوە ئیش بکەینەوە؟ یاخود جگە لەمەعریفەی شانۆییمان، بگەڕێینەوە بۆ ناو دەقە فەلسەفیەکانیش؟ ئاخۆ دەقێکی فەلسەفی دەمانخاتە ئاستێکی نائومێدی بیرکردنەوە، کە شانۆیەکی نوێ گەمەیەکی کۆنە، چونکە ئەوە بەربەستمان دەخاتە پێش، کە ناتوانین تێپەڕاندن درووست بکەین، مێژوو لە ئێستای ئێمە لەبەردەم دڵەڕاوکەی دەقە فەلسەفیەکانە، چونکە ئێمە لە بونیادێکی ئیفلیجەوە هاتوینەتە سەر زەوی، دەبێ ئەو بونیادە هەڵوەشێنینەوە، تا لە ژێرخانێکی تۆکمەی زانستی و بونیادێکی شانۆییەوە کار بکەین، بۆ ئەوەی دوای وێران کردنی نمایشەکان لەسەر ئاسەواری نمایش دەست بە شێوەیەکی تازەی نمایش بکەین.

دامەزراندنی هەر سیستم و پرۆژەیەکی زانستی پێویستی بە خوێندنەوەی ڕەوتی مێژووە، بۆ ئەوەی بەو هەنگاوانە شارەزا بێت کە میتۆدەکانی لەسەر بنیات نراوە، دواتر هێڵی سەربەخۆی بۆ جەستە کێشاوە، دوای ئەوەی بانگەشەی بۆ یاخی بوون کردووە. کەوابێ ئەو شێوە کارکردنانە چین کە پرۆسەی ئەرکیۆلۆژیای نمایشی شانۆیی دەیگرێتە خۆ؟ چۆن ئەو جەستە داهێزراوە دەکاتەوە بە جەستەیەکی بزاوت؟

ئەوەش پەیوەندیی بەزمانەوەیە، زمان لێرەدا مانای ئاخاوتن ناگەیەنێ، بەڵکو زیاتر لە دەربڕین نزیکە، چونکە جولەش هەر سەر بەسیستمی زمانە، بەڵام لە دەربڕین جیایە، بۆیە مەبەست لەو شێوەیەی نمایش کارکردنە لەسەر جولە بۆ تەوزیف کردنی لە پانتایی زمانی شانۆدا، ئەوەش بۆخۆی پرۆسەیەکە کار لەسەر پاشماوەی ئاخاوتن دەکات، بۆ گواستنەوە بەرەو ئاراستەیەکی تری زمان کە ئەویش جولەیە، تا شێوەی بونیادنانی نمایش شێوەیەکی ناتەبا و فرەیی بگریتە خۆ، بۆ گەیاندنی چەمکێکی فراوان لە گوتاری شانۆدا، کە هەوڵی خۆداماڵین بدات لە نمایشی باوی جەستە و ئەزمونەکانی تردا، تاخاسیەتەکانی خۆمان دەست نیشان بکەین.

سەدەیەکە رەوتێکی شانۆیی لە ئارادایە، کە بە هەرەمەکیەتی لەنێو خانەکان خاوەنی گەشەکردنێکی بێ دەرەنجامە، لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ویستویەتی لەچەند نمایشێکدا خۆی ڕێك بخات، ئەگەرچی زۆرینەی کارەکان تائێستا ڕێکخەرێکیان نەبووە، نەبوونی سیستمی ڕێکخەر بێدەنگیەکی لەناو ئەو کارانەدا درووست

کردووه، بۆئەوەی شانۆکاری کورد نەیەوێ درك بە پرسیار بکات، بەڵکو بەردەوام کاری لەتەك وەڵامدا کردووه، ملکەچی ئەو رەوتە بووە کە گەردوونی بەهۆی زەمەنی شەو رۆژ تێپەراندووه.
ئەگەر زمانێکی نەدۆزراوە لەو پانتاییە شوێنێکی نەگرتبێت، ئەوە ئەویش بەکاری خۆی نەزانیووە بەدوای ئەوز زمانەدا بگەرێ، هەروەك چۆن ئەگەر میتۆدێك یا ئەزمونێکی تایبەتمەند نەبووبێت، ئەوبیری لەوە نەکردۆتەوە بۆ خاسیەتی دامەزراندن کار بکات، بەڵکو ویستویەتی بۆ خۆی کارێك ئەنجام بدات، بێئەوەی هەوڵی تیۆریزە کردنی شانۆیی لا مەبەست بووبێت، ئەوەش لەو خاڵە دڵنیامان دەکاتەوە، کە زۆرینەی دەرهێنەرانی ئێمە خاوەنی رۆشنبیریەکی شانۆیی فراوان نین، تەنانەت خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبی بە کاری خۆیان نازانن، چونکە گوتاری رۆشنبیری نمایشی شانۆیی لا بنیات نەناون، بەڵکو لە روو دەرەکیەکەی ئەرستۆ وە سەیری شانۆیان کردووه، کە هونەر لاسایی کردنەوەیە.
دەبـێ ئەرکیۆلۆژیا لـەسـەر ئـەو هەمو نمایشە ئیفلیجەی بەرهەم هاتووە، نمایشی تر هەڵبکۆڵێ، بونیادنانی لەنێو کایە ئەبستیمەکانەوە بێت، هەر لەرووەی بوارە رۆشنبیریەکانەوە تا دەگاتە هەموو هەوڵە ناتەباکانی کە خاسیەتی نوێگەری دەگرنە خۆ.
دەبێ هەموو ئەو سنورە جوگرافی و ئەندازیاریانە هەڵوەشێنینەوە کە بە پرگال بازنەیان بۆ کێشاوین، بازنەیەك خۆمان لە کێشانی دڵنیا نین، بەڵام دەزانین کە دەستمان بە هەنگاونان کرد تیایدا گومانمان نامێنێ کە بەدەوریدا خول دەخۆینەوە، لەو کارەدا تەنیا

جولەیەك نمایش دەكەینەوە كە دەكرێ بیگۆڕین بۆ ستوونی، بەڵام جگە لە گەمەیەكی دووبارە بۆوە چیترمان پێ دەرناخرێت، با شكسپیر و چیخۆف و بیكت دەربهێنین، بەڵام كە نەتوانین دیدگایەكی هونەری و تێڕوانینێكی هاوچەرخانە لەڕێی خوێندنەوە بۆ ئەو دەقانە دەستەبەر بكەین، دەبێ چ مەبەستێك لەپشت نمایش كردنیان هەبێت؟ مەبەست چیە لەو نمایشەی كە نەتوانین جێ پەنجەی خۆمانی لەسەر بەجێ بێلین؟

دەرهێنەر لەنمایشی شانۆیدا دەتوانێ بەردەوام وەك چاودێرێكی ڕەخنەیی لەكاتی پرۆڤەدا لەكارەكەی خۆی بڕوانێ، چونكە ئەو باشترین كەسە كە هەموو شتێ لەسەر تەختەی شانۆ ببینێت، لەبەر ئەوەی خۆی كاری تیا كردووە، دەزانێ خاڵە سلبیەكانی كارەكەش لە كوێدا دەردەكــەوێ، بۆ ئەوەی لە مەشقی نوێ چارەسەری بكات، هەڵبەت شانۆكار كاتێ توانی خاڵە لاوازەكان دەست نیشان بكات، ئەوا قورسایی كارەكە لادەچێت لە خاڵی چارەسەر كردن، چونكە ئەوسا دەتوانێ بە خەیاڵ و تێڕوانین لەو دیمەنە بكەوێتە دارشتنەوەی وێنە شانۆییەكە بەهۆی سیاقی هزریەوە.

وەرگر كۆمەڵە نەبینراوێك نابینێت، لەبەر ئەوەی ساتەكانی چێژ لەسەر شوێن ڕایدەگرێت، كە جەستەی خۆی وەك بونیادێكی خودی تیا دەبینێ، چونكە ئەو بۆشاییە بینراوەی كە بە كۆمەڵێك جولە پڕكراوەتەوە، بەرەو چەمكی گوتارێكی تایبەتمەند دەدبات، ئاشكرایە پرسیاری وەرگریش لەساتی ئامادە بوونی نمایشدا سەرهەڵدەدا: ئێمە كێین؟ چیدەكەین لێرە؟ دەبێ چۆن ئەو

گوتاره هەڵوەشێنینەوە کە بەناوی نمایش جادووی لێکردبووین؟ پرسیارەکان بۆخۆیان ئاراستەیك دەست نیشان دەکەن ئەویش لە ئەنجامی کارکردنی شێوە نمایشێك کەپێشتر تەنیا چەند ووشەیەکی ئاخاوتن بووە، نەك شیعریەتی شوێن و وێنەی شانۆیی.
دەرهێنەر لەو کاتەدا دەیەوێ ئەو هەموو ئامادەییەی لە شانۆکەدا ئاراستەی وەرگری دەکات سنورێکی ناکۆتاو فراوان بۆ خەیاڵ و دیدگای تەرخان بکات، بۆئەوەی لە وێنەی بینراو هزر بگوازێتەوە بۆ نەبینراوی وێنە، ئـەوەش هەموو ڕەهەندەکانی وێنە چڕ دەکاتەوە سەر شوێنێکی نمایشە شانۆییەکە کە پرۆسەی بینین یۆتۆپیایەکی هونەری لەنێوان (شانۆکار/ وەرگر) کۆ کردۆتەوە، ئـەوەش ئاشکرا کردنی ئەو حەقیقەتەیە، ئێمە لە نەبوونی مەعریفەوە چەمکە سادەکانی میتۆد و فەلسەفەکانمان ڕاڤە کردووە، کەواتە درووشمی «شانۆ ئاوێنەیەکی ژیانە» دەکرێ خوێندنەوەی ناتەبایانە بگرێتە خۆی، خوێندنەوەیەك لە بەهای رستەوە بۆ ڕەهەندێکی ئیستاتیکی ئاوێنە کار بکات، کە «ڕەنگ، هێل، بارستایی، جەستە» پڕی دەکەنەوە و گوتاری نمایش دەبێ بە بەرجەستەکردنی ئەفسوونێکی هونەری.
گومان لەوەدا نیە بەرلەوەی جەستە بکەوێتە جوله بۆ دامەزراندنی وێنەی شانۆیی، دەرهێنەر دەکەوێتە تێرامانی یۆتۆپی بۆ ئەوەی هێلێك بۆ ئەو پرۆژەیە دەست نیشان بکات، تابەرەو سنوورێکی ناکۆتاو پانتایەکی شـاراوەی بەرن، ئەو کاتە جەستە بەدوای شوناسی کەسێتی ئێستای بوون دەگـەڕێـت، بۆیە زمان لەو سیستمەدا توانای ئاشکرا کردنی سیستمی نمایشی هەیە، کە بە

سێ ئاراستە دەچێتە قۆناغی کامل بوون.
(ئاراستەی یەکەم: دەرهێنەر+ ئەکتەر+ دەق).
(ئاراستەی دووەم: ئەکتەر+ دەرهێنەر+ دەق).
(ئاراستەی سێیەم: پرۆسەی نمایش+ کردەی وەرگرتن)

چونکە دەرهێنەر دوای تێڕامان لەجەستەی نووسراوی دەق، چەند سەدا و دەنگێك کە هاواری سەرەمەرگن بە ئەکتەر نیشان دەدات، کەئەوان چیان پێدەکرێ لەبەرامبەر ئەو لەشە داهێزراوە، چۆن دەتوانن بە نەشتەرگەریەك دەربازی بکەن؟ لە ئاراستەی دووەمدا ئەکتەر لە خاڵەکانی سەرەتایی دەربازی بووە و دەرهێنەر پرۆژەیەکی خستۆتە بەردەمی، ئەویش ئەو چەند دەنگەی دەرهێنەر ئاشکرای کرد کاری پێدەکەن و هەوڵ دەدەن خۆیان لەو پانتاییە فراوانە دەقێکی تر بدۆزنەوە تابچنە سەر ئاراستەی دووەم، کە دەرهێنەر تیایدا دەبێ بە چاودێر و هەوڵی مۆنتاژکردنی وێنەکان دەدات، ئەو وێنانەی زیادەن و لەشێوەی دووبارە بوونەوەی ئاخاوتن زەمەن دەکوژن، ئەوانە لا دەبات و وێنەکان لەناو زەمەنی فەلسەفی چڕ دەکاتەوە، هەوڵ دەدات لەو ئاراستەیە وێنەکان یەك بخات، کەبەشێکی گەورە و پانتایەکی شاراوەی تیادا دۆزیوەتەوە، لەو دەروازەیەشەوە هەوڵی زیاتر ئاشکرا بوون دەدات، تا لەکاتی نمایشدا ئاراستەی سێیەم (پرۆسەی نمایش) ئازاد بکات لەبەردەم خوێندنەوە (کردەی وەرگرتن) ئەو کات نمایش دەکەوێتە بەردەم خوێندنەوەی جیاواز، لەبەردەم دەیالۆگی ڕەخنەیی، سەربەخۆیی خۆی

وەك نمایشێكی سەربەست دەپارێزێ كە بەو سێ ئاراستەیەش (سیستمی نمایش) لەنێو زمان بەرهەم دێنێت، سەرباری ئەوانە دەبینین ڕەنگ لەپشت ڕوناكی دەلالەتی ئاماژەی جەستە دەكاتەوە بۆ چێژی بینین.
بیستراو لە ئاخاوتنەوە دەبێ بە سەدا و ئاوازێكی مۆسیقی ئەوەش هارمۆنیەتی جەستەیە بۆ دارشتنەوەی دەقی نمایش، بونیادی ئاماژەی جەستەی لەسەر وەستاوە، چونكە دەقی نمایش دەقی تێرامان و پرسیارە، خەونێكی هاوبەشە بۆ گەیشتن بە مانا، داماڵینی فیكرە بۆ ئاماژەی ڕەنگ و جەستە، چونكە هەڵكۆڵینی بیرۆكە پێشهاتەیەكی زەمەنی وەستاو بە بیرۆكەی نووسەر دەبەخشێ، نەمرییە بە دەق كە زەمەنی كرنۆلۆژی لا دەكات بە ڕاكردن لەنێو بازنەی مردنەوە، بۆئەوەی مەرگ پەی پێنەبات، بۆیە هەڵكۆڵینی لەجەستەیەكی مردووەوە گیانێكی تازە دێنێتە بوون بۆ ئەوەی گوتارێكی تر لەسەر بونیادی بیرۆكەی مردوو دابمەزرێنێ.
گوتاری تازەی ئەركیۆلۆژیای نمایش گوتارێكە كۆمەڵە خاسیەت وتایبەتمەندێتی گرتۆتە خۆ، كە لە نەبوونی فیكرەوە بەرەو ئایدیۆلۆژیای ئیستاتیكا كاری خۆی دەكات، كە سەراپای فكری ووتراو لە دەق جەستەیەكی تر بنیات دەنێت كە نەووتراوێك دێنێتە بوون، ئەویش بەهۆی ڕەنگ وشێوەو هێڵێكی فكری دەست نیشان دەكات، ئەوەش تێڕوانینی بۆ هەوڵەكانی پێشوو دەست نیشان دەكات وهەوڵ دەدات یەكەیەكی ئیستاتیكی وفەلسەفی بۆ هارمۆنیای نمایش بخاتە ڕوو.

دەبێ وەك نیتچە لەو ڕاستیە بێئاگا نەبین كە مێژوو جۆرێكە لەپێشڤەچوونی بەردەوام، تایبەتمەندیەتی هەیە بۆ ئاشكراكردنی داهاتوو، داهاتوویەك هەر وەك هەوڵەكانی قۆناغە مێژوویەكان تێپەڕاندنی بەسەر كارەكانی پێشووەوە هەبێت، ئاشكراكردن ودۆزینەوە دابڕانێكیترە لەخاڵی ڕابردوودا، بۆ ئەوەی تێڕوانینی تازەو مۆركی سەردەم وون نەكات.

ئەگەر بەمێژووی نمایشە كوردیەكاندا بچینەوە دەبینین ئەركیۆلۆژیا بونیادێكی ئامادە نەبووی كارەكانمان بووە، چونكە پەیكەرە سڕەكانمان نمایش كردۆتەوە وفرێمان نەداوەتە دەرەوەی بیركردنەوەی هزری كاركردنمان، بەڵكو لەو كارەشدا زۆرمـان بەلاوە گرنگ بووە كە ناوی میتۆدێك بەسەر خۆمان بسەپێنین، تا بتوانین وەڵامەكانمان لەچوارچێوەیەكی تەسك لێ بەربلاونەبنەوە وپرسیارەكانی ئاراستەشمان دەكرێت پرسیاری چاوەڕوان كراو بن كە لەدوو توێی میتۆدی دەست نیشانكراودا وەڵام بدرێتەوە، بۆیە ویستومانە كارەكانمان مانایەكی دەست نیشانكراو بدات بە دەستەوە.

لەوكاتەشدا خۆمان خستۆتە پەراوێزی واقعی كۆمەڵایەتی وسیاسی، هەرگیز نەمانویستووە خاسیەت وپێودانگی هونەری دەست نیشان بكەین یا بەرەو تیۆرێكی ئیستاتیكی كار بكەین، یاخود نەهاتۆتەوە ناو جومگە سەرەكیەكانی كۆمەڵگاو قسە لەدنیای مرۆڤەكان وپەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكانیان بكات بەڵكو هەمیشە ئەو بابەتانە لەسنوورێكی بەرتەسكی یەكرەهەندی خراوەتە روو لە شانۆیەكی ئاست نزمدا كە پڕ بووە لە گرێی سایكۆلۆژی نێرایەتی.

ئەوەش پەیوەستە بەو تێگەیشتنە ڕووکەشەی ئێمە بۆ دەقی شانۆییمان هەبووە کە پرۆسەیەکی ئەرکیۆلۆژی نیە لەناو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانمان کەببێتە هۆی ئاشکرا کردنی نهێنی داپۆشراو، بەڵکو دەق وێنەیەك بووە بۆ لاسایکردنەوەی وێنەی ناو ژیان، لەوێوە دەرهێنەری شانۆیی پرسیاری نەبووە، بەڵکو نابینایەك بووە بۆ دانانەوەی وەڵامەکانی نووسەر.

ئەرکیۆلۆیای شانۆ لـەوەڵامـە چەق بەستووەکانەوە بەرەو ئاراستەی ئەو سێ پرسیارە کارمان پێدەکات، کە جۆرج کانگلیم ئاراستەی فەلسەفەی کرد، بۆیە پرسیارەکانیشی دەگۆڕین بە: کێ شانۆکارە؟ لەکوێ شانۆ نمایش بکەین؟ لەبەرچی شانۆ نمایش بکەین؟

ئەوەش بۆ بەجولەکەوتنی نمایشی شانۆیی دەبێت بە بزاوتی جەستەی شانۆ خۆی، کە خوێندنەوەیە بۆ تێگەیشتن لەگوتاری شانۆ، بۆیە پرسیار دەبـێ بە سەرەتای وەستانەوە بـەڕووی شکستەکان وگـەڕان بـەدوای فاکتەرەکان، بەو مەبەستەش پرسیارێکی نیتچە ئاراستەی ئەرکیۆلۆژیای شانۆ دەکەین: ئایا مێژوویەکمان هەیە بۆ خۆشەویستی؟ یا بۆ ئاگایی؟ یا بۆ بەزەیی؟ توێژەرێکی فەلسەفی وەکـو فرانسوا دۆس لەبەرامبەر ئەو پرسیارەی نیتچەدا بـڕوای وایە کە ئەو پرسیارە بۆ ئەوەیە بپرسێت: ئایا مێژوویەکی سەرەوژێر کراومان هەیە لە عەقڵی خۆرئاوایی بۆ ڕەخنەکردنی کۆژیتۆی دیکارتی؟

ئەوەش کاتێ دەیگوازینەوە بۆ شانۆ، ڕووبەرووی ئەو ڕاستیەمان

دەکـاتـەوە، ئێمە لەنێو مێژوو بونیادێکی مـردوو لەگوتاری شانۆییمان دەست نیشان دەکەین، چونکە هەرگیز مێژوویەك نیە لەتێکشکان بخوێنرێتەوە، ئامادەنەبوونی ڕەخنە لەمێژوو، بۆتە هۆی شانۆیەکمان هەبێت لەدەرەوەی زانستەوە، لەدەرەوە بوونی زانست بۆتە غیابی خوێندنەوەی جیاواز، ئەرکیۆلۆژیا یەکێکە لەو زانستانەی توانای دۆزینەوەو گەڕانی لەناو ئەو گوتارە شانۆییە هەیە، کە پرسیار لـەڕابـردوو درووسـت بکات، پرسیار بۆ ئەو زەمەنەی کاری شانۆیی تیا دەکەین، دیارە هەڵکۆڵینی شوێنەواری گوتاری نمایش بەتایبەت حەفتاکان کە بە سەردەمی زێڕین ناو دەبرێت، ئەو ئیشکردنە لـەدەرەوەی هەڵچوونی نەوەکانەوە دەبێتە هۆی ئیشکردن لەسەر پرسیاری جیاوازو مەعریفەی جودا، ئەو دەمەی جیاوازی گوتار بوو بە خەمی شانۆی ئێمە، ئەو کاتە گرنگی لەوەدایە کە ئەو پرسیارە ڕەخنەییانە چین ئاراستەی گوتاری نمایش دەکرێت.

بۆ تێگەیشتنی زیاتر با نموونەیەك لەفەلسەفە بێنینەوە، کاتێ فۆکۆ دەیـەوێ مانای جیاواز وکەشفکردنی پرسیاری نەکراو بخاتە ڕوو، نایەت لەخۆیەوە دەست پێبکات، بەڵکو ئیش لەسەر تێکستەکانی پێش خۆی دەکات، تەنانەت لەسەر بەڵگەنامەو ئەرشیفیش، ئەوە جگە لەوەی کاتێ نیتچە بانگەشەی بۆ مردنی یەزدان کردبوو، ئەوا فۆکۆ مەرگی مرۆڤی ڕاگەیاند، چونکە ووتی مرۆڤ کە یەزدانی کوشت، تواناکانی خۆشی بەو مەرگە لەدەستدا. یاخود کاتێك دەگەڕێتەوە سەر کۆژیتۆ ناسراوەکەی دیکارت «من

بیر دەکەمەوە.. کەواتە هەم» فۆکۆ بیرکردنەوەی دیکارتی گۆڕی بەهەڵەکردن ووتی «من هەڵە دەکەم کەواتە هەم» بۆیە مەبەستی بوو بڵێت ئەگەر مرۆڤی مۆدێرن مرۆڤێکی بیرکەرەوەیە، وەك دیکارت خستبوویە ڕوو، ئەوا مرۆڤی دۆخی پۆست مۆدێرن، بوونی وابەستەی هەڵەکردن دەکات، هەڵبەت لەو کاتەدا تێڕوانینەکانی دەیگەیاند بەماناو دیدی جیاواز.

لەشانۆشدا دیارترین هەوڵی لەمجۆرە ئیشکردنی ئیلیا کازان بوو لەسەر ستانسلافسکی لە شانۆی لنکۆلن سنتەر، دەیەوێ تێگەیشتنی شانۆی ئەمریکی بۆ بنەماکانی نواندن لەلای ستانسلافسکی بەتەواوی بگۆڕێت، بۆیە دەڵێت «من دژی ستانسلافسکی نیم، بەڵکو دژی تێگەیشتنی ئەمریکیەکانم بۆ ستانسلافسکی» بەوەش لەسەر دەقی یەکەم (تێڕوانینی ستانسلافسکی) دەقـی دووەم (تێگەیشتنی کـازان بۆ ستانسلافسکی) بەرهەم دێنێت، کە خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، خەسڵەت ومانای جیاوازی گرتۆتە خۆی، کە ببێتە تایبەتمەندیەتی عەقڵی ئەو شانۆیە، شانۆی ئێمە پێویستی بەدەنگێکی خوێنەواری ڕەخنەیی هەیە بـێ سڵەمینەوە بـاس لەشکستی گوتارو ئـەو زەمینەیە بکات کە شکستی بەرهەم هێناوە، پێویستە چەمکی موقەدەس لەخوێندنەوەی ئەرکیۆلۆژیی بخاتە نێو هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری گوتاری موقەددەسەوە، بەبێ هەڵوەشاندنەوەی سێنترالیزمی ئەو عەقڵە سەختە بتوانین ڕابردووی ستایشکارانە بخوێنینەوە.

پێویستمان بەخوێندنەوەی نەستی ئەبێت بۆ ئەرکیۆلۆژیای عەقڵی شانۆکاری کورد، چونکە نەستی شانۆکاری ئێمە لەکاردا نەبووە، فرۆید ووتویەتی «مرۆڤ ناتوانێ بەتەنها خودی خۆی بناسێ» ئامادەبوونی نەست وخوێندنەوەی زەمەنی نائاگایی گەیشتنە بەپرسیاری شکست لەگوتاردا، بەڵام ئێمە هاتووین بۆ ناسین گرفتی شوناسی نەتەوەیی وزمانەکەمان کردووە بەهۆکاری شانۆکاریمان، نەوەکو پرسیاری شانۆیی ئێمەی هێنابێتە ئەو پانتاییەوە، ئاگایی ئاسۆیەکی مردووی بەشوناسی نەتەوەیی داوە، نەیهێشتووە نائاگایی عەقڵی بیرکەرەوە بچێتە ناو پرسیارە شانۆییەکانی، بەڵکو بازنەیەکی وەهمی بۆخۆی درووست کردووەو ناوی ناوە شانۆی کوردیی، بازنەیەك هێشتا خەڵکانێکی زۆری پێ فریوو دراوە، ئەوە ئامادە نەبوونی فیکرە لەدەربڕین، ئایدیۆلۆژیا دێت ودەیەی هەشتاکان بەناوی خەمی نەتەوەیی وەك دەرخستنی هەڵوێست شانۆی پێ دەکوژرێت، ئەو گوتارە شانۆییە لەسەر مردنی زمانی شانۆیی کاری کردووە.

زمانی شانۆیی ئێمە زمانێك نیە وابەستەی مەعریفەی شانۆیی بێت، بەڵکو زمانێکە ئایدیۆلۆژیا داگیری کردووە، بۆ ڕزگار بوون ئەوە دەبێت وەك د. رۆبان کار بکەین، کە بڕوای وابوو زمانەوانی هەموو ئەو بەهایانە لەدەست دەدات، تەنیا کاری ڕووتکردنەوەی بونیادی ناوەکیە لەئایدیۆلۆژیا، بەڵام پێی وایە بەهیچ شێوەیەك وەوزیفەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ وەرگر ڕوون ناکاتەوە.

لەم تێگەیشتنەوە ئەوە دەخەینە ڕوو، شانۆی ئێمە دەشێت شانۆیەك بێت بەهەوڵی تاكانە ئیش بكات لەسەر شوناس، نەوەك كۆبوونەوەمان بێت لەسەر خوانی كەلەپوور وگرفتە ئایدیۆلۆژیی ونەتەوەییەكان بەناوی كوردبوونەوە، شانۆكەشمان دووبارەكردنەوەیەكی مۆزەخانەیی بێت، بەڵكو شانۆی ئێمە دەبێت ڕابردوو وەك هێزێك لەپشت عەقڵی بكەرەوە كار بكات، نەوەك ڕابردوو بەپیرۆز بكات، بۆ بەرهەم هێنانەوە ی لەناو نمایشی شانۆییدا.

شانۆكاری كورد ئەوەی بیر چووە فیكر حەقیقەتێكی هەیە، ئەویش سیستمی فیكر پەیوەستە بە زەمەنێكی دیاریكراو كە زیاتر چەمكێكی مێژوویی هەیە، ئەو پێویستی بە زەمەنێكی فەلسەفی هەیە، كە سیستمی فیكریی لا بكات بە سیستمی مەعریفی، چونكە بەردەوامی كاركردن سەركێشیەكی دۆنكیشۆتانەیە، كە لەمانا ودەلالەت تێكەڵن، زمان وپەیوەندیی بەراووردكاریی سەرباری ئەو دابڕانەی كە نەچێتەوە سەر دووبارە كردنەوەی مێژوو، بەڵكو دابڕانێكی ئەبستیمی دەخوڵقێنێت.

ئەركیۆلۆژیای شانۆ لەبەرامبەر ئەو ڕابردووە دەبێت ئیش لەسەر جەستەیەكی مردوو بكات، تاوەكو دەگات بەهۆكاری مردنی ئەو ڕۆحـە، گەیشتن بە ڕۆحـی شانۆ ئیشكردنەوەیە لەسەر زیندووكردنەوە، زیندووكردنەوەی ئامادەبوونی جەستەیەكی خوڵقێنراوی گوتارە شانۆییەكەمانە.

ئەگەر ڕابردوو زمانی ئاخاوتنی نێو ژیانی ڕۆژانەی كرد بە زمانی شانۆ، لەوەشدا وێنەیەكی كاریكاتۆری بەشانۆ بەخشی، دواتر

ئەو وێنەیە بارگاوی کرا بە ئایدیۆلۆژیاو شوناسی نەتەوەیی، کە لەبوونی دەسەڵاتی کوردیشدا ئەو وێنەیە بەبێ ویستی کەس بەتاڵ بۆوەو سەردەمێکی نوێ ڕاگەیاندرا کە بەسەردەمی مەرگی شانۆ ناویان برد.

ئەوە مردنی شانۆ نەبوو، مردنی زمانێك بوو لەشانۆدا، بۆیە ئەرکیۆلۆژیا دێت ئیش لەسەر ئەو زمانە دەکات، تاوەکو دەلالەتە کەشف نەکراوەکانی ئەو زمانە بخاتە سیاقی ئەو شانۆیە، بۆ ئەوەش ڕووبەرووی ئەو پرسیارە دەبینەوە: چۆن زمانی شانۆیی دەدۆزینـەوە؟ دۆزینەوەی ئەو زمانە بونیادی ئەرکیۆلۆژیای نمایشە یا پرسیارێکیترە بۆ تازەگەری؟ کەوابێت پرسیاری تازەگەری پەیوەندیی بە بونیادی زمانەوە چییە؟

زمان دۆزینەوەی چێژی دەقە بۆ ئاشکرا کردنی مانا، ئەوەش مێژووی ئەو بە تازەگەری دەبەستێتەوە، ئەوەش ئاراستەی ئەو پرسیارەیە کە تازەگەری زمان بەرهەم دێنێت، یا زمان لە کەینونەدا شوێنێکی لە بیرکردنەوەمان داگیر کردووە؟ بۆیە ناتوانین یەك لەو دوو بونیادە فەرامۆش بکەین، چونکە گەر زمان بیەوێ بەرگێکی تازە وەبەر خۆی بکات تا بەرەو سست بوونی چالاکیەکان نەچێت، ئەوا تازەگەریش لەنێو خانەکانی گەشەکردندا بەدوای زماندا دەگەڕێت تا شوناسی زمان وەدەست بێنێت.

بۆیە لە ساتەوەختێکی وادا تازەگەری ئەرکیۆلۆژیای نمایش دەگۆڕێ بۆ ئەرکیۆلۆژیای زمان، چونکە بە هەڵکۆڵینی زمان جەستەی تازە بنیات دەنێت، کە زمانێکی نوێیە، واتە جەستەیەکی درووستکراو نییە، بەڵکو ئەنجامی بەردەوامی وپێکەوە کارکردن وشەونخونیانە لەیەك تەوەردا کە شانۆیە، بۆیە دەبێ ڕووبەرووی پرسیاری ئاشکرا کردن ببینەوە، کە مەبەست لەو زمانە نوێیەی شانۆ چییە؟ وێنەی گەیاندنی زمان ئەو وێنە دەنگییە کە هەیە، یاخود وێنەیەکی تری زمانە؟ دیارە ئەرکیۆلۆژیای نمایش ئەو بۆچوونە سەرەتاییە دەڕووخێنێ کە زمان وێنەی (ئاخاوتن/ ووشە) بگەیەنێت، وەزیفەی زمان تێگەیشتنە لەوەی تر و بە پێچەوانەوەش، چونکە وەك ئەندریە مارتینیە دەڵێ «زمانەوانی توێژینەوەیەکی خودییە بۆ ئاخاوتن لای مرۆڤ» (الالسنیة وتحلیل النصوص الادبیة/ حاتم الصکر، أفاق عربیة العدد (٣) أذار ١٩٩٢) ئەوە سەرەڕای ئەوەی وەك بارت

دەڵێت «بەشێکی تاکە لە زمان وناتوانین بە جەستەی زمان بیناسین» (أتجاهات النقد الادبی الفرنسی المعاصر/ نهاد التکرلی، الموسوعة الصغیرة (بغداد) ١٩٧٩ ).

لەبەر تیشکی ئەو تێڕوانینەدا دەپرسین: زمان لە شانۆیەکی بێدەنگ چیە؟ ئایا بووەستین وهاوڕابین لەسەر ئەو بۆچوونەی کە شانۆی بانتۆمیم زمانێکی دەوڵەمەندەو پێویستی بە زمانی تر نییە؟ ئەوە سەیر نییە کە بڵێین زمان لە بانتۆمیم زمانێکی ئاشکرایە وهەرگیز بە بینەر نامۆ نییە، چونکە زمانێکە سەرباری جولە وئاماژە، بەڵام جولەیەکی ئاشکرایە ونائاشکرای بۆ جەستە هەڵنەگرتووە، هەرچەندە سەرەتای بینین بینەر ڕووبەڕووی قورسیەك دێتەوە، بەوەی لە دەیالۆگی بیستراو دێتە نێو جولەی بینراو، بەڵام کاتێك چەند ئەزموونێکی لەو چەشنەی بینی، ئیتر زمانەکە لای ئاسایی دەکەوێتەوە وهیچ زەحمەتیەك لەو زمانە نابینێ، مەبەست لە زەحمەتی سادە بوونەوەی زمانە لەنێو کاییەکی هونەریدا، چونکە ئەوسا بەو ساکاریە لە جولە حاڵی دەبێ وئەکتەر دەخوێنێتەوە، وەك ئەو خوێندنەوەیەی ئەکتەرە کە ووشەمان ئاراستە دەکات.

ئەوسا تازەگەری هەموو سیفاتەکانی خۆی وون دەکات وپێویستی بە دۆزینەوەی زمانێکی تازەیە کە لە توانایدا بێ خوڵقاندن بێنێتە کایەوە، ئەوەش بە گەڕان بەدوای ئەرکیۆلۆژیای زمان دێتە دی، چونکە هەست دەکەین زمان لەکار کەوتووەو دەبێ بەدوای زیندووکردنەوەیدا بگەڕێین، مردنی زمانیش مردنی نمایشی شانۆییە، دەبێ تازەگەری بۆ بنیاتنانی ئەو جولە شانۆییە ڕەوتی کۆمەڵایەتی

سەرەو ژێر بکات، وەك مارسیل مارتن بە زەمەنی سەرەوژێر بوو ناوی دەبات، کە دەیەوێ بۆ گەڕانەوەی ڕابردوو مێژوو بە ڕوانینی فیزیکیە ئاراستە کراوەکانیش بگەڕێنێتەوە، تا زمان وەزیفەیەکی تازە بۆ ئاراستەی گوتار دەست نیشان بکات، پێشتر ئەو زمانە نەووتراوێك بووە لەپشت هیچ ووتـراوێـك هەستمان بە هاتنی نەکردووە، وەك چۆن پەککەوتەکانیش مەترسییان لەخۆشاردنەوە لەودیوو ووتراو نەبووە.

ئەگەر شانۆی توندوتیژیی پێی وابێت نمایش ئەو تاعونەیە دەبێت لە ساتەکانی نمایش بتەقێتەوەو بینەر لەنێو ئەو پیساییە ڕزگاری بێت، ئەوا زمان ئەو نەووتراوەیە لە گەیشتنی بە قۆناغەکانی نمایش بەرەو تەقینەوە دەچێ کە ووتراوەکان وێران دەکات، هاتنە بوونیشی واتە نمایشێك لەنێو سۆسیۆلۆژیای دەقەوە دەمانگوازێتەوە بۆ فەلسەفەی شانۆو خوێندنەوەی سیمیۆلۆژیای جەستە، کە تازەگەری وزمان نمایش ناو دەنێن گوتاری فەلسەفی شانۆ.

زمان لەناو بونیادی نمایشی شانۆیی چەمکێکی قووڵی فەلسەفی بە جەستەی شانۆ دەبەخشێ، ڕەهەندێکی فراوان بە بەهاکانی پانتایی نمایش دەگەیەنێت، هەڵبەت ئەوەش بۆ دەلالەتی زمان دەگەڕێتەوە، وەك سۆسێر ووتی «زانستێکە زیاتر دەلالەت لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەکۆڵێتەوە، ئەوەش زانستێکە لە کۆمەڵی دەلالـەت وزمـان و ئاماژە وکۆدەکان پێکهاتووە، بەشێك لە زمانەوانەکانیش دەلالەت ناسی بە سیمیۆتیکا ناو دەبەن» (الدلالة المسرحية– د. سامية أسعد، عالم الفكر.. العدد (٤) ١٩٨٠)

لەو کاتەدا وەزیفەی نمایش نابێتە کۆمەڵکردنی شتە دەرەکیەکان ونمایشکردنەوەی وەڵامەکانی دەسەڵات، بەڵکو دێت پرسیاری فەلسەفی لەنێو نمایش ئاراستەی وەرگر دەکات، ئەو دێت دەقێك دەنووسێتەوە ئاراستەکانی بەرەو تەئویلی خوێندنەوە بەرێت، نەوەك دەقی نووسراوی تاکتەفسیری بێت.

نوسینی دەق لەکاتی مەشقدایە، نەوەك دەقێکی نوسراو بێت، بەڵکو دەقی نوسراو دەکات بەپرۆسەیەك بۆ ئەرکیۆلۆژیای جەستە، دۆزینەوەو پشکنینی هێماکانی جەستەیە لەقوڵایی ناخی شاراوە، گەیاندنی دالە بۆ پرۆسەی وەرگرتن، بینین زمانی نمایش دەکات بە گوتاری شانۆ، لەو ساتەدا مرۆڤ بەرەو رابردوی ئەو زمانە دەگەرێتەوە، زمانی مرۆڤی سەرەتایی، ئەوەش گەرانەوەیە بەرەو یادو کۆکردنەوەی ئاماژەکانی نەستە لەنێو ئەبستیمێکی شانۆییدا، تیایدا جەستە بەرەو چەمکە ئاڵۆزو فەلسەفیەکانی ئەفسانەمان دەبات، روخانی ستراکتۆریەتی شوێنە لەنێو مانادا، مانا لەنێو چەمکە مێژوویەکان دەگۆرێت بۆ رەهەندی فەلسەفی، کە مردن دەلالەتێکی تازە پێك دێنێ بە گۆرینی بایەلۆژی مەرگ بۆ وەستانی زەمەن، ئەوەش گۆرینی واقعیەتی زەمەنە بۆ ئەو جیهانەی ناکۆتایە، بەتاقە گریمانەیەکیش هیچ سنورێك دەلالەتەکان ناکوژێت، بەڵکو گەشتێکی ئەفسوناویە لەنێو مەعریفەدا کە پانتایی نمایش دەبێ بەدارشتنەوەی میتۆلۆژیای جەستە.

ئەوەش نوسینەوەی خەیاڵ وتەقاندنەوەی دیدگایە لەنێو وێنەی شانۆییدا، چەمکی باوی دەق وەلادەنێ، کە جیاکردنەوەی

نمایشه لەدەقە، بەواتای دەرهێنانی شانۆیی خوێندنەوەی ڕووبەری نەخوێنراوەی دەقە، نووسینەوەی سەر لەنوێی دەقە لەڕێگەی دەنگ وجەستەی ئەکتەر ودارشتنەوەی بۆشایی شانۆ، گەڕانە بەدوای زمانێکی شانۆیی، بەڵام لەو کاتەدا ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە ڕەخنەییە دەبینەوە کە ئاخۆ ئەو زمانە مەبەست لەلای داهێنەران و تیۆریستانی شانۆیە؟ یاخود زمان بەدوای پرۆسەیەکی ئەرکیۆلۆژیەوەیە بۆ خوێندنەوەی ئەو تیۆرانە، بەمەبەستی دۆزینەوەو پشکنینی نوێ لەسەر زمانی تیۆرەکان؟
ئەرکیۆلۆژیای زمان بەرهەمهێنانەوەی زمانی ئەو تیۆرو میتۆدانە نیە، بەقەد ئـەوەی ئیشکردنەوەو خوێندنەوەی تیۆرەکانە لەرووبەری نمایش، بۆ ئەوەی بتوانین زمانی تر بنیات بنێین، پەیوەندیی تازەگەری بە زمانەوە دووبارەکردنەوەی میتۆدەکان نیە، هێندەی هەڵکۆڵینی میتۆدە بۆ ئەوانەی بەر لەئێمە ئەوان پێی نەگەیشتن، دیارە کەرەستەکان بوونیان هەیە، ئەوەش وای کردوە کۆمەکێکی باشمان بکات، کاری ئێمە چۆنیەتی ئیشکردنەوەیە لەسەر ئەو میراتە شانۆییەی لەبەردەستدایە، گرفتەکە بۆ شانۆکاری کورد لەوێدا بووە خەونی بە بەرهەمهێنانەوەی ئەو میراتە بینیووە، لەو کاتەشدا پرسیاری نەبووە لەمیتۆد، هێندەی میتۆدی وەك پیرۆزگەرایەك بینیووەو بەجێی گەیاندووە، گرفتی شانۆکار دەبێت لەئیشکالیەتی نێوان تازەگەری وزماندا خۆی بخاتە ڕوو، کە گرفتێکی میتۆدیی وئەرکیۆلۆژیە لەڕووبەری نمایشی شانۆییدا.
تازەگەری دەیەوێ شکست بە گوتاری مانەوە بێنێت، هەرەمی

زمانەکەی بڕوخێنێ، چونکە هەوڵێکە بۆ سڕینەوەی یادەوەری ئەو زمانە، ئەوە بەگژدا چوونەوەی ڕابردووە، هەستکردنە بەڕابردوویەك کە بزاوتی ئەو بزووتنەوەیەی پەکخستووە، ئەو سەرکێشیە هەوڵە بۆ ئەوەی لەناو مانەوە لەبەردەم تەرمی شانۆکەمان دانەنیشین، دەنا وەك کانت لەتێکستە فەلسەفیە ناسراوەکەیدا نووسیویەتی «گەلێك سووك وئاسانە مرۆ بە ئیفلیجی بمێنێتەوە» (سەردەمی ڕۆشنگەری چیە؟/ ئەمانۆیل کانت، ئازادی ژمارە (٤) ی ١٩٩٤)

گرفتەکە لەوێدایە یادەوەری شانۆکاری کورد، یادەوەری کائینێکە کە خەریکی شانۆیە، شانۆی ئەنجامداوەو زۆری بەرهەمەکان خۆی شاگەشکە کـردووە، ئێستا کەبەسەر ئەو ئەرشیفەدا دێتەوە، ناوی سەردەمی زێڕینی لێ دەنێت، زێڕین بوونی ئەو لەژمارەی بەرهەمەکانە، نەوەك لەئاستی شانۆکەیدا، بۆیە ئەو دەمەی بزووتنەوەی ئەزموونگەری بەدوای ناوەڕاستی هەشتاکان سەرهەڵدەدات، تۆمەتەکانی ئەو گەورەتر دەبن، بە ئارەزووی گەنجان ودوور کەوتنەوە لە ڕەسەنێتی ناوی دەبەن، بێ ئەوەی پرسیاری ئەوە لەخۆیان بکەن، توانای گەنجان ڕووبەڕێکە بۆ بیرکردنەوە، بۆ ئەوەی وەك ئەو ڕابردووە نەمێننەوە، جیاوازی نەوە نوێکان لەگەڵ ئەوانەی بیر ناکەنەوەو ڕازین بەو دۆخە، مانای مانەوەیە لە دۆخێك کە بڕوایان بە سەردەمێکی ڕۆشنگەر بۆ شانۆکەیان نیە، بۆیە وەعزو حیکمەتەکانیان لەوەدا کۆدەکەنەوە «بیر مەکەنەوە.. ئەرکەکانتان جێبەجێ بکەن» (سەردەمی ڕۆشنگەری چیە؟/ ئەمانۆیل کانت) ئەوە تراژیدیای نەوەی دامەزراندن وئەوانەیە کە خەونی بەرابەر بوونیان هەیە لەشانۆی

ئێمەدا، لەکاتێکدا دەبوو ئەوان باوەش بۆ ئەو تازەگەرێتیە بکەنەوە، چونکە گەشەسەندنی بزووتنەوەکە وابەستە نەدەبوو بەچەند ناوێکەوە، بەڵکو چۆن خەوشەکانی بۆ هەمووانە، گەشەسەندنەکانیشی بەهەمان شێوە دەبوو، ئێمە تا ناوەراستی هەشتاکان و دەرکەوتنی شانۆی ئەزموونگەریش شانۆکاری رۆشنگەرمان نیە پێمان بڵێت «تا دەتوانن بیر بکەنەوە، لە چ شتێکیش بیر دەکەنەوە گرنگ نییە» (سەردەمی رۆشنگەری چیە ؟/ ئەمانۆیل کانت).

تـازەگـەری دەیـەوێـت بیرکردنەوە لەزمان بکات بەپرۆژەی کارکردن، هەر لەسەرەتاوەش خوازیاری ئەوەیە دەست نیشانی ئاماژەی نادیاری زمان بکات لەنمایشی شانۆییدا، زمانی شانۆیی ئێمە لە نادیارەوە نەهاتووە، چونکە ژێرخانی رۆشنبیرییمان زمانی نەهێناوەتە نێو شانۆ، بەڵکو ئـارەزووی لاسایکردنەوە هێناویەتی، لەکاتێکدا گەشبینی ئەو خەونەی هەبوو خۆی بە نادیاری زمان زانی، بۆیە شانۆکاری کورد کائینێك نەبووە، خەمی هەبێت هەست بە برین بکات، هەمیشە گەشبین بووە بە وەهمی شوناس و رەسەنێتی، تازەگەری بەئاگاهاتنەوەیە لەو وەهمە.. رووبەروو بوونەوەیە لەگەڵ ترسێك کە ئەوەی بەلایانەوە خەون بوو، خەونەکەیان لەبەردەم هەرەشەدایە بەبێ ئەوەی کار بۆ ئەو هەرەشەیە بکەن، بەڵکو دێن تۆمەتی ئەخلاقی بۆ تازەگەری دادەتاشن، ئەو وێنە کاریکاتۆریە دەبێتە وێنەی راستەقینەی نەوەی رابردووی شانۆکاری ئێمە.

هاتنی تازەگەری رووکردنە دەقی رەخنەییە، چونکە ئینتیماکردن

بۆ تازەگەری بەپێی چەمکی مێژووی تازەگەری گوتارێکی مردووە، ئەگەر بێت ولەگەڕان وئەرکیۆلۆژیای ئەو تازەگەریە نەبێت، چونکە دەبێ ستراتیژی تازەگەری دۆزینەوەی زمانێکی تویٚ بێت، چی دەڵێی گوتار مەبەستی نەبێت، بەقەد ئەوەی چی دەکات وکردەی گوتارەکە لەدەقە ڕەخنەییەکە بەهای نمایش دەردەخات، کاتێ دەمانەوێ لەپشت زمانی ئەزموونەکان کار بکەین، دەبێ ئەوە بزانین کە لەپشت هەموو نەبینراوێك.. بینراوێك هەیە وخوێندنەوە بەرهەمی دێنێت، ئەوەش لەنێو خاڵی زماندا دوو هێلی هاودژ بەسەر زۆرینەی هەوڵەکانمان دێنێ، چونکە تازەگەری لای ئێمە ڕاکردن بووە لە گوتاری مانەوەو شکستی ئاراستەی نواندن، ئەوەش هەوڵدانێك بووە بۆ خوێندنەوەی جەستە وڕزگارکردنی جەستە بووە لەنێو بێلایەنی نمایشدا، کە توانای نەبووە لە نەبیستراو بیکاتە بیستراو.

ئایا تازەگەری پرسیارە لەئێستابوون یاخود ڕەخنەیە لەدوێنێ؟ ئێمە لەبەرامبەر ئەو دوالیزمەی پرسیار ناتوانین بەسەر لایەکدا بشکێینەوە، چونکە پرسیار لەئێستابوون واتە بنیاتنانی دەقی ڕەخنەیی، ئـەوەش خۆی دەخاتە ژێر توێژینەوەی ڕەخنەیی، دەیەوێ ئەمڕۆ بەردەوام نەبین لەسەر ئەو هەموو هەوڵانەی تا ئەو ساتە بێدەنگیمان لێی کردووە، بەڵام ئاخۆ ڕەخنە ئاراستەی کێ دەکەین لەکاتێکدا هەمووسان بەمانەوەی شکستی ئەو شانۆیە ڕازی بین؟ ئایا ئێمە پرسیارەکانمان ئاراستەی وەرگر بکەین وکەسی شانۆکاریش کار بۆ ئەو پرسیارە بکات؟ ئەو کاتە چیمان کردو بۆچی دەدوێین؟ ئەوە دیسان نائومێدمان دەکات لەوەی بۆ کێ دەئاخڤین؟

لەکاتێکدا دوێنێ دەخەینە بەردەم ڕەخنە، ئێستاش لەنێو پرسیاری تازەگەری دەبێت، چونکە ڕاپەرینی بەهاری نەوەت ویەك مردنی دەسەلاتی تازەگەری بوو، نەك بەو مانایەی تازەگەری هەبوو، بەڵکو ئومێدمان بەگەیشتنی هەبوو، بەڵام ڕاپەرین کوشتی، چونکە دەکرا لەگەڵ ڕاپەرین ئیتر ئێمە ئەزمونکار نەبین، چونکە قۆناغی ئەزموونگەری لەناوەڕاستی هەشتاکانەوە دەرکەوت، لەگەڵ ڕاپەرین بەرەو پرسیارەکانی تازەگەری کار بکەین، ئەو بەرەو ئازادبوونی بردین.. ئازادبوون لەدەست فاشیزمی عەسکەری بەعس، ئەوە دەرفەتێك بوو تاوەکو بتوانین خوێندنەوەی ڕەخنەیی بۆ بونیادی عەقڵی و کولتوریمان بکەین، وەك هەوڵدانی گۆڤاری ئازادیی لەئاستی بیرکردنەوەی کوردیدا، کەچی لەشانۆدا پڕۆژەی لەو شێوەیەمان نەبوو.

شانۆ ڕووبەرووی ئەزمەیەکی ترسناك بۆوە، لەبری ڕاپەرین بەسەر عەقڵی متبووی ناو شانۆکانمان، کەچی هاتین شانۆمان تەسلیمی شەقامەکان وریێکخراوە حزبیەکان کرد، کە تازەگەری بانگەشەکردن بوو بۆ مردن لەعەقڵی شانۆکاری کورد، تا دەرکەوتنی شەڕی کوردیی ئەو شەڕەی حزبەکان دنیای کوردییان دابەش کردە سەر دوو دنیای هاودژ، کە لەبنەڕەتدا دوو دنیای لەیەکچوو بوو، بەدوای ئەوە شانۆی ئێمە بەرەو ڕەوتێکی ئەبسێردانەی شانۆ هەنگاوی نا، بەتایبەت لەناوەڕاستی نەوەتەکانەوە تا ناوەڕاستی دوو هەزار، واتە لەماوەی دەساڵدا، شانۆ ڕەنگدانەوەی ئەو ترس و بێبەهاییەی شەڕ بوو، کە تائاستێکی دەست نیشان کراو، توانی

ڕووبەڕووی پرسیاری مرۆڤی کوردیی ببێتەوە، وەك چۆن هەوڵیشی دەدات پرسیارە شانۆییەکانی خۆی ئاراستەی ئەو دنیایە بکات، بەڵام نابێت ئەوەمان بیر بچێت، ئەو پرسیارانە چەندە هەڵگری تازەگەریش بووبن ئاخۆ چ تازەگەریەك بووە ئەوان هەڵگری بوون؟ ئاخۆ تازەگەریەك بوو بەرهەمی ئەو ساتەوەختەبوو لەفەزای دنیای شانۆی ئەبسێرد دەمایەوە؟ یاخود پرسیاری هەنوکەیان دەگۆڕی بە پرسیاری نەمریی شانۆیی؟

ئەگەر بەپێی چەمکی بۆدلێر بڕوانینە تازەگەری لەڕەوتی ئەزمونکاریانەی شانۆمان، ئـەوا دەکەوینە ناو ڕەخنەیەکی زانستیەوە، بەوەی چەمکی نەمریی وونە ولەشوێنیدا چەمکی کاتی شوێنی گرتۆتەوە، بۆیە ئەوەی لەدۆخی شەڕدا بەرهەم هات، هەوڵێکی تازەگەریانەی کاتی بوو، کە نەیدەتوانی بەسەر خۆیدا پرسیار ڕووبەڕووی شانۆ بکاتەوە، بەقەد ئەوەی هەڵگری پرسیاری مرۆڤی کوردیی بوو بۆ ئەو قۆناغە، بۆیە دواتر لەگەڵ ئازادبوونی ئەو چەپاندنە جەستەیی ودەیالۆگی ناو تێکستەکان خۆشیان بەرەو ئەزمونیتر هەنگاویان نا.

هەڵبەت ئەو تازەگەریە گەر هەڵگری چەمکێکی نەمریی بوایە، ئەوا دەبوو ئەو تازەگەریە بەرهەمهێنەرەوەی زەمەنی فەلسەفی بوایە لەناو گوتارە شانۆییەکە، ئەگەر کارەکتەرەکانی شانۆی ئێمە بەخۆشمانەوە دڵنیاییمان هەیە بەوەی هەڵگری تازەگەریەکی نەمر بووینە دەبێت بپرسین: کام چەمکی فەلسەفییە لەپرۆژەی تازەگەری ئێمەدا کە ئاراستەی مانا لەودیو نەوتراوی فەلسەفە دەست نیشان دەکات؟ ئێمەی نـەوەی ڕاپـەڕین کەبەدوای

قۆناغی شــەڕی کوردیی لەشارە جیاوازەکان کارمان کرد، چەمکە فەلسەفیەکانمان کردە پەراوێزێك بۆ چەمکی کاتی، چەمکی کاتیش وەك بۆدلێر بڕوای وابوو «لەناو دەچێت، ڕێگا خۆشدەکات بۆ چەمکێکی تری کاتی وشێوەیەکی تری تێپەڕ، تا جێگای بگرێتەوە» (ئیمبراتۆریەتی وەهم/ بەختیار عەلی، رەهەند ژمارە (٥) ی ١٩٩٨) هەمیشە تازەگەریەکی کاتیّ توانای ئەوەی هەبووە، لەقۆناغێکدا نوێنەرایەتی شانۆ بکات، تازەگەری نەمر پەیوەستە بە رۆحی ئەفسانەو گەرانەوە بۆ ناو فەلسەفەو گرفتە ئەنترۆپۆلۆژیەکانی مرۆڤ لەگەڵ ئاین و پەیوەندییان بە بوونەوە، ئەو کاتەش دەبێت هەڵگری پرسیاری ئەخلاقی وجوانکاری و فیکریی خۆی بێت، لەیەکەیەکی گوتاری شانۆییدا چڕی بکاتەوە، ئەو گوتارە دەبێتە خاوەنی زەمەنی خۆی بێت، کە زەمەنی بیرکردنەوەی شانۆییە، زەمەنێك پرۆسەی ئەرکیۆلۆژی بەرهەمی دێنێت، ئەوەش ئەرکیۆلۆژیای نمایش دەکات بە ئەرکیۆلۆژیای زمان، وەك ستراتیژی گوتاری شانۆ سەیری دەکەین.

ئەگەر لەو دیدە فۆکۆییەوە سەیری گوتار بکەین، دەبێت گوتار بەو دالە ببینین کە نمایش ئاراستەی وەرگری دەکات، دالێکە لەنێو ئیشکردنەوەی زمان ویەکەی نمایش، بەواتای گوتار وەك ئەو پرۆسە ئەرکیۆلۆژیە دەبینین کە شانۆ لەنێوان زمان ونمایش دەباتە نێو ئەرکیۆلۆژیاوە، خۆ ئەگەر لەتێروانینی (محەمەد عابد جابری) ش، گوتار بێنینە نێو پرۆسەی نمایشی شانۆیی، ئەوا دەتوانین گوتاری یەکەم بە گوتاری ژێرخان ناو بەرین، کە پێکهاتەی چیرۆك وبونیادی درامی و وێنەی نووسراوە، نووسینەوەی وێنە هەوڵێکی ئەرکیۆلۆژیە بۆ بەرهەمهێنانەوەی وێنەی شانۆیی، وێنەی نووسراو

هەوڵێك وزەمینەیەكە دەرهێنەر لەساتەوەختی كاركردن دەیەوێت نووسراو هەڵبكۆڵێت ولەسەر شوێنەواری ووشە وێنەی شانۆیی بنیات بنێتەوە، ئەوەش بونیادی پێكهاتەی گوتاری یەكەمی جابریشە، توانای دۆزینەوەی گوتاری دووەمی هەیە، ژێرخانی گوتاری یەكەم فرێدانی ئەو دالەیە بۆ وەرگر، لەگوتاری دووەمدا هەوڵی بەشداریكردنی وەرگر دەدات بۆ دۆزینەوەی نەووتراوەكان، ئـەوەش روونـی ستراتیژی گوتارە، كە تا ئەو ساتەوەختەش شانۆی ئێمە كاری تیا نەكردووە، هۆیەكەشی ئەوەیە، پێویستمان بەنێوەندی توێژینەوەیی شانۆیی هەیە لەهەردوو ئاستی تیۆریی وپراكتیكی كە دیارە ئەو كارە دەبێت دامەزراوەی شانۆیی تایبەت وهەناسە درێژ بێت و نەبێتە شێوەی بەرێوبەرایەتیەكانی شانۆ كە فەرمانبەری بۆ دابنرێت، نەوەك شانۆكار كاری تیا بكات وسەرقاڵ بكرێت بە ئالیەتی بەرێوەبردنی نمایشێك و ساڵانە فێستڤاڵ وكۆمەڵە نمایشێكی شانۆیی ببێتە خەمی ئەو دامەزراوە، بەڵكو ئەو دامەرزاوە پێویستی بە شانۆكاری بیركەرەوە هەیە، كەئ یش لەسەر ئاستەكانی گوتاری شانۆ بكات، بەگژ گوتاری رابــردوودا بچێتەوە، سەر لەنوێ بپرسێت: شانۆ چیە؟ كێ شانۆكارە؟ شانۆكاری كورد وئەركیۆلۆژیای شانۆ لەچ ئاستێكدا یەكدەگرنەوە؟

## شانۆکاری کورد وئەرکیۆلۆژیای شانۆ

کاتێ ڕووبەرووی پرسیارو گومان ئەبینەوە لەبەرامبەر ڕابردووی بزووتنەوە شانۆییەکەمان دەبینین ئیدی بەپێی ئەو مێژووە دەبوو شانۆ ڕەگێکی پۆلاینی لەکۆمەڵگادا هەبوایە، چونکە بەپێی قۆناغەکان ئەم شانۆیە گەشەی کردووە تائاستی ئەوەی ویستوویەتی لەچەندین هەوڵی جیاواز گوتارە شانۆییەکە بە ئاقاری تردا بەرێت، کەچی دەبینین ئەمڕۆ شانۆ لەکۆمەڵگای ئێمەدا بوو بە هونەری نوخبە، بۆیە شانۆ لەئێستا دامەزراوێکی نوخبەوییە، کاتێ لەو دامەزراوە بدوێین پێویستە دوان قسەکردن بێت لەسەر ساتەوەختی قۆناغە مێژوویەکان، کە تەواوی قۆناغەکان وێنەی ئەو نەخشەیەمان بۆ پێك دێنێت کە تەواوی هەوڵەکان بە بزووتنەوە شانۆیەکەمان ناو دەبەین، هەڵبەت لەم نێوەندەدا زۆر باس لە قۆناغی هەفتاکان دەکرێت، بە سەردەمی زێڕین ناوی دەبەن، کاتێ سەیری ئەو ئارگۆمێنتانە دەکەین، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی ئەو ناوبردنە بەرەنجامی ژمارە زۆری نمایشەکانە، نەوەك ئاستی هونەری نمایشەکان، تەنانەت ئەو ووتارە دەگمەنانەش کە لەو قۆناغە نووسراون ئاماژە بۆ ناوەڕۆکی نمایشەکان دەکەن نەوەك بۆ ئاستی هونەری بەرهەمەکان، بیریشمان نەچێت گوتاری ڕەخنەیی بەرەنجامی پێشکەوتنی ئاستی نمایشەکانە، لەکوێ شانۆ بەرەو پێش ڕۆیشت ئەوە گوتاری ڕەخنەیی دەرگا بۆ پێشڤەچوون لەئاستی بزووتنەوەکە دەکاتەوە، بۆیە ئەو حاڵەتە زیاتر لەسەر قۆناغی هەشتاکان ڕەنگی داوەتەوە، لەگەڵ سەرهەڵدانی یەکەمین ئەزموونەکانی شانۆی ئەزموونگەری دەبینین ڕەخنە دەیەوێت

لەئاستێکیترەوە قسە بکات کە پەیوەستە بە خوێندنەوەی ڕووبەرە ئاشکرا نەکراوەکانی نمایشی شانۆیی، ئەوەش لەنووسینی ئەو شانۆکارانەی ئەو قۆناغە تێبینی دەکەین، ئەگەرچی هەوڵەکان هەندێکجار سادەو پەخشانئامێز دەکەونەوە، بەڵام سەرەتایەکی زانستی لەخۆ دەگرن بۆ ئەوەی لەهەر کاتێکدا شانۆ بەرەو پێش ڕۆیشت ئەوا گوتارە ڕەخنەییەکەش بەدوای میتۆدی ڕەخنەیی جیاواز دەگەڕێت، لەو بارەیەوە قۆناغی ڕاپەرین گەواهی ئەو ڕاستەیەمان بۆ ئەدات کە ئامادە بوونی پڕۆژەی تر کە پەیوەست بوو بە جولەو ئاماژەو دەنگەوە وای کرد گوتارە ڕەخنەییەکە لەناو تێزەکانی هیرمنیۆتیکاو هەڵوەشاندنەوەو سیمیۆلۆژیا گوتاری ڕەخنەیی بنیات بنێت، بـەڵام بـەوەی بمانەوێ ئەو بزووتنەوەیە ئەمڕۆ سیماکانی بناسین، ناتوانین وێنەیەکی ڕوونی ئەو بزووتنەوەیە بخوێنینەوە هێندەی دەتوانین قۆناغەکان پۆلین بکەین، کە هەر قۆناغێك زیاتر دەرەنجامی دۆخە سیاسیەکەیە نەوەك هونەریەکەی، هەڵبەت پۆلین کردنی قۆناغەکان بەپێی ئاستی هونەری زۆر جیاوازترە وەك پۆلین کردنی بەپێی قۆناغە سیاسیەکە، ئەوەش پڕۆژەیەکی ئەرشیفی نیە بەڵکو پێویستی بە پڕۆژەیەکی ئەرکیۆلۆژی هەیە.

**پرسیارکردن لە شوناس:**

خوێندنەوەی ئەرکیۆلۆژیی هەڵکۆڵینە لەناو ئەو ئەرشیفەو تێکشکاندنی ئەو زەمەنە کرنۆلۆژییە کە هەمیشە ویستوویەتی ژمـارەی نمایشەکان ببەستێتەوە بە ئامادەبوونی شوناس

لەشانۆدا، بۆیە پێویستە پرسیاری ئەوە بکەین چۆن سەیری شوناس ئەکەین؟ شوناس لەچ چەمکێکەوە تێی ئەڕوانین؟ ئایا شوناس تێگەیشتنێکی سیاسیە؟ یا سۆسیۆلۆژیە؟ کێشەی شانۆی ئێمە لەوەدا بووە شوناس وابەستە کراوە بە شوناسی سیاسیەوە، زمان ڕەهەندی یەکەم و سەرەکی ناو شوناس بووە بەوەی هەموو هەوڵێکی کرچ و کاڵ بەزمان و جلی بەرگی کوردی نمایش کراوەو ناوی نراوە شانۆی ڕەسەنی کوردی، ئەو تێگەیشتنە بۆ شوناس بەرەنجامی دیدێکی ناسیۆنالیستی بووە بۆ گوتاری کوردبوون، لەکاتێکدا پێویست بوو شوناس لەپانتاییەکی ئیستاتیکی و شانۆیی سەیر بکرێت، بەوەی شوناس بەرەنجامی عەقڵی شانۆکاری کوردە، عەقڵێك کە بیربکاتەوەو ئینتیمای ڕاستەوخۆ بۆ تیۆرە نەکات، هێندەی بگاتە ناو دیدگای ڕەخنەیی بۆ تیۆر، ئەوەش پێویستی بە گومان کردنە لەو مەعریفە شانۆییەی ئامادەبوونی هەبووە، شانۆکاری کورد هەمیشە کارەکتەرێك بووە ئینتیمای ڕاستەوخۆی بۆ تیۆر کردووە، نەیویستووە ڕەخنە ئاراستەی تیۆرە شانۆییەکان بکات، بەڵکو هەمیشە وەك موقەددەسێك سەیری کردووە، ئەوەش وەك گرۆتۆفسکی ئەڵێت «یا بەوەفایت یا داهێنەریت»

دیارە شانۆکاری کورد چونکە بەوەفا بووە بۆ تیۆر بۆیە نەیتوانیووە خاوەنی شوناسێکی خۆی بێت، شوناسێك کە ئیلیا کازان لەشانۆی (لنکۆلن سنتەر) پێی گەیشت کاتێ ویستی دیدی ستانسلافسکی بۆ پرۆسەی ئامادەکردنی ئەکتەر بگۆڕێت کە بەهیچ جۆرێك نەشگەڕێتەوە بۆ چارەسەریەکانی

بریخت لەو بارەیەوە دەڵێت «من دژی ستانسلافیکی نیم، بەڵکو دژی تێگەیشتنی ئەمریکیەکانم بۆ ستانسلافسکی» لەوەدا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی ئیلیا کازان کەسێکی بە وەفا نیە بۆ ستانسلافسکی، بەڵکو کارەکتەرێکی داهێنەرە، داهێنەربوونیشی وای لێ دەکات کە ئەوە رابگەیەنێت دژی تیۆر نیە، بەڵکو دژی تێگەیشتنی ئەوانیترە بۆ تیۆر، ئێمە کە بە وەفاو دڵسۆزبووین بۆ تیۆر نەمانتوانی ببینە خاوەنی شوناس، هەڵبەت بەوەفابوون وای کرد لەدیدێکیترەوە کە دیدی ناسیۆنالیزمە بۆ شوناس ناو لەو بزووتنەوەیە بنێن شانۆی کوردی، دەنا ئێمە خاوەنی شوناس نین، ئەوە سەرەرای ئەوەی شانۆ دیاردەیەکی خۆر ئاواییە دەشێ ناونانی شانۆی کوردیی تەنیا بریتی بێت لە شانۆیەك کە ئەوانەی پێی هەڵدەستن کوردن وبەزمانی کوردی ئەدوێن دەنا شانۆیەك کە بە شانۆی کوردیی ناوبرێت دەبێت بەرەنجامی عەقڵی شانۆکاری کورد بێت، چارەسەری بۆ تەواوی ئەو بونیادو پێکهاتانە بکات، دەنا هەموو ناونانێك جگە لەبەرهەم هێنانەوەی وێنەی مۆزەخانەیی لەناو کوردبوون توانای ئەوەی نیە شانۆیەکی تایبەتمەند بنیات بنێت، چونکە ئەو کارە پێویستی بە پرۆژەی ئەلتەرناتیف وجیاواز هەیە.

## پرۆژەی ئەلتەرناتیف لەبزووتنەوەی شانۆییمان:

پرۆژەی ئەلتەرناتیف پێویستیەکی ناو بزووتنەوە شانۆییەکەمانە کە توانای ئیشکردنەوەی ئەرکیۆلۆژی هەیە لەسەر رابردوو، ئەوەش گەیشتنە بەو نهێنیەی لەناو گوتارە شانۆییەکەمان وون

بووە، کاتێ باس لەپڕۆژەی ئەلتەرناتیڤ دەکەین مەبەستمان نمایشی ئەلتەرناتیڤ نیە، چونکە تا شانۆ لە خەمی نمایش دەربازی نەبێت ناتوانین گۆڕان لەگوتارە شانۆییەکەمان بکەین، ئێمە پێویستمان بەوەیە شانۆ وەك پڕۆژە سەیر بکەین، هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نیە ئێمە شانۆمان وەك پرۆژە نیە، نەخێر بەڵکو بە پێچەوانەوە هەوڵی چەند گرووپ وتیپێك وەك پڕۆژە دەبینرێت، هەلبەت قسەکردن لەو پڕۆژانە توانای ئەوەی هەیە گفتوگۆیەکی ڕەخنەیی بنیات بنێت، بۆ ئەوەی ئاستی پڕۆژەکان بناسرێن، بەڵام بەبێ گفتوگۆکردن لەو پڕۆژانە پڕۆژەکان لەناو سڕینەوەو پیاهەڵدان دەمێننەوە، لەهەردوو ئاستەکەدا ئەوە کێشەی مەعریفەی شانۆییە تووشی ئەو ئاستەنگانەمان دەکاتەوە.

هەڵبەت کاتی دەبێ ئەوەشمان بیر نەچێت کەسانێك دەکەونە ئەو ئاقارەوە کارەکانیان بە پڕۆژە ناو دەبەن، بەڵام ئەوەی وای کردووە هەوڵە کرچەکانیش ناوی پڕۆژە بگرنە خۆیان پەیوەستە بە غیابی بەرپرسیاریەتی و نەبوونی گوتارێکی ڕەخنەیی، ئەگەرچی هەندێك هەوڵی نمایش بۆ کاری جیاواز لەستوونی ڕۆژنامەکاندا دەبێتە ڕووبەرێك بۆ پرۆژەی شانۆیی، بەڵام دەبێت ئەوە فەرامۆش نەکەین ئەو نووسینانە بەهۆی نامۆبوونی ناوەکان و نەبوونی میتۆدی ڕەخنەیی دیسان ناتوانن گفتوگۆ بخوڵقێنن ئەوە پەیوەندیی و سەرسامی ڕۆژنامەنووسە کە لەئاستی تێگەیشتنی خۆیەوە بۆ شانۆ حوکمەکانی بەیان دەکات، بۆیە پێویست بەوە دەکات کاتێ قسە لەئاستی هەر پڕۆژەیەکی شانۆیی بکرێت ئەوە دەست

نیشان بکەین، کە ئاخۆ ئەوانە شانۆکاری جدی ناو گوتارە شانۆییەکەمانن؟

هەندێکجار چەند ئارەزوومەندێك خولیای نواندن و لاسایی کردنەوە کردوویانیەتی بە شانۆکار ئیدی ئەو ناوەیان بە پیشە بۆ ماوەتەوە، یاخود بڕوانامەیەکی دبلۆمی وەگرتووەو ئیدی تامردن ئەو شانۆکارە، هەموو شکست و بێتوانایەکی ئەو کارەکتەرە بە شکستی شانۆ سەیر دەکرێت.

## ئاگایی شانۆکار.. مەعریفەی شانۆیی:

شانۆکاری کورد بەشێکی کارەکتەرگەلێکن هەرەمەکیەت هێناویانی نەك مەعریفە، بەداخەوە هەندێکجار ئەو مەعریفەیە هێندە لەناو تۆزی ڕەفەی کتێبخانەکان نوقمە ناتوانێ دید وجیهانبینێکی جیاواز بە شانۆ ببەخشێت، کێشەکەش پەیوەست نیە بە تەمەن و قۆناغێکەوە هێندەی پەیوەستە بەدیدی مەعریفی ئێمە بۆ شانۆ، زۆرجار نەبوونی پڕۆژە پەیوەستە بە غیابی مەعریفەوە، کە مەعریفە هەبوو شانۆکار خاوەن پڕۆژە ئەبێت، پڕۆژەی ئەلتەرناتیف پێویستی بە شانۆکاری ڕوناکبیرە پێویستی بە کارەکتەرێکە بیر بکاتەوە، نەك پەیڕەوی میتۆدێکی دەست نیشان کراو بکات، بەبێ بوونی گومان و پرسیار لەو میتۆدە، چیتر ناوە مەزنەکان لەناو ستایش نامێننەوە.

لێرەدا قسەیەکی شانۆکار شەماڵ عومەرم بیر دێتەوە کە دەڵێت «چیتر بۆ بیرۆکەی چاوەڕوانی پێویستم بە صامۆئیل بیکت نیە» هەڵبەت سیاقی قسەکە جیاوازە، بەڵام من مەبەستمە ئەو قسەیە

بێنینەوە، شەماڵ ئاوا ئاماژە دەکات کە ئیدی پێویست بەوە ناکات بۆ بیرۆکەی چاوەڕوانی بیر لە چاوەڕوانی گۆدۆ بکەینەوە، هێندەی تۆ کائینێکی شانۆیی مەشقەکان تۆ دەگەیەننە ئەوەی حالەتێکی نوێ درووست بکەی، دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت ئەو پڕۆژانە پەیوەندیی بە مەعریفەیەکی شانۆیی قووڵ هەیە، مەعریفەیەك هەموو ئەوانەی ناویان شانۆکارە بەرگەی ناگرن، هەر بۆیە دەبینین زۆربوون ئەوانەی شەیدای دەرکەوتن بوون لەو ساڵانەی دوایی زۆر بەخۆشحاڵیەوە کەوتنە بەرهەم هێنانی فلم و بەشێکی زۆریشیان ئێستا شەیدای دەرکەوتن لە زنجیرە تەلەڤزیۆنەکانی ڕەمەزانن، لەکاتێکدا چەند دەستەبژێرێکی دەست نیشان کراو لەو نێوەندە ماونەتەوەو خەمی شانۆیانە، مەعریفەی جیاواز وای کردووە بیرکردنەوەی جیاواز شانۆمان پێبکات، لەوانە پڕۆژە درێژخایەنەکانی شانۆکار (گەزیزە) وەك شانۆیەکی فێمێنیستی کە بەپێی پێویست نەتوانراوە ئەو ئەزموونە بخوێنرێتەوە، بەواتا ئێمە ناتوانین بڵێین مەعریفە بەتەواوی وونە لای شانۆکاری کورد ناکرێ هەوڵەکانی شانۆی سالار یا کۆری شانۆی با بە جیاوازی بۆچوونیشمان بەکاری جدی سەیر نەکەین بۆ شانۆ، ناتوانین ئەو هەوڵانە لـەدەرەوەی مەعریفە ببینین مەسەلەکەش بەتەنیا مەعریفە بۆ شانۆکار بەس نیە هێندەی ئەو مەعریفەیە کامەیە شانۆمان بەرەو پێش ئەبات، کامەران رەئوف ناوێکی درەوشاوەی شانۆی ئێمەیە، تەنانەت لەدوای راپەرینیش بەهەردوو شانۆیی (وێرانە)و (چیرۆکی خۆشەویستی) توانی

چێژی هونەریمان بۆ شانۆ بپارێزێت، بەتایبەت لە (وێرانە)، دیارە ناتوانین بڵێین مەعریفە بوونی نەبوو لە (چیرۆکی خۆشەویستی) بەلام جۆری ئیشکردنی دەرهێنەر حوسێن میسری لەو کارە وای کردبوو ئاماژەی سرووشتی (کوێستان) زاڵ بێت بەسەر ئاماژەی دروستکراوی نواندن لای (کامەران)، کەچی کاتێ ساڵی پار کامەران لە (چاوەروانی گۆدۆ) بینیمانەوە، دیدی مەعریفی کامەران بۆ ئەو تێکستە دیدێکی زۆر رووکەشانە بوو بۆ تێگەیشتن لە دنیا، تەنانەت نواندن لەناو جولەو هەستی ئاسایی دەرنەچوو بوو ئایا ئەوە مانای وایە کامەران بێ مەعریفەیە؟ نا بەڵکو ئەو مەعریفەیەی ئەو داهێنەرەمان شانۆی بیکتی پێکرد مەعریفەیەکە توانای زیندەگی نیە بۆ ئەو رۆژگارەمان، ئەو پێویستی بەوە بوو لەدیدی رۆشنترەوە سەیری شانۆی بکردبا، هەر بۆ نموونە خەڵك چاوەروان بووە ئەو باشتر بێت لەکارەکانی رابردووی کە وا نەبوو واتا لە مەعریفەی فراوان و جیاواز بەدوور بوو، بۆیە هەمیشە ئەبێ لەسەر چەمکی مەعریفە زیاد لەپێویست دەست نیشانی جۆری ئەو مەعریفەیە بکەین چونکە زیاد لەمانایەکی هەیە.
لەگەڵ ئەوەشدا مەعریفەی شانۆیی بەتەنها پەیوەست نیە بە دەرهێنەرانەوە، بەڵکو ئەکتەرو رەخنەگرانیش دەکەونە ناو ئەو ئیشکالیەتە بەهۆی ئەوەی ئەوە مەعریفەیە ئەکتەر وا لێدەکات بگاتە پەی بردن بەنهێنی کارکردنی دەرهێنەر، رەخنەگریش لەساتەوەختی بوونی مەعریفەی شانۆیی فـراوان لەشێوازو ئەزموونە شانۆییەکان وای لێدەکەن توانای خوێندنەوەی بونیادی پێکهاتەو رووە نادیارەکانی شانۆمان بۆ دیار بکات.

## پانۆرامایەك بۆ گوتاری ڕەخنەی شانۆیی:

لەڕاستیدا بوونی ڕەخنە بەبێ بوونی نمایشی هونەری بەرز کارێکی بێهودەیە، کاتێ شانۆ بوونی نەبوو ڕەخنە چۆن بێتە بوون، ڕەخنە کاتێ چالاك ئەبێت کە بزووتنەوەیەکی شانۆی هەمە ڕەنگ بوونی هەبێت، شانۆیەکمان هەبێت لەناو شێوازی جیاواز دەربکەوێت، تا ڕەخنەگر بتوانێ ئاستی ئەو بزووتنەوەیەمان پێ بڵێت، ئێمە ناتوانین بەبێ نمایش چاوەڕوانی ڕەخنە بین، ئەو کاتانەی نمایشی بەرز دەردەکەوێت مەعریفەی ڕەخنەگر ناگاتە ئاستی مەعریفەی نمایش ئـەوەش وا دەکـات ڕەخنە لەنێوان ستایش و سەرزەنشت کردن خۆی یەکلا بکاتەوە، چونکە ناتوانێك سێنتەری گوتاری نمایش هەڵوەشێنێتەوەو لەڕێگەی بونیادەوە سەرلەنوێ سیستمی ڕێکخەری نمایش بخوێنێتەوە، بۆیە ئەوانەی لەناو شانۆی ئێمە مومارەسەی ڕەخنە ئەکەن ناتوانن لەناو شانۆ بیر بکەنەوە، چونکە هەست بە ئامادەبوونی پرۆسە شانۆییەکە ناکەن، ڕەخنەگر پێویستە کارەکتەرێك بێت نووسین بەرهەمی بیرکردنەوە بێت لەناو شانۆ هەر بۆیە، ئەو ووتارە ڕەخنەییانەی توانیویانە لەناو شانۆ نزیك ببنەوە ئەوانە نووسیویانە کە خۆیان شانۆکار بوونە، ئەوانەش بریتین لە (داناڕەئوف، دانا عەلی سەعید، حەمە سدیق، کاسترۆ مەجید، ئیسماعیل هەورامی، بورهان غەفور، کاردۆ محەمەد، فریاد ئەحمەد) دیارە بەسەرنجدان لەسەر نووسینەکانی ئێستای (دانا ڕەئوف) یشەوە کە زۆرجار زمانێکی وەسفی بەسەر زمانە ڕەخنەییەکە زاڵ دەبێت، ئەوە لەکاتێکدا دانا یەکێکە لەو ڕەخنەگرانەی لە هەشتاکان توانی بنەمای زانستی

بۆ ڕەخنەی شانۆییمان بنیات بنێت، هەروەها کەسانیتر هەیە زیاتر مۆرکێکی ڕۆژنامەنووسی بەسەر نووسین و ڕەخنەکانیانەوە دیارە کە ئەوانەش جۆرێك ڕەخنەن پێویستیەکی ناو گوتارە شانۆییەکەمانە دیارترین ئەو ناوانەش (کامەران سوبحان، شۆرش محەمەد حوسێن) لەپاڵ ئەوەشدا هەندێکیتر هەن ویستوویانە لەگەڵ تەوژمە جیاوازەکان بە دیدێکی تر بنووسن، لەوانە (حەیدەر عەبدولرەحمان) کە کاریگەریەکی باشی هەبوو لەسەر هەوڵی گەنجانی شانۆکاری هەولێر بەدوای ناوەڕاستی نەوەدەکان توانی تارادەیەك ڕەخنە لەو هەوڵانە بگەیەنێتەوە نمایش، هەندێك ئیشکردنی تر پەیوەستە بەکاری بیبلۆگرافی ونووسینەوەی مێژوو بۆ دەست نیشان کردنی ئەم قۆناغە جیاوازانە، لێرەدا دەبێت هەوڵەکانی (یاسین قادر بەرزنجی) وەك هەوڵی دڵسۆزانە بۆ نووسینەوەی ئەو مێژووە سەیر بکەین، بەڵام کەسانیتر هەر لەو دیدە ئەرشیفیەوە دەیانەوێ لەبری تەدوین کردنی ئەو مێژووە دێن لەمێژووەوە باز ئەدەنە ناو ئێستا، ئەوەش بەکەم سەیرکردنی ئێستایە، کە بەرەنجامی ئەو عەقڵە دۆگماییەی ئیشکردنە کە ڕێگا نادات نە مێژوو نووس بێت وە نە ڕەخنەگر، لەو بوارەدا دەتوانین ئاماژە بۆ ناوی (موحسین محەمەد) بکەین.

ئەوهێندەی وەك ڕۆژنامەنووسێك دەیبینین پەیوەندیی بە ڕەخنەوە نیە، ڕەنگە لەڕۆژگارێکدا ئەوانە ڕەخنەگری سەردەمەکەی خۆیان بووبن بەهۆی ئەوەی ئاستی نمایشەکان هێندە سادە بووبن هەر ئەو ڕەخنەگرانەی بۆ بەرهەم هێنابین، بەڵام ئەو ڕەخنەگرانە ناتوانن بێنە ناو سەدەی بیستەمەوە، ئەوە قسەیەکی (فۆکۆ) مان

بیر دێنێتەوە کە لەبارەی مارکسەوە دەڵێت «ناتوانێ بێتە ناو ئەو سەدەیە، وەك ئەو ماسیەوایە لەدەریا دەری بکەیت دەخنکێت» ئەو رەخنەگرانەی ئێمەش بیانکەینە ناو سەدەی بیست و یەك تەنها رۆژنامەنووسێکی خراپیان لێ دەردەچێت، ئەو قسەیە بۆ (ئەحمەد ئابلاخی) ش هەر راستە، جۆرێکی ترمان هەیە کە لەژێر کاریگەری شانۆی عیراقیەوە توانای دەرباز بوونیان نیە دیارترین ناویش لەم جۆرە (سەباح هورمز) ە.

ئەو لەژێر کاریگەری رەخنەگرانی شانۆی عیراقیەوە دەنووسێت، بەهۆی ئەوەی رەخنەگرێکی وەکو (عواد علی) کتێبەکەی بەناوی (المألوف واللاالمألوف في المسرح العراقي) ە کتێبەکەی هورمز بەناوی (التقلیدي واللاتقلیدي في المسرح الكردي) دیارە (تەقلیدو ناتەقلید) هەمان (المألوف واللاالمألوف) کەی عەواد عەلیە، شانۆی کوردیش لە شانۆی عیراقیەکە وەرگیراوە، تەنانەت مادامەکی کتێبەکەی عەواد باس لە شانۆی ئەزموونگەری عیراقی ئەکات و لەسەر (صلاح القصب) ئەدوێت، ئەبێت بەشێکی کتێبەکەی سەباح هورمزیش لە سەر شانۆی ئەزموونگەری کوردی بێت و لەسەر شەمال عومەر قسە بکات نەك هەر ئەوە بەڵکو لەناوەرۆکیشدا سەرسامیەکەی بەرادەیەکە دێری کتێبەکە ئەگوازێتەوە، ئەوەتە عواد علی لەبەرامبەر کەسایەتی (لێبووکی خەمەکانی سێرك) ی صلاح القصب دەنووسێت «سبق ان طرحة ارنست همنغواي في رواية الشيخ والبحر ومفادها ان الانسان قد يقهر ولكنة لايهزم» کەچی سەباح هورمز هەمان دێر بێ ئاماژەدان بۆ شانۆگەری (گەشتەکەی حەسەن) ی کامەران رەئوف ودەنووسێت ئەو

بیرۆکەیە دەسەپێنێتە سەر (حەسەنی لێبوك، عەلی کەشتیەوان، سەلامی کەمانجەژەن، برایمە شێت) کاتێ رەخنەگرێکمان هەبێت ناونیشانی کتێب و میتۆدی رەخنەو دەستەواژە رەخنەییەکانی لەکتێبی ترەوە وەرگیرابن، لەکاتێکدا رەخنە لەشانۆی عیراقی لەو ئاستە نیە کە ئەو وای زانیووە ئەو ڕێگایە ئەیکات بەرەخنەگر، لەوانەیە ئەوە پانۆرامایەکی زۆر خێراو کورت بێت بۆ ڕەخنەی شانۆییمان، لەئەنجامی هەست بەلێپرسینەوەمان بۆ شانۆ ناچار ئەبین هەندێك لەو نووسەرانە لەقسەکانیشمان تووڕە بن.

## دەق، ڕووبەرێك بۆ نووسینەوەی شانۆ:

ڕوانین بۆ دەق لەناو شانۆدا کۆڵەگەی سەرەکی شانۆ نیە، بەڵکو پێویستە لەڕێگەی دەقەوە زەمەنی داهێنان نەکوژرێت کە زەمەنی ئەکتەرو دەرهێنەرە، ڕۆشنبیریی شانۆییمان لەهەشتاکانەوە کۆمەڵێك تێکستی شانۆیی دیاری کردووە بە کوردی (شکسپیر و ئەپسن و چیخۆف) ئەو ناوانە بوونە کەزۆر جار کەوتوونەتە سەر شانۆکانیشیمان، بەڵام کاتێ ئەو تێکستانە ناتوانن شانۆیەکی زیندوو بنیات بنێن ئەوە خەوشی نووسەرەکان نیە، هێندەی ئەوە دیدی دەرهێنەرە وەك نابینایەك سەیری دەقی کردووە نەیتوانیووە زەمەنی ئامادە بوونی خۆی وون نەکات، لەهەفتاکانەوە شانۆگەری (گۆرانی چایکا) لەسەر شانۆکانی ئێمە نمایش ئەکرێت، بەڵام تا ئێستا دەرهێنەران پرسیاری ئەوەیان لەخۆیان نەکردووە (چایکا) مانای چیە؟ لەوانەشە هەندێك لەو دەرهێنەرانە وایان زانیبێت ئەوە کورتکراوەی ناوی کارەکتەرە سەرەکیەکە ڤاسیلیە، بەڵام

چونکە پرسیاریان نەبووەو ئەو مەعریفەیەش نەبووە نەیانزانیووە مانای چیە؟ لەکاتێکدا چایکا واتا ئەو مەلە جوانانەی بە کۆمەڵ ئەفرن، ئەو قسەیە شانۆگەری (گۆرانی چایکا) ی فریاد ئەحمەد ناگرێتەوە کە دیمەنی کۆتایی ئەکتەرە سەرەکیەکە لەبەرزاییەوە دەبێتە چایکا، ئەوەش بەستنەوەی کارەکتەرە بەناونیشانەکەی چیخۆفەوە، ئاشکراکردنی نهێنی ناو تێکستە لەڕێگەی پرۆسەیەکی دۆنادۆنی نێوان ڤاسیلی وچیخۆف.

بۆیە شانۆکاری کورد زۆرجار بۆچوونی وابووە ئەگەر لەدەقی مەزن کار بکات ئەوە شانۆی مەزن بنیات ئەنێتن و ئەبێتە داهێنەر، لەکاتێکدا تواناو دیدی دەرهێنەر ئەتوانێ بەبێ بوونی تێکستی مەزنیش شانۆی ئەفرێنەر بنیات بنێت، ئەوەش ئەزموونەکانمان لە رابردوو فێری ئەوەیان کردووین کەبێ بوونی دەقیش ئەتوانین شانۆ بنیات بنێین، بەڵکو تەنها مەشق و گەڕان لەپێناو خوڵقاندن شانۆ بنیات ئەنێت پیتەر بروك رۆژێکیان وتوویەتی «پانتایەکی بەتاڵم بدەرێ شانۆیەکی ڕاستەقینەی تیا بنیات ئەنێم».

ئەوە دیدی دەرهێنەر و بەشداری کردنی ئەکتەرە شانۆ دەخوڵقێنێ، ئەوەش بەو مانایە نیە کە تێکستی شانۆیی ناتوانێ بەشداری لە بنیاتنانی ئەزموونی بەرز و هونەری و ئیستاتیکی بکات، لەو بوارەدا دەتوانین ئاماژە بکەین بۆ نمایشەکانی (کارەکەرەکان) ی دلێر محەمەد، (کەڤاڵی پەپوولە) بورهان غەفور، (سەفەری پاکبوونەوە) ی مەهدی حەسەن، (هۆرۆسکۆب) ی کاردۆ محەمەد.

بۆیە دەکرێ تێکستی شانۆیی ببێت بە زەمینەیەکی پتەو

بۆ نمایشی شانۆیی، بەڵام بەو مەرجەی دەرهێنەر ئینتیمای ڕاستەوخۆ بۆ ووشەی نووسراو نەکات، ئەمڕۆ لەووڵاتی ئێمەدا پرۆژەی وەرگێرانی تێکستی شانۆیی بۆ زمانی کوردیی پرۆژەیەکە کاری ووردی بۆ دەکرێت دیارترین ئەو پرۆژانەش ئەو زنجیرە کتێبەی دەزگای ئاراسە کە شانۆکار دانا ڕەئوف سەرپەرشتی ئەکات، ئێمە لەڕێگەی ئەو پرۆژەیەوە زۆر بەپێش شانۆی عەرەبی کەوتووینە بەهۆی ئەوەی ئێمە بە (لاش نۆرین) یێك ئاشنا بووینە شانۆی عەرەبی تائێستا ناویشی نەبیستووە، ئێمە لەڕێگەی ئەو پرۆژەیەوە کۆمەڵێك تێکستی سترێندبێرگمان بە کوردی هەیە، بەڵام هەموو ئەوانە کوا دەستی کام ئەفرێنەرە دەیکات بە شانۆیەك کە کاریگەری لەناو بزووتنەوە هونەریەکە هەبێت و لەئاستی کۆمەڵگاش بتوانێ بینەر تێبگەیەنێت کە بوونی شانۆ یەکێکە لە گرنگترین پێداویستیەکانی کۆمەڵگا.

## شانۆکاری کوردو تیۆریزەنەکردنی تیۆر:

کاتێ بە پانۆراما ڕەخنەییەکەدا بچینەوە تێبینی ئەوە دەکەین ئیدی پێویستە شانۆکاران خۆیان بێن لەسەر پرۆژە شانۆییەکانیان بدوێن، لەبارەی ئەو چەمك وتیۆرانەی شانۆ کە کاری تیا دەکەن، دیارە لەو نێوەندەدا نەوەی هەفتاکان و هەشتاکان بەرپرسیاریەتیەکی دیاریان کەوتۆتە ئەستۆو ئەوان هۆکارێکی سەرەکی بوونە لەو بوارە کەنەیانتوانیووە کاری لەم چەشنە ئەنجام بدەن، ئەگەر ئەوان تیۆریزەی کارەکانیان بکردبایە ئەمڕۆ دەتوانرا ئەو تیۆریزە کردنە وەك ئارگۆمێنتی ئەو هەوڵانە سەیر

بکرێت، ئەگەرچی لەگەڵ کۆتایی سەدەی بیستەم ئەو ئاگاییە دەردەکەوێت بۆ تیۆریزە کردن ونووسینی گوتاری ڕەخنەیی، لەوانە ئەحمەد سالار هەوڵی داوە لەپاڵ کارکردنی وەك ئەکتەرو نووسەر و دەرهێنەر تیۆریزەی پـرۆژە شانۆییەکانی بکات، هەروەها ئیشکردنی گەزیزە لەبواری شانۆی ژندا وەك نووسەر و دەرهێنەر دواتر لەڕێگەی گفتوگۆی درێژەوە ویستوویەتی ئەو ئەزموونە بخاتە نێو پرسیارو گومانەوە، ئەوەش نووسینەوەی ئەزموونی کارکردنیەتی، دانا رەئـوف لەکتێبەکەی (گوتاری ئەزموونگەری لەرەوتی شانۆی کوردیدا) هەوڵی خوێندنەوەی گوتاری ئەزموونگەری داوە لەشانۆی کوردیدا تەنانەت لەسەر ئەزموونەکەی خۆشی (چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان) وەستاوە، ئەو کتێبە بەیەکەم کتێبی زانستی کوردی دادەنرێت لەبارەی شانۆی ئەزموونگەری کوردیدا، هەروەها شەماڵ عومەر لەڕێگەی ووتارە ڕەخنەییەکاندا ویستوویەتی دیدی خۆی بۆ شانۆ ڕوون بکاتەوە، ئەو لەتەك نیگار حەسیب چەند نووسینێکی بڵاو کردەوە لەبارەی تێگەیشتنیان بۆ دەنگ لە شانۆدا، ئێمە لەکتێبی (شانۆی پۆست مۆدێرنیتی) لەسەر ئەزموونی کارکرنی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك وئاسۆو تێڕوانینەکان بەتایبەت لەسەر ئەو پرۆژەی دواتر بەناوی (سۆسیۆلۆژیای شانۆ/ میتۆدی: دەنگ میتا حیکایەت) کە وەك میتۆدێك بۆ ئەزموونەکانی تیپەکەمان نووسرابوو، بەڵام لەپاڵ ئەوەدا ئەوەمان بیر نەچووە، کە پێویست بوو ناوە دیارەکانی شانۆی ئێمە قسەیان لەسەر کاری خۆیان هەبوایە، بۆچی لەکاتی

خۆی (بەهەشتی عوسمان چێوار، بەهەشتی عومەری عەلی ئەمین، سەعدون یونس، تەلعەت سامان، سەلمان فایەق، سەفوەت جەراح، جەلیل زەنگەنە، جیهاد دڵپاك، د. فازل جاف) ئەزموونی خۆیان تیۆریزە نەکردو لەبارەی ئەو ئەزموونە هەڵوەستەیان نەکرد، بەشێکیان پەیوەست بووە بەو مەعریفەیەی ئەو ناوانە هێندەی کێشەی بەرهەم هێنانی نمایشیان هەبووە هێندەی بیریان لەو لایەنە نەکردۆتە، بەشێکیتری پەیوەندی بەوە هەیە تا ئەو سالانەی دوایی شانۆکاری کورد پێی وابووە نابێت خۆی لەسەر ئەزموونی خۆی قسە بکات، لەکاتێکدا کەسێکی وەکو گرۆتۆفسکی تا خۆی قسەی لەسەر کارەکانی خۆی نەکرد کەس ئامادە نەبوو لەبارەی کارەکانیەوە هیچ بنووسێت، بەشێکیان هۆیەکەی ئەوە بوو سەرچاوەیەکی تیۆریان نەبوو بەڵام کاتێ شانۆکارەکە لەبارەی کارەکەی و چۆنیەتی ئیشکردنی لەشانۆدا دەدوێت بۆ ڕەخنەگر ئەو قسەکردنە وەك ئارگۆمێنتێك بۆ ئەو ئەزموونە سەیر ئەکرێت، بۆ ئەو نەوەیەش ئەو قسەیە هەر ڕاستە بۆچی (هیوا فایەق، میدیا رەئوف، ئەرسەلان دەروێش، ئومێد حوسێن، کامەران رەئـوف، مەهدی حەسەن، سدیق حوسێن، یوسف عوسمان، رزگـار ئەمین، فرمێسك مستەفا، رووبار ئەحمەد) زۆر ناوی تریش بێدەنگن لەئاست ئەزموونەکانی خۆیان، ئەو بێدەنگیە وای کردووە ئەو ئەزموونانە نەکەونە ناو پرۆسەی خوێندنەوە بێدەنگی ئەو ناوانە نە لەخزمەتی خۆیانەو نە لەخزمەتی بزووتنەوە شانۆییەکەیە.

**شانۆی نەتەوەیی بانگەشەیەك بۆ كۆتایی:**
بۆ ئەوەی هێلی ئەو بازنەیە تەواو بكەین ودڵنیایی مردنی ئەو عەقڵە لەشانۆدا بانگەشكردن بۆ دەزگایەكی شانۆیی بەناوی شانۆی نەتەوەیی بووە بە كارێكی پێشنیاركراو، ئەوە لەبنەڕەتدا پێشنیارێكی سەرە مەرگە بۆ كۆتایی شانۆ، چونكە ئەو پڕۆژەیە.. پرۆژەیەكی درەنگ وەختەو توانای پێشنیاركردنی بەر لەسەدەی بیست كۆتایی پێ هاتووە.
یەكێك لەتراژیدیاكان لەوێوە دەست پێدەكات ئەو دەمەی جیهان دەرگا لەكولتورە جیاوازەكان دەكاتەوەو پڕۆژەی شانۆی فرە كولتوری تـەواوی شانۆكانی دنیا داگیر دەكـات كەچی ئێمە لەسەرەتای سـەدەی بیست و یەك دەمـانـەوێ دەرگـا لەسەر كولتورەكانیتر دابخەین و لەناو هەستە فانتازیاكانی نەتەوە خۆمان بخنكێنین، ئەوە تەنها خەونی ئەوانەیە كە لەناو هەستی ڕووكەش بڕوایان بەوە هێنا ئەو شانۆ ئاست لاوازەیان خاوەنی شوناسی كوردیە، هەر كاتێك قسە لەپەیوەندیی نێوان شانۆ وشوناس كرا ئەو كاتە ئاستی تێگەیشتنی ئەو شانۆكارە بەرەو ڕووی شانۆ ئەزانیت، ئەو دەمەی شوناس بۆ شانۆكار بریتی بێت لە خول خواردن بەناو كەلەپوور دەبێت بزانین ئەو شانۆكارە لەناو ڕابردوو ناتوانێ بێتە دەرەوە، چونكە كولتوری گۆڕیووە بە كەلەپوور، كولتور لەئێستادا لەگەڵمان دەژیێت، بەڵام كەلەپوور سەرباری ئەوەی بەشێكە لەناو كولتور سەر بە زەمەنی ڕابردووە، لێرەوە ئینتیماكردنەوە بۆ ئەو زەمەنە بەناوی شانۆی نەتەوەیی لەڕاستیدا تەسلیمكردنەوەی شانۆیە بۆ دامەزراوە تەقلیدیەكان، بەوەی شانۆ

لەدەستی داهێنەران دەربکرێت و ببەخشرێت بەچەند فەرمانبەرێك کە لە ئامادەباشین بۆ خانەنشینی، ئەو پرۆژەیە ناتوانێ خەونی زیندووبوونی بۆ شانۆ پێ بێت کاتی خۆی بەهەشتی ئیبراهیم چێوار لەکۆنفرانسی شانۆی سالار کە ئەو پرۆژەیان ئەخستە دەنگدانەوە بەیەکەوە لەهۆڵەکە دانیشتبووین پێی ووتم «سەد ساڵیتریش شانۆی نەتەوەیی هەبێت من و تۆ وکەسانیتر هەیە کە نەبنە ئەندامی» ئەوە مانای وایە کە ئەوانەی لەتێگەیشتنیان بۆ شانۆ کە شانۆ بە دامەزراوێکی کولتووری و مەدەنی تێدەگەن قەت ئامادە نین بچنە ناو هیچ پرۆژەیەك بەناوی شانۆی نەتەوەیی، ئەوانەی ئینیتما بۆ ئەو پرۆژەیە دەکەن تەنها ئەوانەن لەکار کردن براونەتەوەو بەوەهمی لاساییکردنەوەی ئەگەرو دامەزراوەکانی شانۆی عیراقی ئەژین، کە چیتر بزووتنەوەی شانۆییمان ناکرێ چاوی ئومێدی ببرێتە شانۆی عیراقی، چونکە چیدی کۆمەڵگای کوردی زیندانێك نیە بەعس هەموو دەرگاکانی لەسەر داخستبێت، ئەمرۆ ئەو کرانەوەیەی بەسەر دنیا ئامادەیی هەیە هەموومان وەك یەك ئەتوانین بەدوای کەشف کردنی نەزانراوەکان بین، خۆمان لەناو هەستە فانتازیاکانی نەتەوە بۆ شانۆ نوقم نەکەین، ئەوەش گومانکردنە لە مەعریفەی تۆز لێنیشتوو پێویستمان بەوەیە گومان لەو مەعریفە شانۆییە بەسەر چووە بکەین و بەرەو مەعریفە جیاوازەکان ئەوانەی ئاراستەی فکری جیاوازیان هێنایە دی، کە لەپرۆژە ئەزموونکاریەکەی پیتەر بروك ناوی نرا شانۆی فرە کولتوری، چونکە ئەمرۆ پەیوەندی نێوان شانۆکاران ئەتوانێت سنووری کولتورو وولاتان ببڕێت بەهۆی ئەوەی پەیوەندیەکان

تەواو لەیەك نزیك بوونە، كرانەوە بەڕووی دنیا ئەتوانێت شانۆكاری كورد تێبگەیەنێت لەوەی شانۆ لەدنیادا لە چ ئاستێكە، بەڵام كێشەكە ئەوەیە شانۆكاری كورد بەدرێژایی زەمەن فۆڕمێكی بۆ شانۆ پێیە، نایەوێ بگۆڕێت وهەر جۆرە كرانەوەیەك بەسەر خۆی قبووڵ ناكات، ئەوانەش لەژێر ناوی ڕەسەنێتی و ناسنامەی نەتەوەیی بەجێ دەگەیەنێت، دەنا كەی ڕاستە لەم ڕۆژگارەدا خەونی دامەزراندنی دەزگایەكمان هەبێت بۆ شانۆی نەتەوەیی، ئەو كۆمیدیایە تەنها ئێمە ممارەسەی دەكەین، دیارە من بۆ خۆم كاتێ كار دەكەم ناتوانم بیر لەوە بكەمە كە دەبێ واكار بكەم كە شانۆی كوردی لە چ ئاستێكە؟ هێندەی ئەو پرسیارە لەخۆم دەكـەم: شانۆ لەجیهاندا لە چ ئاستێكە؟ ئایا ئەوەی ئەنجامی دەدەم لەناو سەرچاوەو تیۆرە سەرەكیەكانی شانۆی جیهانی شوێنێكی هەیە یان هەرەمەكیەتە؟ ئایا ئێمە لە كاركردن دەچینەوە سەر تێگەیشتنە زانستیە میتۆدیەكان؟

ئەگەر ئاوامان كرد یانی نامانەوێت لەشانۆی جیهانی خۆمان دابڕین بەتایبەت ئەمڕۆ زۆر بەئاسانی ئەتوانین بەزۆر شت بگەین، پێویستە لێرەدا ئەوەش ڕاست بكەینەوە كە میتۆدی زانستی ئەوە نیە كە بڵێین ستانسلافسكی ئاوا ئەكتەر دەخاتە سەر شانۆ، بەڵكو ئامادە بوونی تۆ لەناو میتۆد چیە؟ تۆ چی لەگەڵ میتۆد ئەكەیت تا بوونی تۆ وون نەكات؟ ئێمە لەئەنجامی چوار ئەزموونی دواییمان (یادەوەری دەنـگ، ئۆدیبی زەردەشـت، حیكایەتی لم، ئەنتیگۆنای قەڵا) نووسینێكمان نووسی كە تیۆریزەی ئەو چوار ئەزموونە بوو بەناوی

(سۆسیۆلۆژیای شانۆ: میتۆدی دەنگ میتا حیکایەت) چۆنیەتی ئیشکردنی ئێمە بوو لەدەنگ، کە دیارە پێش ئێمە دەنگ لە شانۆدا ئامادە بوونی هەبوو، لای گرۆتۆفسکی بنەمایەکی ئەزموونەکەی بووە دواتر لای باربا، هەروەها لە ئەزموونەکانی لابۆری شانۆی لالش دەنگ سەرچاوەیەکی سەرەکیە، بەڵام ئێمە لەم میتۆدەدا دەست نیشانی چۆنیەتی ئامادەبوونی دەنگ لای خۆمان کردووە، کە دواتر ئەو میتۆدە بوو بە بەشێك لەکتێبی (شانۆی پۆست مۆدێرنیتی) مەبەستمان لەوەیە لەئیشکردنەوە لەمیتۆد نابێت وابەستەی ڕاستەوخۆی میتۆد بیت، بەڵکو ئیشکردنەکە دەبێ بە شێوەیەك بێت کە سەرەنجام وەك مایەرهۆڵد چۆن توانی شانۆیەکی نوێ دابنێت کە لە شانۆی ستانسلافسکی جیا بێتەوە، یا تایرۆف لە شانۆی ژوور، ئەگەر وامان نەکرد میتۆد هیچ سوودێك بەئێمە ناگەیەنێ جگە لەوەی دەمانەوێ خەریکی ووتنەوەی کتێبێکی سەردەمی کۆن بین کە ناتوانین لەزمانی نووسین و ڕێنووسەکەی تێبگەین تەنها دەمانەوێ بە کتێبێکی گرنگی دابنێین، گرنگیەکەشی ناگەڕێنینەوە بۆ ناوەڕۆکەکەی بەڵکو دەیگەڕێنینەوە بۆ تێنەگەیشتنمان.

**دەزگای شانۆیی وبەرهەمهێنانی فەرمانبەرو مامۆستا:**

لەنێو دامەزراوە ڕۆشنبیریی و پەروەردەییەکانمان دوو دەزگامان هەیە توانای بەرهەم هێنانی شانۆکاری تیایە، بەڵام ئێمە لەبڕی شانۆکار فەرمانبەرو مامۆستای سەرەتایی تیا بەرهەم دێنین.

یەکێکیان بەڕێوبەرایەتی هونەری شانۆیە، ئەم دەزگایە ڕۆڵێکی زۆر خراپی بینیووە لەبەرامبەر شانۆدا، دیارە بەڕێوبەرایەتیەکی لەم شێوەیە بە فەرمانبەری شانۆ بـەڕێـوە ناچێت، بەڵکو پێویستی بە شانۆکاری بەتوانای خاوەن پڕۆژەیە، کارەکانی ئەم بەڕێوبەرایەتیە بووە بە بۆنەیەکی فەرمی بەوەی لەجەژنی جیهانی شانۆ ئاهەنگ و شەوچەرە ساز بکات و بڕوانامەو دیاری ببەخشێتە چەند شانۆکارێك هەروەها ئەگەر پارەکەی لێزیاد بوو ئەوا بیدات بە فیستڤاڵێکی شانۆیی، ئیدی ئەو بەڕێوبەرایەتیە وەك هەر فەرمانگەیەك کارەکانی بەڕێوە دەبات، با نموونەیەك بە بەڕێوبەرایەتیەکەی هەولێر بێنینەوە، هەمیشە ئەو بەڕێوبەرایەتیە پەیوەست بووە بەدۆخە سیاسیەکەوە، بەهۆی ئەوەی چۆن ئیدارەکان گۆڕاون ئاوا ئەو فەرمانگەیە بەڕێوبەرەکانی گۆڕاون، دوای ئەوە گرفتێکیتر ڕووبـەرووی بۆتەوە گرفتی شارچێتی، ئەو گرفتە فەرمانبەرەکانی خولقاندیان، کە پێویست وایە فەرمانبەرەکان بگوازرێنە بۆ فەرمانگەی ترو دەرفـەت بە شانۆکاران بدرێت لەو دەزگا شانۆییە کار بکەن، نەك هەمیشە بەرهەم هێنانی فەرمانبەر ببێت بەکاری ئەو دەزگایە.

لەپاڵ ئـەوەدا دەزگایەکی ترمان هەیە ئەویش پەیمانگای هونەرە جوانەکانە، ئەو دامـەزراوە توانای بەرهەم هێنانی شانۆکار دەگۆڕێت بۆ مامۆستای قوتابخانەکان، بەوەی وانە تیۆریەکانی وەکو کوردی و ئینگلیزی وعەرەبی تێکەڵی وانە شانۆییەکان بووە، ئەوەش لەبری بەرهەم هێنانی شانۆکار

دەبێتە بەرهەم هێنانی مامۆستای کوردی وعەرەبی بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان، لەکاتێکدا دەبێت ئەوانە دوای دەرچوونیان لەناو بەڕێوبەرایەتی هونەری شانۆ درێـژە بەکاری شانۆیی بدەن، ئیشکالیەتەکە لێرەدایە دەرچووانی پەیمانگا دەکرێن بە مامۆستای سەرەتایی وفەرمانبەرانیش لەسەر بەڕێوبەرایەتی شانۆ دائەمەزرێنرێن.

ئـەوە جگە لـەوەی وانـە تیۆریەکان زاڵ ئەبن بەسەر وانە شانۆییەکان، وانە شانۆییەکانیش وەك تیۆر بەمانای ووشەکە بوونی نیە وەك چۆن میتۆد وەك فۆرمێکی زانستی جێگای گومان کردنە، چونکە ئێمە ناتوانین تیۆریانە کار بکەین کاتێ نەتوانین ڕەخنەمان لەتیۆر هەبێت، ئەو دەمەی بتەوێ لەتیۆری بریخت بۆ شانۆی داستانی کار بکەیت، ئەوەندە بەس نیە ئەوانەی بریخت ئەیڵێت تۆ بێی جێبەجێی بکەیت، بەڵکو ئەوەی لەتیۆر گرنگە ئایا فکری ماتریالیزمی دیالەکتیك کـردەی نامۆبوون ئەخوڵقێنێ؟ یاخود هەر پڕۆسەیەك کە هەڵگری هەر ئایدیایەك بێت؟ ئاخۆ فکرێك کە نەتوانێ گومان بخوڵقێنێ دێتە ناو کردەی نامۆبوون؟ ئەو پرسیارانە ڕەنگە زۆر سەرەتایی بن لەبەرامبەر تیۆردا جا ئاخۆ خوێندکار بەو زانستە سەرەتاییەی خۆیە تا چەند لە بابەتە فکریەکان ئەتوانێ حاڵی بێت؟ زۆرترین جار ئەبینین چیخۆف ئەبێتە کارنامەی خوێندکاران، زوو مامۆستا ئەوە لای خوێندکارەکەی درووست ئەکات کە لەتێڕوانینی واقعی دەروونی دەبێت ئەم

تێکسته بۆ شانۆ دەربهێنێت، بەڵام ئەو تێڕوانینە کامەیە کە ئەتوانێت ئەوانەی ستانسلافسکی کردی بە بنەمای کۆنکرێتی لەناو تیۆر ئەو دژایەتی بکات، لەپێناو خوڵقاندنەوەی تیۆر نەك دژایەتی کردنەوەی، ئێمە لەو دامەزراوە خوێندکار فێری تیۆرو میتۆد ناکەین تا دواجار داوای ئەوەی لێ بکەین کە دەبێ تیۆریانە کاربکات، ئاخۆ مامۆستاکە خۆی لە تیۆر تێگەیشتووە تا خوێندکارەکەی بە تیۆر مەحکوم بکەین، ئایا ئەو خۆی ئەزانێ دەقێکی سترێندبێرگ میتۆدیانە بخوێنێتەوە، تا خوێندکار لەژێر دەستی فێری چۆنیەتی تێگەیشتن لە میتۆد بێت، بۆیە سەرەنجام ئێمە ئەبینە خاوەنی کۆمەڵە خوێندکارێك کە بڕوانامەی دەرچوونی وەرگرتووە لە پەیمانگا تا ببن بە مامۆستای خوێندنگایەکی سەرەتایی وانەی کوردی و عەرەبی بڵێنەوە نەوەك لەگەڵ وەرگرتنی بڕوانامەکانیان ببنە شانۆکار. هەڵبەت لەگەڵ ئەوەشدا چەندین پەیمانگای هونەرە جوانەکان لەشارەکان کرانەوە، بەوەش جارێکیتر ئیشکالیەتی شانۆ قووڵتر بۆوە، چونکە کردنەوەی ژمارەیەکی زۆر پەیمانگا لەشارەکانی کوردستان توانای ئەوەی نیە بەربەست لەبەردەم ئەو کێشانە دابنێت بەهۆی ئەوەی ئەو سیستمەی خوێندن سەر بەهەمان ئیشکالیەتی دۆخە شانۆییەکەو سەرچاوە زانستیەکانە، ئێمە جگە لەوەی لەڕێگەی پەیمانگاوە لەشکری شانۆکار زیاد ئەکەین لەشکرێك توانای شەڕکردنی نیە لەگەڵ دنیا ناتوانێ جەنگ لەپێناو جوانی بەرپا بکات، هێندەی

ژمارەمان بۆ زیاد دەکات، چونکە لەلایەك خۆی لێ دەبێ بەداهێنەر وکەس ناخوێنێتەوە، لەلایەکیتر پێی وایە ئەو کارانەی لەگەڵ هاورێ خوێندکارەکانی کردوویەتی لووتکەی داهێنان بووە، ناشتوانێ کەس بخوێنێتەوە چونکە پێی وایە ئەوانیتر لەخوار ئاستی ئەون، ئەویش پێویستی بەخوێندنەوە نەماوە، چونکە لە پەیمانگا (٥) ساڵ بە شێوەیەکی زانستی شانۆی خوێندووە، بەڵام ئەو نازانێت ئەو شێوە زانستیە ئەلف و بایەکی مەعریفەیە ئەو هێشتا زانستیانە نەیتوانیووە بخوێنێت و فێر بێت و دنیا ببینێت، ئەو کارەکتەرەش کە مامۆستایە وێنەی شکستی خۆی لەکاری شانۆیی لەناو پەیمانگا دەگۆرێت بۆ مامۆستایەکی فێرکاری شانۆکار، دیارە ئەو قسەیە شێوەیەکی رەهای نیە بۆ مامۆستای پەیمانگا هێندەی بەشێکی زۆر لەو کارەکتەرە وای کردووە مامۆستا داهێنەرەکان یا پەیمانگا بەجێ بێلن یاوەکو ژمارەی کەمیان لەناو پەیمانگا نەتوانێ ئەو وێنە راست بکاتەوە، چونکە جەهل ژمارەیەکی زۆری لەناو پەیمانگاکان وەك مامۆستا و فێرکارو شانۆکار دەرکەوتوون.

## بینەرو هاوکێشەی شانۆ:

ئامادەبوونی بینەر بەشێکە لەتەواوبوونی هاوکێشەی شانۆ، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بەژمارەی بینەر شانۆ لەو ئاستەنگانەی

ئەمڕۆ دەربـازی ئەبێت؟ ئەوە ئیشکالیەتە لەشانۆدا، چونکە ناتوانین ژمارە زۆری بینەر بکەینە پێوانەی سەرکەوتن، ئێستا نەریتێکی خێزانی لەناو شانۆی ئێمەدا هەیە شانۆیەك ئەکرێت بۆ پێکەنین و کات بەسەر بردن نە شانۆی کۆمیدیەو نەشانۆی بازرگانی، بەڵکو کۆمەڵێك نوکتە و قسەی پێکەنیناوی تیا دەگێردرێتەوە بینەران بە پلیتیش ئەچنە ژوورەوە چەندین مانگ نمایش بەردەوام ئەبێت خێزانەکان ڕووی تێئەکەن بەڵام ئەو ژمارە زۆریە چ پەیوەندیی بە شانۆیەکی زیندوو هەیە؟ زەرووره کارە شانۆییەکانمان بتوانێ بینەرێکی زۆر بۆ خۆی ڕابکێشێت، بەڵام کاتێ ئەو بینەرە چێژ لە شانۆیەکی ئەزموونگەری وەرناگرێت دەبێ پێشنیاری هەڵبژاردنی شوێنی بچووك بۆ شانۆ بکرێت وەك ئەوەی ئێمە قشڵەو قەڵای کەرکوکمان هەڵبژارد بۆ شوێنی نمایشەکانمان ئەو واقیعە توانیشی ئەزموونی جیاوازمان بۆ بێنێتە دی، تا ئەو دەمەی هەست دەکەین ژمارەی بینەرەکانمان زیاد دەکات وئەتوانین شانۆکان ببەینەوە بۆ هۆڵە گەورەکان، چونکە بابیرمان نەچێت شانۆ لەکۆمەڵگای ئێمەدا بوونی نەماوە، ئەوەی هەیە پرۆژەی چەند گرووپێك و چەند شانۆکارێکە، کە کاری ئەوانەش زۆر سەختە، چونکە دەبێ شانۆ لەناو کۆمەڵگا بنیات بنێینەوە، ئەوەی هەبوو تەنها مێژوویەکە.. دەکرێ ئەو مێژووە بۆ ئێمە ببێت بە زەمینەیەکی پتەو، بەڵام پێویستە شانۆی ئەمڕۆمان گوزارشت لەمرۆڤی ئەو سەردەمەمان بکات، هیوادارم ئەو قسەیە

بەوە لێك نەدرێتەوە کە بانگەشە بۆ شانۆیەکی لاسایی کاری بکرێتەوە بەناوی واقیع، بەڵکو چۆن بەشێوازی جیاواز گوزارشت لە خەون و ئازارو شادیەکانی مرۆڤی کۆمەڵگا بکات، شانۆی ئێمە زەمەنێکی درێژ بەناوی گوزارشت کردن لەهەستی کوردبوونمان ویستوویەتی شانۆ لەناو ئایدیۆلۆژیا بخنکێنێت، شانۆیەك بۆ ئەوەی شوناسی خۆی هەبێت پەنای بردووە بۆ جل وبەرگی کوردی و ووتەزای مەبەستدار، کاتێ پێشنیاری شێوازی جیاواز وچارەسەری جیاواز دەکەین، یانی ئەتوانین شانۆکەمان رەسەن بێت و هەڵگری شوناسی کوردی بێت بەبێ ئەوەی جل وبەرگی کوردی و تەنانەت زمانی کوردیش تیایدا بوونی هەبێت، ئەوە داواکردن نیە بۆ ئەوەی شانۆ وابێت، بەڵکو ئەگەر نمایشێك بەو شێوەیەش بێت ئەتوانێت زۆر کوردی بێت و بینەر بەرەو رووی بچێت کاتێ هەست بکات جولەو دەنگ گوزارشت لەو دەکەن.

پێویستە شانۆکاریش بەرەو ئەو دیدوتێڕوانینە کار بکات کە لەگەڵ خەمی مرۆڤی ئەم کۆمەڵگایە یەکبگرێتەوە، بەڵام کاتێ باس لەخەمی ئەم مرۆڤە دەکەین مانای وانیە دنیای واقعی بۆ بگوازینەوە بۆ سەر شانۆ، هێندەی ئەوەی نیشاندەین ئەوەی خۆی لەژیاندا خاوەنیەتی و نایبینێت و سەتەلایت و میدیاکان ناتوانن بۆی دەربخەن، ئەوە شانۆیە ئەتوانێ ئەو گوتارە مرۆییە دەربخات، بینەریش پێویستە درکی ئەو راستەیە بکات کە شانۆ دامەزراوێکی کولتوری و مەدەنیە، بینەر پێویستە بتوانێ پشتگیری

تەواو لە شانۆكار بكات، بەواتايەكيتر هەريەك لەو دوانە شانۆكارو بينەر بەيەكەوە ئەتوانن شانۆ بنيات بنێنەوە، لەئێستا بوونی لابۆرێكی شانۆیی كە مەشقی ئەكتەری تیا بكرێت و دواتر شانۆشی تیا نمایش

بكرێت ژمــارەی بینەر ئەگەر بەو رادەیــەش نەبێت ئەتوانێت سەرەتایەكی باش بنیات بنێت بۆ بینین و گفتوگۆ و دەیالۆگ، كە دواترئەو ئەزموونە بگوازرێتەوە بۆ هۆڵی فراوانتر، هەروەها بوونی چەندین نێوەندی توێژینەوەی شانۆی كولتوری هاوكاریەكی پتەوی شانۆكار ئەكات بۆ ئەوەی بتوانێ مەعریفەی جیاواز بناسێت وشانۆش لەناو ئاگاییەكی فرەیی بناسین، كاری ئەو نێوزەندی توێژینەوەییە لەهەردوو بواری تیۆریی وپراكتیكی كار بكات لەبوونی دوو تیپی شانۆیی یەكێكیان گرووپێكی ئەزموونكاریانە بێت، هەروەها بوونی ماڵپەڕی شانۆیی و گۆڤاری شانۆیی وزنجیرەی چاپكردنی كتێبی شانۆیی بگرێتە خۆی، چونكە ئەوەی لە ئێستادا شانۆی سالار ئەو كارەی لەئەستۆ گرتووە كاری حكومەتی هەرێمی كوردستانە هەموو پشتگیریەكی بكات بۆ گۆڕینی بۆ ئەو نێوەندە شانۆییە، بەهۆی گۆڕینی كارەكانی بۆ دەزگایەكی شانۆیی سەربەخۆ.

بەدوای ئەو ڕامانە گشتیە لەسەر ئەركیۆلۆژیاو شانۆكاری كورد، لەئێستادا هەوڵ ئەدەین دیدێكی ڕەخنەیی بخەینە ڕوو، بۆ ئەو ڕووبەرە شانۆییە، بۆ ئەوەش كاریگەری شانۆی ئەبسێرد لەسەر شانۆكارانی هەولێر دەست نیشان دەكەین.

## کاریگەری شانۆی ئەبسێرد لەسەر شانۆکارانی هەولیر

شانۆی ئەبسێرد لەساتەوەختی لەدایکبوونی خۆیدا توانی گۆڕانێك لەناو فۆرم وتەکنیکی تێکستی شانۆیی درووست بکات، بەتایبەت بەدوای شانۆگەری (لەچاوەڕوانی گۆدۆ) ی صامۆئیل بیکت، کە ئەو شێوازە لە شانۆدا توانی وەك پرۆژەیەکی ئەلتەرناتیف بۆ شانۆی ئەرستۆیی خۆی بخاتە ڕوو، تا دەگاتە ئەوەی دەرهێنەرێکی ئەزمونکاری وەکو پیتەر بروك کاریگەری بیکت بەسەرخۆیەوە نەشارێتەوە.

ئەو شانۆیە هەمیشە وەك ڕێرەوێکی زانستی توانای ئەوەی هەیە دەرگایەکی ئەزمونکاریمان بۆ بکاتەوە، بۆیە ئەگەر هەمیشە نەتوانین دنیای تێکستەکانی نوسەرانی ئەبسێرد وەك تێکستی جیاواز سەیر بکەین، بەڵام ئەو تێکستانە توانای ئەوەیان هەیە ببن بە دەسپێك و دەروازەیەك بۆ ناو دنیای ئەزمونکاری، بۆیە سەرەتاکانی ئەزمونگەری لە شانۆی کوردیدا هەر لەڕێگەی تێکستی شانۆی ئەبسێردەوە بوو، پێشتر لە کتێبی (ئەنتۆلۆژیای شانۆی ئەزمونگەری) ئاماژەمان بۆ کاریگەری شانۆی ئەبسێرد کردووە لەسەر شانۆی ئەزمونگەری کوردی، کە چۆن ئەو شانۆیە توانیویەتی دیدی شانۆکاری کورد بەرەو ئەزمونکاریەت ببات.

ئەگەرچی بزووتنەوەی شانۆی کوردی لە شاری هەولێر یەکەم هەوڵە ئەزمونیەکانی دەکرێ بگەڕێندرێتەوە بۆ کۆتایی هەشتاکان، کە چەند هەوڵێکی ئەزمونکاری دراوە بۆ شانۆیەکی ئەزمونگەری لەوانە دامەزراندنی (تیپی شانۆی ئەزمونگەری هەولێر) و هەروەها

هەوڵەکانی شانۆکاران (فواد جەلال و کەریم عوسمان) هەڵبەت فواد جەلال لە شانۆگەری (ئەمیبای کەلاوەکان) لەدوای ڕاپەڕین دەیویست لەسەر وەڵامەکانی شۆڕش و پرسیارەکانی نەوەی نوێ ئیش بکات، بەڵام بەهۆی نەفەس کورتی لە مەشقەکان نەیتوانی ئەو پرۆژەیە بە ئەنجام بگەیەنێت، بەڵام شانۆکارانی هەولێر لەگەڵ ڕووکردنە تێکستەکانی نوسەرانی ئەبسێرد توانیان هەنگاوێکی جیاواز بنێن لەڕووی فۆڕم و تەکنیکی شانۆیی، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخە تایبەتەی سەردەمی شەڕی ناوخۆ لەناوەڕاستی نەوەتەکان، لەو دۆخەی کە شانۆکارانی نەوەی پێشوو دواین هەوڵەکانی خۆیان لەشانۆ خستە ڕوو، بەتایبەت بەدوای دیارترین هەوڵەکانی ئەو نەوەیە لە نمایشەکانی (ئەو دەمەی ئەڤین مەزنتر ئەبێت) ی فەرهاد شەریف و (کاتێ شەهێن لەسەختەن هێلانە دەکات) ی زاهیر و شانۆگەری (سێدارە) ی تەڵعەت سامان و (کلکی مار) ی فەتاح خەتاب، دەرکەوت کە ئەو قۆناغە پێویستی بەدۆخ و پرسیاری ئەو ساتەوەختە هەبوو کە جەنگ لەکۆمەڵگای ئێمە خوڵقاندبووی، چیتر پرسیاری ئەو نەوەیەی ڕاپەڕین نەوەکانی پێشوو نەیاندەتوانی وەڵامی بدەنەوە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ئەو نەوە نوێیە بەدوای دیدو دنیایەك بگەڕێت کە وەڵام دەرەوەی پرسیارەکانی بێت وبتوانێ گومانەکانی لەو دۆخە بە پرسیار بگۆڕێت، هەڵبەت دامەزراندنی پەیمانگای هونەرە جوانەکانیش بۆخۆی یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ چالاك بوون وهاتنە پێشەوەی ئەو نەوەیە.

دیارترین ئەو ناوانەی کە توانیان لەڕێگەی هەوڵەکانیان گۆڕان

لە ڕووبـەرو پانتایەکانی ئەو شانۆیە بێننە دی بریتی بوون لە «مەهدی حەسەن، هیوا سوعاد، سدیق حوسێن، کرمانج مستەفا، ژیلوان تاهیر»

ئیشکردنی مەهدی حەسەن لەتێکستی بیکت بەتایبەت لە (خۆڵەمێش) دیدو پانتاییەکی تری ناو ئەو ڕووبـەرەی بنیاتنا، بەتایبەت لەو تێکستەدا کە دیدێکی ناتەبای لەناو نمایش خوڵقاند، ئەوەش بەرەنجامی زمانێکیتر بوو بۆ گوزارشت کردن، کە ئەوشێوە ئەزمونە بۆ ئەو بووە هۆی ئەوەی ڕیتم و فۆڕمێکی تارادەیەك دوور لەهەوڵی ئەوانیتر بنیات بنێت، دواتر ئەوەشی گواستەوە بۆ ناو شانۆی کلاسیکی و لەشانۆگەری (بەبەرد بوون) ویستی ئیشکردنەکەی بباتە ناو دەقی کلاسیکی، ئەگەرچی لەڕوویەکدا ئەوە تووشی ڕەشبینی کردین بـەوەی ئەوە پـڕۆژە نەبوو لەلای مەهدی گەر وا نەبایە نەیدەبردە ناو تێکستی کلاسیکیەوە، بەڵام ئەوەی تارادەیەك ئەو ڕەشبینیەمان بڕەوێنێتەوە، پەیوەست بوو بە ئەزمونکردن لەناو دیدو تێکستە جیاوازەکان، ئەوەش لەڕێگەی ئەو ئەتمۆسفێرەی کە لەتەك نوسەرانی ئەسبێرد ڕووبەروویان دەبۆوە، وەك لە (بێدەنگی) هارۆلد بنتەر وەهەروەها لە شانۆگەری (سەفەری پاکبوونەوە) ی ئەرابال، زیاتر بە پرۆژە بوونی ئەو هەوڵەی دەرخست.

هەڵبەت ئێمەی بینەر لە (سەفەری پاکبوونەوە) بەشداری لەسرووتێکی تایبەتمەند دەکەین، ئەویش هەستکردنە بەو فەزا خنکێنەرەی بۆی خوڵقاندووین، هەمیشە چاومان لەدەستی ئەو دوو ئەکتەرەیە ڕزگـارمـان بکەن، ئەو ڕزگـار بوونەش

پاکبوونەوەمانە لەو گوناهەی کە دەرهێنەر شانۆی تیادا دەکاتە ئەو دادگا دەروونیە بۆ سزادان، بەڵام ئەگەر پرسیارەکە لەوەدا بێت کە ئەو گوناهانە بۆچی خراونەتە ئەستۆی ئێمەوە؟

ئەوە پەیوەستە بە ئیلتیزامێکی ئەخلاقی شانۆوە بەوەی پێویستە شانۆ وەزیفەی پاککردنەوەمان بێت لە گوناهەکان ئەوەش چەمکێك بوو مەهدی لەناو تێکستی ئەبسێرد درکی پێکردو دواتر لە شانۆگەری (رۆژە خۆشەکان بەسەر چوون) لەناو دیدی شیعریی رەفیق سابیر بنیاتی نا، بەڵام دیارە ئەو پەیوەندیەی نێوان شیعرو شانۆی ئەبسێرد بۆ ئەو پەیوەندیەکی نوێ نەبوو، بەڵکو پرۆژەیەك بوو، بەتایبەت لەسەرەتای هەوڵەکانی ئەو دەمەی شانۆگەری (ئاوازە پچڕاوەکان) ی نمایش کرد.

لێرەدا لەو هەوڵانە نابێت رۆڵی (دیار عومەر، کرمانج مستەفا، سەلاح حاجی، ئاری محەمەد) وەك ئەکتەر لەیاد بکەین، کە ئەو ناوانە تواناو ووزەیەکی زیندوویان بەم نمایشانە گەیاند، ئەگەرچی (کرمانج مستەفا) لەتێکستی (شاعیروداهێنەرو کۆلۆنێل) هەوڵیدا ئەو ئەزموونە بگوازێتەوە ناو ئەو تێکستە، دواتریش جارێکیتر دنیای ئەو تێکستەی پیتەر ئۆستینۆف کە بەهیچ شێوەیەك پەیوەندیی نەبوو بە شانۆی ئەبسێرد، بەڵام گۆڕیە سەر ئەو ریتمەی کە لەو شانۆیە متمانەی دەکرایە سەرو ناوی نمایشەکەشی پێنا (وەنەوەز) کە ویستی سێ کچ گوزارشت لەو دیدە بکەن، هەڵبەت لەرووی دەربڕین و ئەدای جیاواز ئەوان توانیان جەستەی مێینەی تر دەربخەن، بەو پێیەی کە ئەو بزووتنەوە شانۆییەی هەولێر

تا رۆژگارێکی زۆر کچ تیایدا وابەستە بوو بەرۆڵی دایك وزۆر جار دەزگیرانێکی ترسنۆك، دیارە نابێت ئەوە بشاردرێتەوە کە ئەو دۆخە خاڵی نەبوو لەو کۆمەڵە دەنگە مێینەیەی کە لەکارنامەی دەرچوونی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە نمایشەکانی (ئەو پیاوەی بوو بە سەگ، قایخێك لە دارستان، دەمامکی فریشتەکان) دەرکەوتن، پێویستە ئەوە لەنوسینی تر باس بکرێت.

ئەگەرچی کێشەیەك لەنمایشی (وەنەوز) هەبوو، ئەویش کێشەی گۆڕینی سێ کارەکتەری نێرینە بۆ مێینە بەتەنها ئەوەندە بەس نەبوو کە ئاماژە ڕەگەزیەکان بگۆڕدرێت، بەڵکو پێویستی بەوە بوو بونیادی پێکهاتەی کارەکتەر سەر لەنوێ دابڕێژرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم نمایشە بەیەکێك لەو کارانە لەیادەوەری ئەو قۆناغە نوێیەی شانۆی هەولێر ماوەتەوە.

هەڵبەت ڕۆڵی بورهان غەفور لەهەردوو نمایشی (سیکرابخانە و کەڤاڵی پەپوولە) دەرگاکردنەوەیەکیتر بوو بۆ ناو شانۆی ئەبسێرد، ئەگەرچی ئەو دەرگا کردنەوەیە پێویستی بە خۆرزگار کردن هەبوو نەك خۆ خنکاندن لەناو دەربڕینی دەنگ و گرژکردنی ماسولکەی جەستەیی، کە وای لێهات بوو بە فۆرمێك بۆ شانۆی ئەبسێرد، ئەگەرچی (کەڤاڵی پەپوولە) زیاتر دەیویست لەناو سرووتێکی سەما ئامێز خۆی نیشان بدات، ئەو هەوڵە دواتر کاریگەری زۆری دانا لەسەر کارەکانی (سدیق حوسێن).

بۆیە شانۆگەری (رۆژە خۆشەکان) ی سدیق حوسێن کە لە بنەڕەتدا لەشانۆگەری (ئێوارەیەك) ی هارولد بنتەر وەرگیرابوو،

ئەو کاریگەریە شیعریە لەڕووی سەماو وێنەی ڕۆمانسیانە دەکرێ بەتەواوکردنی پرۆژەکەی بورهان غەفور تەماشا بکرێت، دیارە ئەو لەشانۆگەری (فرمێسکەکانی مۆم) یشدا ئەگەرچی وەك شانۆیەکی مۆنۆدرامی خۆی نمایش کرد، بەڵام هەرچەندە ئەو کاریگەریە بوو بەشێك لەو پرۆژەیە، بەڵام توانای ئەوەی هەبوو جۆرە جیابوونەوەیەك لەوانی تر دەربخات، بەداخەوە لەوەشدا تووشی پەلەکردنێك هات بەوەی ئەزمونەکەی بە شانۆیەکی سەربەخۆ بەناوی (سات) ناونا، دیارە ئەو نەیتوانی تیۆریزە بۆ شانۆکە بکات، هێندەی لەناو بانگەشەیەکی ڕووکەشی ناونان مایەوە.

لەلای هیوا سوعاد تێکستی (چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان) ی ئەدوراد ئەلبی بووە ڕووخسارێکی تری ئەو جیهانە، کاتێ هەردوو ئەکتەرە کوڕەکەی گۆڕی بۆ دوو کچ، لەڕێگەی سینۆگرافیایەکی ئاماژەکاریەوە کە لە بنەڕەتدا تۆڕێك بوو توانی ناخی کارەکتەرەکان لەڕێگەی سینۆگرافیاکەوە بکاتە ئاوێنەیەك بۆ ناسینی دەروونی کارەکتەر، هەڵبەت ڕزگاربوون لەناخ لەناو ئەو تێکستەدا لای ئەدوارد ئەلبی جۆرێکە لە پرۆسەی ڕزگاربوون، دیارە ئەم نمایشە بەهۆی کەم ئەزمونی هەردوو ئەکتەرەکە و هەروەها دیدی دەرهێنەر نارۆشن ئەکەوتەوە بۆ ناو ڕووبەرە ترسناکەکەی زیندانی ناخی کارەکتەر وای کرد بەشێکی دیار لە ڕەهەندی فەلسەفی ئەو جیهانەی ئەلبی لەدەست بدرێت.

ئیشکردنی ژیلوان تاهیر لەناو تێکستەکانی بیکت نەیتوانی ئەو دیدە بگۆڕێت کە مەهدی حەسەن دەری خست، بەواتای

ئەو دارشتەیەکی تری بە بیکت نەبەخشی، بەقەد ئەوەی وای لێهات تێکستەکانی شانۆی ئەبسێرد بۆ شانۆکارانی هەولێر بوو بە فۆرمێك کە ئەوە بە فۆرمی نوێ بۆ شانۆ سەیر بکەین، دیارە ئەوەش وەك شانۆیەك هێندەی لەناو سونەتگەرایی خۆی دەخنکاند، توانای کەشف کردنی جیهانی نوێی شانۆیی نەبوو، بۆیە لێکچوون بوو بەخاڵێکی زۆربەی نێوان ئەو دەرهێنەرانە، لەکاتێکدا ئەوان لەسەر ئەو لێکچوونە کارەکانیان زیاتر لەیەکی نزیك دەکردنەوە، کە دەبوو ئەوەی لەیەکتریان نزیك بکاتەوە تەنها دنیای نوسەرەکان بێت لەژێر ناوی ئەبسێرد، واتە جیاوازیەکان بەیەکی بگەیاندبانەوە، کە بەداخەوە وا نەکەوتەوە.

بەتایبەت ژیلوان تاهیر لە شانۆگەری (لەچاوەڕوانی گۆدۆ) دیارە هەر لە لابردنی بەشێکی زۆری تێکستەکە بووە هۆی ئەوەی زەمەنی چاوەڕوانی تیا بکوژرێت، تەنانەت لەڕووی جولەی کارەکتەرەکان نەمانتوانی ئەوە هەست پێبکەین کە ئەوان چاوەڕوانن بەقەد ئەوەی دەیان ویست گەمەی چاوەڕوان بوون نیشان بدەن، دیارە ئەو ئیزافانەی خراونەتە سەر تێکستەکە هێندە نارۆشن دەکەونەوە، چونکە بەمەبەستی پەیوەندیەکی جێگیر نیە بۆ ئەو دیمەن ودەیالۆگانەی لابراون، لەوانە لابردنی ئەو منداڵەی کە هەواڵی نەهاتنی گۆدۆیان پێدەڵێت، لەشوێنیدا ئەکتەرێك دێت پارچە قوماشێکی سپی بەسەر شانەوەیەو هیچ ناڵێت، ئەوەش دیدی فەلسەفی بیکتی پێکوژرا، بەهۆی ئەوەی منداڵەکە کە دێت پێیان دەڵێت کە ئەمشەو گۆدۆ نایەت، ئەوەش درێژبوونەوەی

چاوەڕوانیە، بەڵام ئەو قوماشە سپیە تەسلیم بوونی چاوەڕوانیە بە کارەکتەر، ئەوەش دوو کردەی هاودژن لەنێوان تێکست و نمایش کە بە کوشتنی چاوەڕوانی تەواو دەبێت.
ئەمجارەیان لە (کۆتایی گەمە) ی بیکت ژیلوان زیاتر هەستی بەترسناکی ئەو ڕووبــەرە کــردووە، بۆیە نایخاتە سەر شانۆ، بەڵام لەڕێگەی بازنەیەکەوە هام وکلۆف هەڵدەستێنێ بەو گەمە شانۆییە، ئەگەرچی دەبوو جولەی ئەکتەر بازنەیی بێت نەوەك بەپێی جولەی بیانی تەختەی شانۆ بجولێنەوە، ئەوە جگە لەوەی لەڕووی بارستاییەوە توانیبووی دیمەنی جوانکاری بەرز بخولقێنێت، بەڵام وێنەیەك دواتر نەیتوانی ببێتەوە بەشێك لەناو نمایشەکە، ئەوەش پەیوەست بوو بە زەوتکردنی ووزەی نیل و ناگ، چونکە پێویست بوو ئەو دوو کارەکتەرە ئاوا لەناو مت بوون نەکوژرابان، بەقەد ئەوەی دەبوو لەڕێگەی جولەوە گوزارشتیان لەدنیای هام وکلۆف بکردایە.
خاڵێکیتر ئەوە بوو کە سێکس یەکێکە لە بابەتە پەراوێزەکانی ناو ئەو تێکستە، ئەوەش گوزارشت لە بێمانایی لە زەت و وەچە نانەوە دەکات، بەڵام دەرهێنەر بە بایەخەوە دەیویست مەسەلەی سێکس بخاتە ڕوو، ئەگەرچی مەبەستی بوو کێشەی ڕەگەزبازی دەربخات، بەڵام ئەوەش بەبێ هۆکار لەناو نمایشەکە دەمایەوە، بۆیە ئەو نمایشە توانای ئەوەی نەبوو ئاماژەو دەربڕینەکانی کۆبکاتەوە، جگە لەوەش نەیتوانی وێنەیەکی هاودژ بۆ ئەو شانۆیە بخاتە ڕوو.
لێرەدا دەتوانین دەرەنجامی ئەو نووسینە بەوە چڕ بکەینەوە،

كه شانۆی ئەبسێرد تەكانێكی جدی بە شانۆی كوردی لە شاری هەولێرداوەو توانیویەتی لەڕووی بیناسازی وسینۆگرافیاوە دیمەنی شانۆیی بگۆڕێت، وەك چۆن لـەدەرەوەی عەقڵی میتافیزیكی هەوڵی پرسیارە متبووەكانی ڕابردووی خستۆتە ڕوو، ئەوە جگە لەوەی توانای كچانی شانۆكاری تیا دەركەوتووە، كە ئەوان چیتر پەراوێزی ناو نمایش نەبن، هێندەی لەناوەندگەرێتی دەربكەون.

خاڵێكیتر ئەوەیە لـەلای هەریەك لە سدیق حوسێن وكرمانج مستەفاوە خولیا بووە بۆ هەوڵی جیاواز، بەڵام نەبۆتە پڕۆژەی شانۆیی، بۆ هیوا سوعادو ژیلوان تاهیر گـەڕان بوو بۆ كەشف كردنی دنیای تازەگەری، هەرچی بورهان غەفورە لەڕەهەندی جوانكارییی هەوڵیداوە دیدێكی ئیستاتیكی بە ئەرابالْ و بنتەر ببەخشێت، ئەوانەش وێنەیەكی ترە بۆ ئەو خولیای جێپەنجە دەركەوتن نیشان بدەن، هەرچی مەهدی حەسەنە ئەو لەوانیتر جیاوازە شانۆی ئەبسێرد بۆ ئەو پڕۆژە بووەو بە پڕۆژە كاری تیا كردووە، ئەوەش پەیوەستە بە ئاگایی شانۆیی مەهدی بەو شانۆیەو درككردنی بەوەی توانای ئەو لەناو ئەو تێكستانە دەبێت بیگەیەنێتە دنیای پشكنین ودۆزینەوە وگەڕان، هەڵبەت توانیویەتی لەڕێگەی ئەزمونكردنی لەناو تێكستی نوسەرانی جیاوازی ئەبسێرد زۆر ڕەهەندی لە ئێمە شاراوەو ڕیتمی ئەو شانۆیەمان بۆ دەربخات، بۆیە ئەوەش هاوكاریەكی باشی دەكات بۆ ئەوەی زیاتر لەناو ئەو شانۆیە قووڵ بێتەوەو دیدی جیاوازتر دەربخات، كە شانۆ وەك پڕۆژە ببینێت نەك خولیای بەرهەم هێنانی نمایش بێت.

# سیمیۆلۆژیای شانۆیی

سیمیۆلۆژیا بەرەنجامی لەدایکبوونی زمانناسیە، هەردوو پڕۆژە زمانەوانیەکەی سۆسێر و بێرس بووە هۆی ئـەوەی ئاماژەی زمانەوانی لەکایە جیاوازەکاندا ببێتە زانستێکی مەعریفی، دیارە کاریگەری فۆرمالیستەکان و ئیشکردنی باختین لەسەر زمان و قوتابخانەی براگ هەموو ئەوانە یارمەتی دەربوون بۆ ئەو دۆخەی رۆلان بارت بنەماکانی سیمیۆلۆژیای تیا دامەزراند، بیرۆکەی مەرگی نووسەر بەرەنجامی ئەو بنەمایانە بوو، ئەوە جگە لەوەی تیۆریزەی ئاماژە زمانەوانیەکانی کرد لەڕێگەی دال ومەدلولی سۆسێریی.

دوای ئەوەی سیمیۆلۆژیا بووە خاوەنی بنەمای تایبەت بەخۆی قۆناغێکیتر تیایدا سەری هەڵدا کە دەتوانین بە سیمیۆلۆژیای هاوچەرخ نـاوی بەرین، هەریەکە لە (ژۆلیا کریستیفا، جاك دریدا، ئیمبرتۆئیکۆ) دیارترین دەنگەکانی ئەو قۆناغەن، بەوەی هەریەك لەوان توانی گەشە بەو میتۆدە بدات، کریستیفا لەڕێگەی تیۆری دەقئاوێزان کە ئیشکردنەوە بوو لەناو یادەوەری دەقەوە بەوەی «دەقئاوێزان پەیوەندی نێوان دەقێکە لەگەڵ دەقێکیتر، یان لەگەڵ چەند دەقێك، ئەوەش دەق دەکات بە سێنتەرێك بۆ پەیوەندیەکی دیالەکتیکی، کە دەق دابڕاو نیە لەدەقەکانی بەر لەخۆی، بەڵکو لەگفتوگۆی نێوان دەقەکانداین، بەڵام دەقە نوێیەکە لەناو ئاگاییەکی مێژوویدا دەجولێتەوە، کە ڕەهەندێکی ئەبستمۆلۆژی پێ دەدرێت، ئەوەش دەق وەك زانستێکی سەربەخۆ

سەیر دەکات» رەخنەگرتن لەمۆدێرنیتی/ نیهاد جامی، سەنتەری روناکبیری هەتاو (هەولێر) ٢٠٠٦، لا ١٧٢
هەروەها لەرێگەی زاراوەی ئیدیۆلۆژیم توانی پانتاییەکیتر بە سیمیۆلۆژیا بدات، ئەوەشی لە بنەرەتدا لە میخائیل باختین وەرگرتووە، کە دەنگی دەقەکانیترە لەناو دەقدا. لێرەدا ئەگەر بمانەوێ زۆر بەخێرایی ئەو جیاوازیانەی کریستیفا دەست نیشان بکەین، دەبێت ئاماژە بە بایەخدانی بدەین بە مەدلول، کە بونیادگەری بەتایبەت بارت بایەخی زیاتر بە دال بوو، بۆیە گەمەی شاردنەوەی مانای گۆری بۆ (بیرکردنەوە لە مانا) ئەوەش لەرێگەی پرسیارکردن لە زەمەنی ئامادەگی زمان وپرسیارکردنەوە لەئێستا وەك زەمەنێکی زیندوو، هەموو ئەمانەش لەناو دەقناسی ئەنجام دەدات، لەو سیاقەدا دەقناسی زۆر بەگەورەتر لەسیمیۆلۆژیا سەیر دەکات «دەقناسی لەوە گەورەترە تەنیا ببێ بە سیمیۆلۆژیا یا سیمیاگەری، بەڵکو وەك بونیادێکی رەخنەیی دەردەکەوێت بۆ مانا و رەگەزەکان ویاساکانی، دواتریش بۆ دامەزراندنی شیکردنەوەی سیمیۆتیکی» علم النص/ جوليا كريستيفا، ترجمة: فريد الزاهي، دار توبقال للنشر، الطبعة الثانية ١٩٩٧، ص ١٦.
لێرەدا نابێ رۆڵی ئیمبرتۆئیکۆ لە سیمیۆلۆژیا فەرامۆش بکرێ، ئیکۆ لەبارەی زاراوەی ئیدیۆلۆژیمی کریستیفا هاورایی خۆی نیشان دەدات، بەوەی «ئیدیۆلۆژیەتی ئاماژە وەك کریستیفا دیاری کردووە، ئینسیجام دەکات لەگەڵ بروا کلاسیکیەکان بۆ بابەت» نظرية العلامات ودور القاريء/ امبرتو ايكو، ترجمة: د. عبدالستار جواد، الاديب المعاصر العدد ٤٦.

بایەخیش بە ئاماژە و مەدلول دەدات، نەك دال و مەدلول، دەکرێ ئەوە زیاتر پابەست بوونی بێت بە بێرس نەوەك سۆسێر، چونکە زمان لای بێرس بریتیە لە (ئاماژە/ ئەیقونە/ رەمز) ئیکۆ ئاماژەی بێرس وەردەگرێت لەگەڵ مەدلولی سۆسێریی ئیشی پێ دەکاتەوە، ئەوەش پەیوەندی کردنەوە نیە بەدوو تیۆری زمانەوە، هێندەی پەیوەندی ئاماژەی زمانە بە سیستمی دەلالی، ئەوەش پەیوەندی تیۆری گەیشتنە بە مەدلول، چونکە «تیۆری گەیشتن پەیوەندیەکی دیالەکتیکیە بە تیۆر بۆ مەدلول، پێش هەموو شتێك دەبێ ببێت بە تیۆر بۆ ئاماژەکان» نظرية العلامات ودور القاريء/ امبرتو ایکو، ترجمة: د. عبدالستار جواد، الادیب المعاصر العدد٤٦ ئێمە ئەگەرچی ناتوانین پـرۆژەی رەخنەیی دریدا راستەوخۆ بگەڕێنینەوە بۆ سیمیۆلۆژیا، چونکە لەبنەڕەتدا رەخنەگرتنە لە سیمیۆلۆژیا، لەڕێگەی گراماتۆلۆژیا (زانستی نووسین)، بەلام ئەو رەخنەکانی لەسەر ئەو ئاستەیە کە جیاوازی لە سیمیۆلۆژیا دەست نیشان بکات، بۆیە دەکرێ وەك رەخنەگرێك لە سیمیۆلۆژیا سەیری بکەین، بەتایبەت کاتێ سۆسێر بۆچوونی لەسەر ئاماژە پێی وایە ئەوە دال و مەدلول نیە، بەڵکو وەك یەکێتیەك دەیبینێت، دریدا ئەو یەکێتی بوونە بە جیاوازی ناو دەبات، جیاوازی بەتەنیا بریتی نیە لە چەمکێکی فەلسەفی کارەکانی دریدا، بەڵکو ئەو لەڕێگەی سیمیۆلۆژیای هێرمنیۆتیکیەوە دەیـەوێ رەخنە لە سێنتەری بنەماکانی سیمیۆلۆژیای بارت بگرێت، بەوەی «بەڵگە– کە وەك بونیادێکی سیمیۆلۆژی لای بارت دەرکەوتبوو، ئەوا لای دریدا ئەو بونیادە هەڵدەوەشێنرێتەوە، هۆیەکەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ

ئینتیمای میتافیزیکی بەڵگە» رەخنەگرتن لەمۆدێرنیتی/ نیهاد جامی، سەنتەری روناکبیری هەتاو (هەولێر) ٢٩٩٦، لا ٢٩٢

دیـارە ئەو چەندە ڕەخنەکانی زیاتر ئاراستەی سۆسێرە، بەڵام ئەوەی وای کردووە ڕەخنە لە سیمیۆلۆژیا بگرێت، ئەوە خوێندنەوەی دەرەنجامە سیمیۆلۆژیەکەی کریستیفایە، تارادەی ئەوەی بەشی کتێبێکی خۆی بۆ دیالۆگێکی ئەفلاتونیانە، مەبەست لەدەیالۆگی ئەفلاتونی ئەو شێوە ئاخاوتنەی فەلسەفەیە لای ئەفلاتون کە خۆی پرسیار دەکات و هەرخۆشی وەڵام دەداتەوە. لەگەڵ کریستیفا تەرخان دەکات، بەتایبەت لەهێنانی دەروون شیکاریی بۆ ناو سیمیۆلۆژیا، بۆیە ڕەخنەکەی لەوێوە دەگرێت کە «دەشێ وێنای توانای زانست بکرێت، کە بایەخ بە توێژینەوەی ژیانی بەڵگەکان دەدات لەناو کۆمەڵگادا، ئەو زانستەش بەشێکە لە دەروون شیکاریی کۆمەڵایەتی ودواتریش لە دەروون شیکاریی گشتی، ئەوەش هەڵگری ناو سیمیۆلۆژیایە» مواقع/ جاك دريدا، ترجمة و تقدبم (فريد الزاهي) دار التوبقال للنشر، الطبعة الاولى ١٩٩٢، ص ٢٧، ڕەخنەکانی لە سەر ئیشکردنی کریستیفا لە دەقـی فرۆید، ئەگەرچی هەندێ جار دەچێتە سەر (بەڵگە) وەك بنەمایەکی بـارت، بۆیە لەبەرەنجامدا ڕەخنەکانی لەو بنەما بارتیەو لەتەواوی دەرەنجامەکانی کریستیفا لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە «زمانی بەکارهێنان بێلایەن وبێتاوان نیە، بەڵکو زمانی میتافیزیکی خۆرئاوا، کەتەنها هەڵگری ژمارەیەکی گرنگ نیە لەگریمانەی جیاواز، بەڵکو هەروەها گریمانەی وابەستەو بەشێوەیەکی سەمتی، ئەو سەرنجەش پاڵمان پێوە دەنێت

بۆتوێژینەوە لەسەر شوێنەواری  ئەو گریمانەیەی نێو گوتاری سۆسێریی» مواقع/ جاك دريدا، ترجمة و تقدبم (فريد الزاهي) دار التوبقال للنشر، الطبعة الاولى ١٩٩٢، ص ٢٣، بەدوای ئەو سەرەتا خێرایە بۆ سیمیۆلۆژیا، ئێستە دێینە سەر دەرکەوتنی ئەو زانستە لەهونەری شانۆدا.

سەرەتای سەدەی بیستەم ، دەسپێکێکی جیاوازی توێژینەوەی شانۆییە، ڕێك لە ١٩٣١ کاتێ دوو توێژینەوەی شانۆیی لە چیکسلۆفاکیا بڵاو کرانەوە، لەژێر ناوەکانی (ئیستاتیکای هونەر و درامـا) لەنووسینی ئۆتاکار زیتی، (هەوڵدانی شیکاریەکی بونیادگەرانە بۆ دیاردەی ئەکتەر) لەلایان مۆکارۆفسکی.

ئەم دوو توێژینەوەیە بەسەرەتای دەرکەوتنی سیمیۆلۆژیای شانۆیی دادەنرێت، بەهۆی ئەوەی سەرەتایەکی لە پەیوەندیی ئاماژەناسی لە شانۆدا تیادا خراونەتە ڕوو، ئەوە سەرباری جۆرێکی جیاواز لەتوێژینەوەی زانستی، ئەو دەرکەوتنەش لەژێر سایەی قوتابخانەی بـراگ بـوو، کە ویستیان ئاماژەی سۆسێریی بگوزانەوە بۆ یەکەی نمایشی شانۆیی، بەتایبەت ئەوەی لای مۆکارۆفسکی لەبارەی ئەکتەرەوە وەك دیاردەیەکی فینۆمینۆلۆژیی لەشیکارکردنی بونیادگەریەوە سەیری دەکات.

سیمیۆلۆژیای شانۆ خوێندنەوەی ماتریالەکانی شانۆیە لەهەردوو ئاستی دەق و نمایش، هەموو ئەوانەی لەنووسینی دەقێکی شانۆیی و لەنمایشی شانۆیی دەبینرێت ئاماژەی شانۆیین، بەئاماژە بوونیان سیستمێکی ڕێکخەر گوتارێکی سیمیۆلۆژی

نمایش ڕێکدەخات، ئەو ڕێکخستنە ستراتیژی سەرەکیەتی بەهۆی ئەوەی وەك هیرمنیۆتیکا بەدوای کەشف کردنی ماناوە نیە، بەڵکو دەیەوێ مانا بەرهەم بێنێت، ئەو نایەوێ مانای نێو ئاماژە کەشف بکات، هێندەی ئەوەی بەلایەوە جێگەی بایەخە چۆن ئاماژەکان مانای بۆ بەرهەم دێننەوە، ئەوەش بەتەنیا لەئاستێکەوە ئیشی لەسەر ناکات، بەڵکو هەر لەخوێندنەوەی دەرهێنەرەوە بۆ دەقە شانۆییەکە تا دەگات بە لێکدانەوەی بینەر بۆ نمایش. قضایا السمیولوجیا المسرحیة/ باتریس بافیس، ترجمة: محمد العماري، علامات العدد (١٦) ٢٠٠٤ ص ١٠٢

هەر بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین لەتێڕوانینێکی ڕەخنەییەوە لەسەر چۆنیەتی خوێندنەوەی سیمیۆلۆژیای شانۆیی بووەستین، کە چۆن ئیش دەکات، ئەو ئیشکردنەی ئێمەش لەو تەوەرەیە لەسەر دوو چەمکی سەرەکیە ئەوانیش (کوشتنی ئاماژە) و (جودابوونی زەمەن) ە.

سەرجەم ڕەگەزە پێکهاتووەکان لەناو پرۆسەی نمایش هەڵگری خاسیەتی سەربەخۆن، هارمۆنیەتێك ڕەگەزەکان کۆ دەکاتەوە ومانای تازە بەو ئاماژانە دەبەخشێ کەهەموو چەمکەکانی پێش هاتنی نێو ئەو پرۆسەیە ڕەهەندی تری هەبوو، ڕەهەندێك کە بەو فراوانیە سنووری خۆی نەبەزاندبوو، ئەوەش لەنێو دەقی ڕەخنەییدا بە (سیمیۆلۆژیای نمایشی شانۆیی) ناو دەبرێت، کە دۆزینەوەی ئەو ئاماژانەیە بکەری نمایشی شانۆیین، ئەوانەش لەناو هەڵگری گوتاری نمایش بەپێی چەمکی سۆسێر دۆزینەوەی زمانە، نەووتراوی زمانە لەنێو گوتاری نمایشدا، ئەو زمانەش کەبووە بە

ووتراوی سیمیۆلۆژیا هەڵگری کۆمەڵە موفردەو بونیادێکە لەنێو خۆیدا ولەپشت ئاماژەوە خۆیان حەشارداوە بۆ یەکبوونی ئاماژە لەنێو هێلی گەیاندن (یەکەی نمایش) کاری ڕێکخستنی پێ سپێردراوە، بۆ ئەوەش پێویستمان بەرەخنەیەك دەبێت کاری وێرانکردن بێت، بۆ ئەوەی رووی ڕاستەقینەی بونیادەکان ئاشکرا بکات، نەك لەناو جەستەی شانۆ (سیمیۆلۆژیا) خەریکی گەڕان بێت، چونکە ئەوە کارێکە دەچێتە خانەی شیکردنەوە، ئەوەیتریان بەرەو هەڵوەشاندنەوەی ڕەگەزەکانمان دەبات، تا لەنێو سیستمێکی ڕێکخەر یەکیان بخەینەوە، ئەوەش جیاوازی نێوان ئاماژەو مانایە «ئاماژەکان بەدوای یەکەوە نین، بەڵام ماناکان وانین» رولان بارت نحو سیمیائیة سینمائیة، افاق عربیة العدد (٨) اب ١٩٩٩

ئەو کاتەش پێویستمان بەکارخستنی کۆد دەبێت، تاوەکو مانا لەنێو ئاماژەدا خۆی دەربخات و کاری نێرەر و نێردراو بۆ دۆزینەوەی سیستمی ئاماژە بکاتە بەشێکی ڕێکخەرەکە، بۆئەوەی پارادیگمی و سانتاگمی وەك تەوەری ئاسۆیی و ستوونی کار بکەن، ئەوەش «توانای شانۆ لە ووتنی کۆمەڵە شتێك لەیەك کاتدا دەردەخات، بەدوای ئەوەش کۆمەڵە حیکایەتێکی بەدوا یەك و لەیەکچوو نیشان دەدات» العلامة في المسرح/ ابرد سفیلد، جریدة الوان العدد (١) ١٥ تموز ١٩٩٧

تاوەکو دەقی نمایش کۆمەڵە ئاماژەیەکی تری پێ بدۆزێتەوە، لەڕێگەی سینۆگرافیاوە فەلسەفە و جیهانبینی دەرهێنەرمان پێ دەناسێنێ، زیاتر ئەو ئاماژانەیە دەرهێنەر بەکاری دەخات، بۆیە

لەو کاتەدا زەمەنی نمایش.. زەمەنی دەرهێنەرە.. تەقاندنەوەی خەیاڵ هێناویەتی، سەرکەوتنی پڕۆژەکەش لەدیدگای دەرهێنانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام ئەگەر دەرهێنەر ئینتیمایەکی ڕەهای بۆ دەقی نووسراو کرد، بەو پێیەی ئاماژە بیستراوەکان بەرجەستە بکات، ئەو کاتە بەهای نمایش سەرکەوتنی ژێرخانە، نەك توانای نێرەری نمایش (دەرهێنەر) چونکە ئەو ئینتیمای بۆ نووسەر و ملکەچی و دڵسۆزی بۆ نواندووە، نەهاتووە کار بۆ زەمەنێکی نادیار بکات، بەو کارەش ئەو بەکەسێك دەمێنێتەوە «دیلی ئەفسوونی دەقی شانۆییەو ئینتیمای بۆ باوکی شەرعی دەکات کە نووسەرە» في حوار طويل مع عواطف نعيم، صوت الطلبة العدد ٤٩٠، ٦ اذار ١٩٩٩

نێردراو چاوەڕوانی تێڕوانینی تازەیە لەکردەی وەرگرتندا، ئەو دەیەوێ خوێندنەوەی دەرهێنەر لەنێو دەقەکەدا ببینێت، ئەو خوێندنەوەیەی بۆ ئێستا کارمان پێدەکات، پێویستی بەوە نیە نمایش بەرجەستەکردنی تێڕوانینەکانی نووسەر بێت، چونکە ئاماژەکانی دەقی نووسەر پەیوەستە بە زەمەنی نووسین، ئەو لەکاتی خوێندنەوەی سەر کاغەز کاری لەتەکدا دەکات، کارکردنی دەرهێنەر گۆڕینی ئاماژەیە بۆنێو مەملەکەتی بینراو، چونکە شانۆ هونەری بینینە، هەر ئەوەشە ئارتۆ دەگەیەنێتە ئەو دەرەنجامەی بە ئەکتەرەکانی بڵێت پێویستە دەیالۆگەکانتان بینەر بەچاو گوێی لێ بێت، بۆیە کوشتنی ئاماژە لەپرۆسەی نمایشی شانۆیی دامەزراندنی کۆمەڵە ئاماژەیەکیترە، ئەوەش مانا بەرەو فراوان بوونی وێنە هزریەکان دەبات، زەمەنی نمایش دەکەوێتە نێوان

جودابوون و کوشتنی ئاماژە مێژووییەکانی زەمەنی ڕابردوو بەجێ دێڵێ، چونکە دەیەوێ لەدامەزراندنەوەی ئاماژە زەمەنێکی تازە بدۆزێتەوە کە کار بە ئاماژە بکات، ئەو نایەت ئاماژە تازەکان لەنێو زەمەنی ڕابــردوو بەکار بخات، بۆیە ئاماژە دەکەوێتە نێوان جودابوونی زەمەن، بەوەش گوتاری سیمیۆلۆژیای نمایش دەگۆڕێتە سەر زەمەنێکی نادیار.

جودابوونی زەمەن خولْقاندنەوەیەکی ترە لەڕێگەی کوشتنی ئاماژە و زەمەن، کە پیتەر بروك بە ڕووخان و بنیاتنان ناوی دەبات، شانۆش بەو کارە لەدەسەڵاتی ڕەهای ئەدەب ڕزگاری دەبێت، هەوڵی دۆزینەوەی گوتارێکی تایبەتمەند دەدات بۆ گەیشتن بەڕووی نەووتراوی دەق، چونکە سیمیۆلۆژیا کار لەسەر ئاماژەکانی پێشوو ناکات، بەڵکو دەق وەك بونیادێکی مردوو وەردەگرێ، دەرهێنەری ئەزموونکار لەو جیهانەوە سەیری ئاماژەی دەق دەکات ودەیەوێ ئاماژەی تــازەی پێ بدۆزێتەوە، ئــەوەش بۆخۆی ڕزگاربوونە لەدەسەڵاتی دەق و دۆزینەوەی گوتاری شانۆیە، تیایدا ئەکتەر و دەرهێنەر دەبن بەنێرەری نمایش و گوتارە شانۆییەکە ئاراستەی وەرگر دەکەن، ئەو گوتارەی دەبێتە دەسەڵاتی نمایش، چونکە «نمایش بە توخمەکانیەوە ڕەهەندو مانای تازە دەدات بەدەق و دوورترین کاریگەری لای وەگر بەجێ دەهێڵێت، دەرهێنەری داهێنەریش لەتوانایدایە دەقی پاشکۆ بخووڵقێنێت، لەڕێگەی ئامراز و دەلالەتە شاراوەکانی نمایش، ئەوەش بەمەبەستی دەرکەوتنی بونیادی قووڵی دەق کە لەخوێنەر شاراوەیە» (مدخل الى السيمياء في المسرح/ زياد جلال، منشورات وازرة الثقافة (عمان) ١٩٩٢ )

بۆیە ئەو دەقەی لەکاتی کارکردن دەکەوێتە بەر هەرەشەی وێران کردن ولەپرۆسەی نمایش بوونی نامێنێت، ئەوا لەدەسەڵاتی نمایشدا دەقێکی تازەی پێ دێتە بوون، کە زەمەنی دەرهێنان لەرێگەی دیدگاوە ئاماژەکان دەگۆرێت بۆ ئاماژەی تر، ئەویش گۆرینی ئاماژەی زمانەوانیە بۆ ئاماژەی بینین، لەو کاتەدا کەلەناو زمانی نووسراو ئاماژەی نووسینە، بەهۆی زمانی نووسراو دەقێك بەرهەم دێنێت بەپێی دارشتنەوەی ئاماژە قووڵبوونەوەیە بۆ زمان، بەو کارەش گوتاری نمایش لەنێرەر دەگوازرێتەوە بۆ وەرگر، چونکە دۆزینەوەی پەیوەندیە دەلالیەکان رێگا خۆشکەرە بۆپشکنین و ئاراستەیەکی تازەیە بۆ پرسیار، خوێندنەوەی نادیار و خوڵقێنراو سنوورەکانی دال فراوان دەکات، بەهۆی کارکردن بە دەلالەتەکان و کوشتنی ماناکان، چونکە لەکوشتنی ئاماژە مانا حازر بەدەستەکان نامێنن، بۆیە دەکەوینە بەردەم ئەو پرسیارەوە: ئەو ئامازانە چین دەرهێنەر لەنێو دەق بەئاماژەیتر دەیانگۆرێت ولەپانتایەکی تازەدا ئاماژە مردووەکانی دەگۆرێ وئاماژەی تازە دەخوڵقێنێ؟

لەو کاتەدا دڵەراوکەیەك هەیە، دوودڵیەکی پیرۆزە، دەیەوێ بمانباتە نێو چەمکە فەلسەفیەکان تاوەکو لەنێو کارکردن لەدەق بگەینە جەستەی ئەرکیۆلۆژیای نمایش، کە کوشتنی ئاماژەیە لەنێو دۆزینەوەی دالدا، ئەوەش نمایشی شانۆیی دەکاتە کۆمەڵە ئاماژەیەکی زمانەوانی کە کۆدی جەستە یەکیان دەخات، تا ئەو هەموو ئاماژە زمانەوانیەی کە بوونە بە (سیمیۆ– پێکهاتە) ی شانۆ، کۆمەڵێك دەلالەتی تازە بەکارە شانۆییەکە ببەخشێت،

ئەوەش دەرکەوتنی ئاماژە و تێڕوانینی هـاودژی دەرهێنەرە لەجیهانی نووسەردا بەهۆی گۆڕینی ڕەهەندەکانی ئاماژە.
بۆیە وێنەی فۆنۆلۆژی ئاماژەی ئەودیو دەنگەکانە، ئەو وێنانەن بەهۆی دەنگەوە هەست بە بوونیان دەکەین، یاخود وەستان وەك ئەو تەکنیکەی لەشانۆگەریەکانی بیکت و بنتەر دەیبینین، بەو کارەش بکەرەکانی ئاماژە بۆ گەیاندنی (هەواڵ، ڕازیبوون، بەربلاوی) لەسەر ئاماژە زمانەوانیەکان چڕ دەکرێنەوە، تاوەکو مەبەستی خودبوونی زمان ئاماژەکانی تریش بگۆڕێ، گۆڕانیش واتە وێنەیەکی دەلالی کە شوناسی سیمیۆ– پێکهاتەمان لادەکات بە سیمیۆ– دەلالی. (البلاغة والاسلوبية/ هنريش بليت (نحو نموذج لتحليل النص) ترجمة و تقديم (د. محمد العمري) منشورات دراسات سال (البيضاء) ١٩٨٩.
لێرەدا بەپێی چەمکی بارت نمایش دەتوانێ ئاماژە دیارەکانی بگۆڕێت بۆ کۆمەڵە ئاماژەیەکی ئەفسانەیی، کە دووری دەکاتەوە لەو تێگەیشتنە چیرۆك ئاسایەی ئەفسانە، بەڵکو ڕەهەندێکیتری نەمریی پێ دەبەخشێت ئەویش سیستمێکی ئاڵۆز و تێکچڕژاوی وێنەی هزریە، بوونی ئەو سیستمە ئاڵۆزە لەنێو بونیادی وێنەی شانۆییدا کوشتنی ئاماژەکانی دەقی مێژووە، بۆ دۆزینەوە وپرسیار وئاماژەی دەقی ئێستا کە ئەویش زمانێکیتری شانۆییە، بۆیە ئەگەر لەژێر تێڕوانینی ئۆبرد سفێڵد سەیری ئاماژەی نمایش بکەین، ئەوا لەنێوان ئاماژەکانی دەق ونمایش کەلێنێکی دیار دەبینرێت، ئەوە دەبێ بەکاری دەرهێنەر لە ئەرکیۆلۆژیای نمایشدا، چونکە دەبێ دەلالەتەکانی دەق لەپڕۆسەی هەڵوەشاندنەوەو یەکخستنەوەی

لەگوتاری نمایش بگۆڕدرێن بەدەلالەتی تازەی نەبینراو.
گۆڕینی دال سڕینەوەی مەدلولە، کەواتە گۆڕینی یەکێکیان ئەویتریش دەگۆڕێت، سەرباری ئەوەی بەڕادەیەکی زۆر مدلول ژمارەی لە دال زیاترە، هۆیەکەشی ئەوەیە دال ئاماژەی پرسیارە، پرسیاریش زیاد لەوەڵامێك لەخۆ دەگرێت، خۆئەگەر بەپێچەوانەوە بایە، ئەوا شانۆش وەك هەر دامەزراوێکیتری ڕۆشنبیری بێئیرادە دەبوو لەگۆڕینی ڕووداوەکان. بەدال کردنی نمایشی شانۆیی بنیاتنانی دەقی بینراوی کراوەیە کە هەڵگری پرسیار بێت، پرسیارێك ئاماژەی تیا بکوژرێت بۆ دۆزینەوەی بونیادە شاراوەکان، ئەوەش پەیبردنە بەنهێنیە کۆسمۆلۆژیەکان کە سیمیۆلۆژیا دەکاتە ئەو جەستەیەی لەکۆمەڵە بونیادێکی پێکهاتەیی پێك دێت، چونکە هەر بونیادێك لێرەدا ئاماژەی دیاری خۆیەتی.
جێگۆڕکێ بەیەك لەو هەستەو بەئاڵوگۆڕ کردن بەهەستی بەرامبەر، دەروازەی چوونە نێو ئاماژە تازەکانە، هەر ئەوەش سینۆگرافیای خەیاڵ دەیهێنێتە بوون، ئەوە جودابوونی ئاماژەیە لەنێو بەراووردکاری سیمیۆلۆژی نێوان زەمەنی نووسەر وگۆڕینی لەساتی کارکردنی دەرهێنەردا، پێویستی بەو ئاراستە ڕێکخەرە مانا کاری تیا دەکات، کە ئەمبرتۆ ئیکۆ لەبارەیەوە دەڵێت «پرۆسەیەکی بەردەوامە بۆ گەڕاندنەوەی ڕێکخستنی کۆد، کە داخستنی نیە» ( المعنى الادبي/ وليم راي، ترجمة (د. يوئيل يوسف عزيز) دار المأمون (بغداد) ١٩٨٧)
بۆیە مانا وەزیفەی گەیاندنی ئاماژەیە ئەوەش ڕێکخستنی کۆد نیە، بەڵکو پیاچوونەوەیە بەڕێکخستنەکانی، خاڵی کۆتایی دوای ڕستە

دانانرێ، چونکە بەردەوام دەیەوێ دەلالەتی جیاواز بخوڵقێنێت، ڕەهایی دانەخستنیشی لەوەدایە ئەو دالی کراوە بۆ وەرگر فرێ دەدات، هەڵەیەکی گەورەیە واتێبگەین کوشتنی ئاماژەکانی دەق.. کوشتنی مانایە، چونکە ئـەوە مەدلول نیە، لەگەڵ گۆڕینی دالەکەی ئەویش بگۆڕێت، بەڵکو لێرەدا مانا بەگۆڕینی ئاماژەکەی ناکوژرێ، هۆیەکەش ئەوەیە لەنێو هەر پرۆسەیەکی رووخان ئەوەی لەدەق دەمێنێتەوە خاڵی دەست پێکردنە، کەواتە چەمکی سەرەکی مانا وون نابێت، بەڵکو گۆڕینی ئاماژەکانە، ئەوەش بردنی مانایە بۆ ئاقارێکی بەرینتر، دۆزینەوەی خەیاڵێکە کە ووشە وێنەی بۆ کێشاوە، گەیاندنی ئەو وێنەیەش کردەیەکی سیمیۆلۆژیە، دەرهێنەر لەزەمەنی خوڵقاندن دەبێتە فاکتەری نـێرەری چاوگە (نووسەر) بەهۆی گەیاندنی گوتارێکی ئاڵۆز لەرێگەی وێنەی دەنگیەوە، ئەوەش هەڵوەشاندنەوەی ڕەهەندی بیستنە بۆ دۆخی بەرهەم هێنان، تاوەکو ژمارەی وەرگر لەتاکەوە بگوازێتەوە بۆ کۆ، ئەوەش جودابوونی زەمەنی وەرگرە لەنێوان دەق ونمایش، چونکە ئەگەر خوێنەر لەخوێندنەوەی بۆ دەق هەڵوەستە بکات وبگەڕێتەوە سەری، ئەوە لەنمایش وەستان نیە، بەواتایەکیتر «هیچ وەستانێکی زەمەنی لەنێوان گەیاندن و وەرگر نیە، بەمانای بیرکردنەوە یاوەستان بوونی نییە» (شفرات الجسد/ عواد علي، دار ازمنة (عمان) ١٩٩٦) کەوابێت ئەگەر گەڕانەوە بۆ چاوگەی زەمەنی یەکەم لەرەگەزەکانی زەمەن (ڕەگـەزی دادوەری) ڕابردوو بێت، ئەوا ڕابردوو ئاماژەی زەمەنی نووسراوە، هیچ دۆزینەوەیەك لەنێو بونیادەکانی نمایش نیشان نادات، چونکە

دۆزینەوەی ئاماژەی نووسین پرۆسەیەکە خوێندنەوەی نووسراو بەرهەمی دێنێ، ئەوەش پێش کارکردنی دەرهێنەر لەدەق، ئەو کاتەی ئاماژەکان دەدۆزێتەوە و بەئاماژەیتر هەوڵی گۆڕینیان دەدات، بۆیە لەو کاتەدا پێویستمان بە (ڕەگەزی ئاهەنگ) ە، کەچاوگەی زەمەنی یەکەمی ئێستایە، گەیاندنی ئاماژەی نمایشە بۆ وەرگر، تاوەکو لە (ڕەگـەزی ڕاوێژکردن) وێنە بینراوەکان بگۆڕێت بۆ وێنەی هزری، گۆڕینیش واتە گۆڕینی دەلالەت کە ئێستا دەکات بە داهاتوو. بۆیە ئەو ئاماژەیەی زەمەنی شەوو ڕۆژ نیشان دەدات، ماهیەتی ئاشکرا کردنی نیە بۆ وەرگر، بەقەد ئەوەی گۆڕینی ئەو زەمەنی لەودیو کاتەوە کە هەڵگری چەمکی فەلسەفیە، گرنگ نیە وەرگر بزانێت لەکاتژمێر چەند هاملێت هەڵدەستێ بەپیلان گێران بۆ کوشتنی غرترود و دۆستەکەی، بەڵکو ئەوەی گرنگ ومەبەستی نمایشە ئەو لەچ زەمەنێکی فەلسەفیەوە پرۆسەی کوشتن ئەنجام دەدات، ئایا هاملێت تووشی گرێی ئۆدیب هاتووە؟ یاخود شیزۆفرینیای هەیە؟ گەر ئەوانە نەبێت دەشێ تۆڵەکردنەوەی پیاوێك بێت.....هتد

ئەو پرۆسەیەش پێویستی بەرێکخستن هەیە، بۆیە سیمیۆلۆژیا بۆ دامەزراندنی گوتاری نمایش هەوڵی یەکگرتنی توخمەکانی نمایش دەدات، کە کۆکردنەوەی ئاماژەیە دەکرێ بە «یەکێتی بونیادەکانی گوتار» ناوی بەرین، هەریەکە لە دەق و دەرهێنان ونواندن کۆدەکانی سیمیۆلۆژیا دەست نیشان دەکەن، دەق دارشتنەوەی جەستەیە بۆ گەیاندنی ئاماژە، تاوەکو ئەو ماددە بێگیانەی لەدوو توێی لاپەڕەی دەقەوە نووسراوە ڕەهەندی پەیوەندیەکانی بدۆزێتەوە،

دەبێ دەرهێنەر مانا ناسراوەکانی دال فڕێ بدات ولەشوێنیدا هەموو ئەو دەلالەتە ئاڵۆز ونادیارانە دابنێ کە چەمکی فەلسەفی بەنمایش ببەخشێت لەڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی ئەو کۆدانەی کەهەڵساون بەڕێکخستنی ئاماژە، کەواتە پرۆسەی ئەرکیۆلۆژیای نمایش ڕەهەند بەخشینە بەدەلالەت وڕێکخستنەوەیەکیترە، لەم قۆناغەدا هەموو دەلالەتە سادەکان دەرکراوەتە دەرەوە ودەقێکیتر دەبینین کە «هەستکردنی نمایش تۆڕێکە لەمانا» (سیمیاء المسرح والدراما/ کیر ایلام، ترجمة (رئیف کرم) المرکز الثقافي العربي (بیروت) ١٩٩٢) ئەوەش دەقی نووسراوی کردووە بە دەقێکی بەرهەم هێنراو (دەقی سیمیۆلۆژیی) بنیاتی گوتاری سیمیۆلۆژیا نووسینەوەیەکی هاوبەشە وتوانای تاکەکان ڕەت دەکاتەوە، چونکە چۆن نووسەر دەبێ بەبیرۆکەی پرۆژەکە، دەرهێنەریش بەتەنها ڕۆڵی ڕێکخەر دەبینێ، هەوڵی ڕێکخستنی خەونەکە دەدات کە خەونی هاوبەشە. بونیادی پێکهاتەی گوتار ئاماژەکانی خۆی ئاراستەی وەرگر دەکات، بەرادەیەك خودی ئەکتەریش ڕۆڵی وەرگر لەئاراستەی کارکردن رایەڵ دەکات.

بۆیە ئاماژە بەهۆی مەشقی کۆمەڵیەوە دەردەبردرێ وپلانێکی دەرهێنان کاری پێناکرێت، ئەوەش شێوازی دەرهێنەر دەگۆڕێ لەوەی ئەو کار بەمیتۆدێك بکات، چونکە هیچ میتۆدێك نیە لەنێو سیمیۆلۆژیادا کەببێ بەژێرخانی نمایش، بەڵکو کۆمەڵە ئاماژەیەك هەیە ودەرهێنەر دەبێ بەڕێکخەری وهەوڵی پیاچوونەوەی دەدات، ئەوەش بەدەربڕینی بۆچوونێك بۆئەوەی جارێکیتر خەریکی گەڕان نەبن وئەویش سەرلەنوێ ڕێکیان بخاتەوە، بۆیە نواندنی

ئەکتەر بونیادی تـەواوکـەری گوتار کە بونیادەکانی دەق و دەرهێنان تەواو دەکات، بۆیە نواندن دەبێتە فرێدانی ئاماژەکانی ناوەوە ودیارخستنی ئاماژە نەبینراوەکان وکارکردن بەئاماژە بینراوەکان، چونکە ئاماژەکانی نواندن بریتین لە ئاماژەی سرووشتی و ئاماژەی دروستکراو، کۆزان لەو بارەیەوە دەڵێت «نمایش ئاماژە سرووشتیەکان دەگۆڕێت بۆ ئاماژەی دروستکراو» (سيمياء المسرح والدراما/ كير ايلام، ترجمة (رئيف كرم) المركز الثقافي العربي (بيروت) ١٩٩٢)

بۆ ئەوەی ئەو ئاماژانەی لەژیانمان دەلالەتەکان ناخوێننەوە، ئەوە لەشانۆدا دەلالەتەکانی رووی شاراوەی پرسیاربن (ئاماژەی دروستکراو) کە لەئاماژەی سرووشتیەوە گـۆڕاوە ونمایشی داخراو ئازاد دەکات بۆ دەقێکی کراوەی نێو پرسیار، ئەوەش هەموو ئەو ووتارانە دەکاتە دەرەوە کەدەیانەوێ رەخنە بنووسن، چونکە لەوکاتەدا ئەو قەڵەمانەی بیانەوێ لەسەر نمایش دواندن بێننە بوون، دەبێ مەعریفەیان لەبەرامبەر نمایش دەرهێنەرە شانۆییەکە بێت، ئەوانەی بانگەشە بۆ مەعریفەیەکی سەرزارەکی دەکەن  دیسان لێرەدا شوێنیان نابێتەوە، چونکە ئەو خاوەن قەڵەمانە توانای خوێندنەوەی کۆدی جەستەیانە نییە، وەك ئاشکراشە جەستە نـێردراوی سەرەکی سیمیۆلۆژیایە کاری رێکخستن کۆدەکاتەوە، ئەوەش جودابوون لەتەك رەخنە درووست دەکات، بەتایبەت لەنێو ئەو ئاماژە وتێزە ناتەبایەی کەجەستەی نەخوێنراو هەوڵی راڤەکردنی جولە دەدات لەئاستی پەیوەندیە دەلالیەکان بۆ گەیاندنی ئاماژە، بەرێگەی کینزیا (زانستی

جولەی جەستە) کۆدەکانی جەستە ڕێك دەخات، ئەکتەر (نێرەر) بۆ گەیاندنی گوتار هەوڵی دەرخستنی کۆدی کارەکتەر دەدات، بەهۆی کارکردنی لە پانتایی شانۆ ویەکخستنی ئاماژەکان، ئەوەش پەیوەندی کارەکتەر دەخاتە نێو دۆزینەوە وسەرەتای دەسکەوتنی هێلەکانی گەیاندن بۆ وەرگر دەدات «دەتوانێ هەست بەو سەرچاوانە بکات لەڕێگەی کۆدی هاوبەشەوە لەنێوان خۆی وخاوەن گوتارەکە» (مدخل الى السيمياء في المسرح/ زيادو جلال، منشورات وزارة الثقافة (عمان) ١٩٩٢)، چونکە نمایش ئەو دەقە بینراوەی ئاراستەی وەرگر دەکرێ، ئاماژەکانی لەتۆڕێکی بەربڵاودا سیمیۆلۆژیای شانۆیان پێکهێناوە، ئەویش ژێرخانی زمانی شانۆیە، ئەوەش دۆزینەوەی لەناو ئەرکیۆلۆژیایە، چونکە زمانی شانۆ لەبنەڕەتدا لەناو دەق بوونی نەبوو، خولقاندن نمایشی کردووە بەزمان، لەزۆر کارکردن لەسەر دالی پانتایی دەق دەگاتە سەر هێڵێکە ئاسۆیی کە بە بۆچوونی سۆسێر ئەو هێلە مانا دا دەخات (علم النص/ جوليا كريستيفا، ترجمة (فريد الزاهي) دار توبقال للنشر، الطبعة الثانية ١٩٩٧)

بۆیە دالی پانتایی دەق دەبێ بکرێ بەگۆڕەپانی ڕووداو کە بونیادە ناوەکی ودەرەکیەکان زیاتر بکەونە نێو پرۆژەی کارکردن، ئەوەی بۆ پانتایی دەق دەمێنێتەوە ڕێکخستنی ئەو بونیادانەیە لەناو پرۆسەی نمایشدا، واتە دەبێ بە کۆدی گوتار بۆ بەرهەم هێنانی نمایش، وەزیفەی ئەرکیۆلۆژیا زیاتر لەساتێکی وادا دەردەکـەوێ کەدەبینین دەستدان لەزمان وگۆڕینی سیستمی زمان، واتە گۆڕان لەپیرۆزیە مێژووییەکان

(ئـــەوەش لـەژێـر تێڕوانینی کریستیفایە بۆ مـێـژوو لەناو دەقناسیدا).

کەواتە ئەرکیۆلۆژیا بەتەنیا هەڵکۆڵینی زمـان نیە، بەڵکو هەڵکۆڵینە لەنێو خودی مێژووی جەستەی شانۆش، چونکە ناکرێ قسە لەزمان لای داهێنەرێکی شانۆیی بکەین بمانەوێ بونیادی شاراوەی ئەو زمانە لەهەڵکۆڵین بەرهەم بێنین ودەسکاری مێژووی ئەزموونەکەش نەکەین.

دەسکاری کردن چەمکێکی جیا لەو تێڕاوانینە باوەی هەیە، لێرەدا دەسکاری نەکردن ڕازیبوونە بەو تیۆرە شانۆییەی کە لەسەردەمی خۆی نووسراوە، نەك دەسکاری کردنی مێژوو بەو چەمکە کۆمەڵایەتیە باوەی هەیە، ئەوەش جیاکردنەوەی زمانە لەمێژوودا، کە کۆد لەناو گوتاری نمایش وەزیفەی هەریەك لەو دوانەمان بۆ ئاشکرا دەکات، بەو پێیەی مێژوو دەبێت بەچوار چێوەی دەرەکی وزمان بە بونیادی ناوەکی، ئەوەش لەڕێگەی ئەو سیستمەیە کە دەق بەتەقاندنەوەی پانتایی زمان دێتە نێو پانتایی دەقــەوە، تاوەکو مانا بەکراوەیی بەجێ بێلێت وئاماژە لەنێو بونیادی دال نەکوژێت، ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ ئەو تێگەیشتنە سۆسێریەی کە ئاماژە یەکێتیەکە لەنێوان دال ومەدلولە، گەیاندنیش لەپرۆسەی نمایش گەیشتنە بەمانا بەهۆی پەیوەندیەکانی کۆمەڵە ئاماژەیەکەوە گوتار پێك دێنێت، پێکهاتەی گوتاریش هەڵگری پەیامی نمایشە کەمانای لەخۆ گرتووە، مانایەك لەڕێگەی ئاماژەوە دێتە نێو پرۆسەی بیرکردنەوە، دەربڕینی ئەکتەر لەو کاتەدا سەرجەم ڕەگەزەکان

دەگـرێـتـەوە، ئاماژەکان بەسەر یەکەوە کـار بۆ گەیاندن دەکەن، واتە بۆ ئەو پڕۆسەیەی ئەکتەر دەیـەوێ بیگەیەنێ کۆمەڵێك جولەی (بینراو+بیستراو) بەرجەستە دەکات، ئەوەش نزیکبوونەوەیە لەتوخمە هونەریەکانیتر «وەك ئەوەی ڤاگنەر لەشانۆی سەراپاگیر داوای دەکرد، داوای کرد هەموو هونەرەکان لەپێناو شانۆ بخرێنە کار» (مدخل الی السیمیاء فی المسرح/ زیاد جلال، منشورات وزارة الثقافة (عمان) ١٩٩٢)

فرە ڕەهەندی مانا فراوان کردنی ئاسۆی زمانە، چونکە ئاماژەیەك هەیە خوێندنەوە دەیگەیەنێ بەستراتیژیەتی وەرگر، بەڵام نێرەر دەیەوێ وەرگر بۆ کردەی وەرگرتن خەزێنەی ناوەکی ئازاد بکات، ئەو خوازیارە دالی کـراوەی نێرەر ڕووبـەڕووی دەقی داخراوی نەکات، چونکە وەك کۆزان هەر شتێك لەنواندنی شانۆیی هەبێت بە ئاماژە ناوی دەبات، ئاماژەش دەروازەی نێو کایە هونەریەکانە، چڕکردنەوەشی کۆکردنەوەی تێڕوانینی نمایشە، لێرەدا ڤاگنەر دەکەوێتە بەر هەڕەشەی ڕەخنە بەهۆی ئەوەی هونەرەکانی بینین زۆرترین بەشیان دێنە نێو ئاماژە، بەپێچەوانەی بیستنەوە کەدەکرێ بەشێکی کەمی بێت، دیارترین ئاماژە کەبینین بەکار بخات وبیکاتە دەروازەی هاتنی وەرگر (شوێن) ە، ئەوەش بینینی سینۆگرافیای شانۆیە، دەتوانێ لەئاماژەی شتەکانەوە، پەیوەندی کارەکتەرەکان بە بونیادی شوێن بناسێنێ، چونکە ئاماژەی شوێن گوتاری دامەزراندنی نمایشە کە دەیەوێ ڕێگا بۆ ئاماژەکانیتر فەراهەم بکات، لەئاماژەی نەجولاوی بینراو دەیناسین ولەڕێگەی جولەی ئەکتەر چوارچێوە شێوەکاریەکان جولەی بینراومان نیشان

دەدات، ئەوەش بۆ درووست کردنی پەیوەندیە بە وەرگرەوە، کە لەهۆڵی بیناسازی ئیتاڵی هەر لەسەرەتاوە وەرگر ئامادەیی خۆی بۆ نمایش نیشان دەدات، کە ئەویش دەرخستنی کۆمەڵە دیمەن و وێنەیەکە، کەچی ئەو هاوکێشە شانۆییە لەو نمایشانەی لەهۆڵی بیناسازی ئیتاڵی دەردەچن دەگۆڕدرێن بۆ دارشتەو بارستایی جیاواز، ئـەوەش وەرگرتن دەباتە ئاستێکیتر ولەشێوەیەکی ناتەبادا هەوڵی دەرخستنی ئاماژە دەدات، کە بێگومان وەرگر بۆخۆی دەبێتە بونیادێکی ناکامل لەناو ئاماژەی شوێندا، بەهۆی ئەوەی جولە دەست نیشانی شوێن دەکـات، جولە وپێکهاتە وێنەییەکان سنوری وەرگر دەبەزێنن، وەرگر لەو وێنە شانۆییە دەکەن بەبەشێك لـەڕووداو بەخولقاندنی ڕەهەندێکی فراوانی ئاماژەی نێو نمایشەکە، ئەوەش بۆخۆی کۆمەڵە پەیوەندیەکیتر ئاشکرا دەکات لەڕێگەی دارشتنەوەی بۆشایی.

زەمەنی نمایش و زەمەنی ڕووداو لەنێوان ڕەهایگەرایی کردەی درامی (ڕووداو) لە ئاماژەی بێرسیەوە دەگوازێتەوە بۆ ئاماژەی سۆسێریی (بـێرس پێی وایـە ئاماژە وەك وێنەیەکی فۆتۆگرافی دەلالەتی دیاری کراوە، هەرچی سۆسێرە دەیەوێ کۆمەڵە واتایەك بۆ ئاماژە بدۆزێتەوە)، چونکە ئاماژە لەزەمەنی ڕووداوەو لەزەمەنی نمایش پەیوەندیەکی ئاڵۆز ئاوێتەی فەلسەفی دەرهێنان کراوە، کۆمەڵە ئاماژەیەکی نێو نمایشە، ئەوەش لەنێو بینراوی نمایش (پانتایی شانۆ) خۆی حەشارداوە، هەرچی نێردراوە دەوستێ کە «کردەی ئاماژەکاری هەڵدەستێ لەڕێگەی ژمارەیەکی بێکۆتایی لەپێکهاتەی داهاتوو» (الرؤية في المسرح الصورة/ رياض موسى سكران،

الموقف الثقافي العدد (٢١) ١٩٩٩) لەوانەیە پێکهاتەیەك لەنمایش درووست بێت یا بەپێچەوانەوە، ئەوەش وەرگر دەخاتە بەردەم بەرپرسیاریەتی گەیەنراو، چونکە ئەو لەسەریەتی بەو دیوەی وێنە بگات کەنیشانی دراوە، لەبەر ئەوەی هەرگیز کاری شانۆکار نیە رووی نەبینراوی وێنە ئاشکرا بکات، ئەوە بەرپرسیاریەتی وەرگرە کە ستراتیژیەتی نمایش داوای ئاشکرا کردنی لێدەکات، بۆ ئەوەی ئەکتەر ئاماژەی نێردراو لەرێگەی کۆدی نواندنەوە رێکبخات، کە ناردنی داله لەرێگەی جوله وکارکردنەوە، ئەوەش جولاندنی هزری وەرگـرە بۆ بەگژداچوونەوەیە بە یـادەوەری کە وێنەی شانۆیی کۆمەڵە ئامازەیەك بەمەبەستی پرسیار فرێ دەدات، ئەو پرسیارانەش زیاتر بەرەو سایکۆلۆژیا دەرۆن، واتە لەسایکۆلۆژیەتی وەرگر نزیك دەبنەوە، لەو تێگەیشتنەوەش ئارتۆ سەیری شانۆی دەکرد کە دەبێ نمایش لەخەونەوە نزیك بێت، تاوەکو نەست ئازاد بکات، بۆیە ئەو خەونەی وێنەی شانۆیی زەمەنی رووداوە دەیەوێ لەناو سینۆگرافیای بینراودا ئاماژە دیاری کراوەکان نیشان بدات، چونکە کردەی وەرگرتن لای بینەر ئاراستەی گەیاندنی کۆدە لەلایان نێرەرەوە لەنێو گوتاری نمایشدا، ئەوەش لەناردنیدا پرۆژەیەکی داهاتووی هەیە کە لای بینەر گەیاندنی گوتارە کە وەرگرتن مەیسەر دەکات، هەریەکە لە (نێرەر– ئەکتەر)و (نێردراو– بینەر) کۆدی یەکتری دەناسن وبەئاراستە هێلی یەکتری نامۆ نین، بۆیە پێکگەیشتنی ئەو دوو کۆدە کەهەریەکەی کۆمەڵە رەگەزێکیان لەناودا کۆبۆتەوە، وەك «جەستە، دەنگ، رەنگ» ئەوەش لەکەنالی هەستەکان دەنێردرێت، لای نێردراو بۆ وەدەست کەوتنی ئامازەکانی پرسیارە کەچەمکە فەلسەفیەکەی شانۆی لەخۆ

گرتووە، ئەوەش ستراتیژیەتی نمایشی شانۆییە، کەواتە ئەو ستراتیژە چیە کە کۆد بۆ پێکگەیشتن دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ کۆدی بەرامبەر؟ ستراتیژی نمایشی شانۆیی قـووڵ بوونەوەیە بۆ یەکگرتنی پەیوەندیەکان، هەربۆیە بەردەوام دەرهێنەر هەوڵ دەدات ئەو پەیوەندیە بەرەورەزمێکی پتەوببات، کە ببێتە ئەنجامی توێژینەوە لەنێوان نمایش ووەرگر، دامەزراندنی ئەو پەیوەندیەش لەسەر دال بەرهەمی دینێت ئەویش خەونێکی نەستیە، چەمکەکانی دەسەڵات دەگۆڕێت، واتە لەو خەونەدا هەرگیز دەسەڵات ئەو مانایەی نابێت کە لەهۆشدا هەیەتی، ئەوەش ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی تازەیە بۆ وەرگر لەبەرامبەر نمایشی شانۆیی.

کارکردنی ئاماژە بۆ درووست کردنی ئەو وێنە هزریە دۆزینەوەیەکە وەرگر لەو کاتەدا لەو حەقیقەتە دەگات کاتێ ئەزموونی هاودژی بینی وچەمکی فەلسەفی وێنەی بۆ ئاشکرا بوو، ئەو کات ئاسۆی بیرکردنەوەی دڵنیای دەکـات «گواستنەوەی واقیع بۆ شانۆ هەڵخەڵەتاندنی وەرگـرە» (الرؤية في المسرح الصورة/ رياض موسى سكران، الموقف الثقافي العدد (٢١) ١٩٩٩)

ئەوەش درووست بوونی دیدگایەکی ڕاستگۆیانەی ئەوە بەوپەڕی ڕاستگۆیی و بوێریەوە لەگوتاری شانۆ دەڕوانــێ، هەرچەندە دیسان خەیاڵ وێنای زەمەنی بینینی ئەو دەکات، بەڵام زەمەنی وەرگرتنی ئەو نیشاندانەوەی فەوزایەك نیە، بەڵکو جیهانێکی لۆژیکی بۆ وێنا دەکـات، ئەوەش گۆڕینی پانتایی نووسراوی دەقە بۆ نێو شیعریەتی جولە، چونکە پانتایی تازە لەنووسین

دەردەچێت ودەپەڕێتەوە بۆ پانتایی خەون، ئەمەش کۆمەڵێك وێنەی نێو خەونە دەبنەوە دارشتەیەکی بۆشایی، پانتایی خەون ئاماژەکارێکی سیمیۆلۆژیە، ئاماژەکان دەکات بە ئاماژەی بینراو کەلەسەر شوێنەواری دەقی نووسراو (دەقی نووسەر) بنیاتنراوە، چونکە دەقی یەکەم بۆشاییەکی زۆری تیایە کە دەقی نمایش دەیباتە ئاستی کامل بوون، بۆ چارەسەرکردن دەبێ دەرهێنەر ووردبین بێت لەتەك بۆشایی، تاوەکو ئەو هاوکێشە شانۆییەی کە نووسەر ناتوانێ چارەسەری بکات، ئەو لەنێو پرۆژەی دەرهێناندا بیکاتە وێنەی جولاوی بینراو، ئەوەش بۆ دروست کردنی پەیوەندی کارەکتەرە بە بۆشاییەوە، نووسەر لەتوانای نیە ئاماژە سەرەتاییەکان بگۆرێت بە ئاماژەی زەمەنی کە پەیوەندی بە پانتایی شانۆوە هەیە، بۆیە «پەیوەندی دەقی نووسراو ودەقی نمایش پەیوەندیەکی بەرایی ساکار نیە، بەڵکو پەیوەندیەکی پێکهاتەییە» (سيمياء المسرح والدراما/ كير ايلام، ترجمة (رئيف كرم) المركز الثقافي العربي (بيروت) ١٩٩٢)

ئەوەش بەرهەم هێنانی مانایە، کەواتە دەقی نووسراو پەیوەندیەکانی مردوون، بۆیە نابێ بە پێکهاتەی گوتاری شانۆ، بەڵکو ئەبستیمێکە ئاماژەی تیا دەست نیشان دەکرێت بۆ کارکردن، لێرەوە دەرکەوتنی سیمیۆلۆژیای شانۆیی دەبێت بە ستراتیژی گوتار لە نمایشی شانۆییدا، بەدوای ئەو دەرکەوتنەش دەبێت بێینە سەر دوا تێروانین و قۆناغی تەکامول کە رێکخستنەوەی وێنەی شانۆیی و گوتاری ئیستاتیکیە.

## ڕێکخستنی وێنەی شانۆیی لەنێو گوتاری ئیستاتیکا

جەستەی دۆزراوەی نمایش لەڕێگەی هەڵکۆڵین و کارکردن لەنێو بونیادە ناوەکیەکان و دۆزینەوەی چەمکە فەلسەفیەکانی شانۆ، خۆ دابڕکردنە لە کۆمەڵە چەمك و واتای سادە کە لەناو ئەگەری نوێگەری و پرسیاری ڕەخنەیی لەمانایەکی گەورەی زمان نزیك دەکەوێتەوە، ئەویش زانستی ئاماژە (سیمیۆلۆژیا) یە، کە چوونە نێو پانتایەکانی پرسیارە بۆ کوشتنی گومانەکانی شانۆ، ئەوەش مەبەستی سەرەکی ئەرکیۆلۆژیای نمایشە لەڕێگەی کوشتنی ئاماژە حازر بەدەستەکان و کارکردن بۆ خوڵقاندنی کۆمەڵە ئاماژەیەکی نوێ بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی ئاماژەکان کار لەسەر نەووتراوەکان دەکات، واتە ئەو سیستەمەی نمایش ڕێك دەخات لەنێوان گوتاری نوێگەری و ئازادبوونی گوتارە سەرتاسەریەکەی شانۆییە بە ڕێکخستنی ئاماژەکانی نمایش و پارێزگاری کردن لەنێو پێودانگە هونەریەکان، ئەویش بوونی تیۆرێکی ئیستاتیکیە بۆ شانۆ، کە ڕەوتی شانۆی ئێمە دەخاتە بەردەم پرسیارێکی جەوهەری، نەبوونی ئەو تیۆرە کاریگەری نێگەتیفانەی کردۆتە سەر پڕۆژە شانۆییەکانمان، چونکە نمایشە شانۆیەکانمان دوورن لەهەر سیستمێکی ئیستاتیکی بۆ یەکخستنی بونیادەکانی گوتار. نەبوونی ئەو تیۆرە جوانکاریە بۆ ئامادە نەبوونی ئەو ئاگاییە مەعریفیەی شانۆکاری کورد دەگەڕێتەوە، چونکە نەیتوانیووە سیستمە ئیستاتیکیەکانی پێش خۆی بخوێنێتەوە، بەکارکردنمان لـەدەرەوەی خوێندنەوە ناتوانین لەو چەمکانە شارەزا بین کە ئیستاتیکا لەنێو گوتاری نمایش بونیادی خۆی ئاوێتەی بونیادە

فکری و فەلسەفیەکان دەکات، بەخۆ دابڕنەکردنیش لەو تیۆرە جوانکاریە ئەستەمە بتوانین بیر لە دامەزراندنی ئیستاتیکای نمایش بکەینەوە، چونکە دەبێ ئەزموونی سەربەخۆ پارێزگارۆی لە بەها ئیستاتیکیەکەی خۆی بکات. ئیستاتیکا خاوەنی پیشڤەچوونێکی مێژووییە، بۆیە سەرباری ئەوەی دەبێ دابڕانێك لەگەڵ مێژووی ئەوانی پێش خۆمان درووست بکەین، پێویستە هێلێکیش بکێشین تا مەبەستمان نەبێ بگەڕێینەوە بۆ پەیوەندیە فکریەکان، چونکە ئیستاتیکا دەیەوێ بونیادە پێکهاتووەکان لەنێو گوتارە تایبەتمەندیەکەی خۆیدا ئاراستەی هێلە دیاریکراوەکە بدۆزێتەوە، وەك چۆن فکر نایەوێ زانستێکی هاودژ خۆی بخاتە ناویەوە، کەواتە ئەو هۆشمەندیەی کە ئیستاتیکا بنیات دەنێت، دەبێ بونیادی گوتاری دۆزراوە لەپشت کردەی هەڵوەشاندنەوە چێژی باوی ئیستاتیکاوە بێت، واتە نێرەر هاودژ دەبێت لەگەڵ چێژی باو، بەرەو چێژێکی تازەی جوانکاری کار دەکات، ئەوەش بە خوێندنەوەی ڕەخنەیی بۆ چێژی ڕابردوو کە توانای بەردەوامی نیە بۆ هەستی جوانکاریی، پێوانەی جوانی سەردەم لەنێو هەستەکانی مرۆڤ گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، بۆیی ئەگەر لای ئەرستۆ جوانکاری لاسایی کردنەوە بێت و ئەفلاتون لەمۆرکی دیالەکتیکیەوە ببینێت، ئەوا تیۆریزەی ئیستاتیکی ئەمرۆ دەبێ بەپێی تێگەیشتنەکانی مرۆڤ و شەپۆلە تەکنەلۆژیەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چونکە مرۆڤی ئەم سەدەیە ئەمرۆ دەبێ بە شێوەیەکیتر بەرەو پێودانگەکانی جوانی کار بکات، لەسەدەیەکدا کە خۆرئاوا زەمەنێکی لەنێو ژیارێکی پێشکەوتوو بردۆتە سەر

و پێش ئەوەی خۆرهەڵاتیش بەو ژیارە بگات، سەرمایەداری بە ڕاگەیاندنی بیرۆکەی (کۆتایی مێژوو) تیزی فەلسەفی بەلای خۆیدا شکاندەوە، بۆیە ئەو پرسیارەی لێرەدا ڕووبەرووی کەسی شانۆکار دەبێتەوە: ئایا ئێمە دەکەوینە دووبـارە کردنەوەی سیستمە باوەکانی شانۆ؟ ناتوانین بە دابڕانێك چێژی جوانکاری بخوڵقێنین کە جیا بێت لەو تیۆریزە ئیستاتیکیانە و لەگەڵ چێژی مرۆڤی ئەمرۆشدا بگونجێت؟ چونکە ئەو شێوە جوانکاریەی ڕۆژگارێك بەر لە ئەمرۆ بۆ نمایش خوڵقا ئەمرۆ ناتوانێ ببێ بە ئیستاتیکای شانۆیی ئەو سەدەیەی کە گۆڕانە ژیاریەکان خێرا تێدەپەڕن، بۆیە ئەو پرسیارانە شانۆکار دەخاتە بەردەم فرە بۆچوون و کارکردن بۆ چێژ و خوڵقاندنی تیۆرێکی ئیستاتیکی کە تا ئێستا شانۆکاری کورد بەخۆیەوە نەدیووە و لەهەوڵی ئەوەشدا نەبووە کاری بۆ بکات.

خاڵێکی جەوهەری ئەو نەبوونیە بۆ ئـەوە دەگەڕێتەوە کە خاسیەتەکانی دەربڕین هەوڵی نەداوە لەناو کردەی ناوەکی خۆی کۆ بکاتەوە و پێشی گرنگ نەبووە بە هەستێکی جوانکارییەوە دەربڕی بۆچوونەکانی بێت، بەڵکو بۆ خۆبەتاڵکردنەوە و تۆڵە وەرگرتنەوە لە بێدەنگیەك دواوە کە ڕێکخەری نەبووە، ئەوەش ئێمەی خستۆتە نێو گومانێکەوە کە نەتوانین لێیەوە دەرباز بین، بە ڕزگار نەبوون لەو گومانە و مانەوەمان پۆلێن کردنی گوتاری مانەوەی نمایشی شانۆییمانە، چونکە ئێمە تا نەگەینە ئەو بڕوایەی کە «جوانکاری لە کاری هونەریدا لەڕێگەی توانا تەعبیریەکان سەر هەڵدەدا» فلسفة فن عند سوزان لانجر/ اعداد: راضي حكيم،

سلسلة كتاب شهرية (افاق) بغداد/ ١٩٨٦ ئەوە ناتوانین بێینە نێو ئەو سرووتە ڕاستەقینەی کاری هونەری، چونکە ئەو کارە بەهادانەوەیە بە کایە ڕاستەقینەکانی هونەر و جۆرێکی مانای جوانکارییە، کە جوانی ڕووی شاراوەی مانایە، وەك چۆن ماناش دەبێ بـەڕووی شـاراوەی جوانی، هەر بۆیە کە گەیشتینە ئەو ئاستە، ئەو کات نێرەر دەیەوێ ئیستاتیکای نمایش لەڕێگەی سۆسیۆلۆژیای دەقەوە کۆمەڵێك پرسیار لە کەناڵی ئیستاتیکی بۆ وەرگـر فڕێبدات، ئـەوەش فرە ڕەهەندی بە چێژی وەرگر دەبەخشێت، واتە تا ڕادەیەکی زۆر لە مانا دوور دەکەوێتەوە، چونکە مانای ڕووداو پەیوەندی بە نمایشەوە نیە، بەهۆی فراوانی هەستەکانی جوانی کە مانا دەیەوێ خولقێنەری ئیستاتیکا بێت، بەواتایەکیتر مانای جوانکاری نمایش دەبێتە «ئاخاوتن، پرسیار، ڕەخنە» ئەوەش بۆ دۆرزینەوەی پەیوەندیەکی تازەیە لەنێوان نێرەر و تـێردراو، بەمەبەستی شێوە و گوتارێکی ئیستاتیکی خولقێنەر بۆ نمایشی شانۆیی، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە «وەرگر ئارەزووە هەستیەکانی تێر بێت» جمالية العرض المسرحي/ باسم الاعسم، الموقف الثقافي، العدد (٢٠) ١٩٩٩

ئەوەش هۆشمەندیەکی لا جێ دێلێت تاوەکو بەنێو پرسیپارە شانۆیەکان ڕۆ بچێت، واتە ڕزگار بوون لەهەموو ئاراستە کراوەکانی سۆز، کە بۆهەڵچوونی کاتیە و بینین هەڵچوونەکان دەگۆڕێتە سەر چێژە ناوەکیەکانی مرۆڤ،ئەوەش ووروژاندنی خانەکانی بونیادی کارلێکەرە بۆ ناردنی ئاماژە، ئاماژە دەبێ بە ناردنی پرسیارێکیتر کە لەنێو هارمۆنیەتی پەیوەندیەکانی گەیاندن سیستمی نمایش

ڕێکدەخات بۆ ڕێکخستنی نمایش و دەرخستنی لەنێو یەکەیەکی جوانکاریدا بۆ بینەر، چونکە «کاری هونەری جوانیەکی شاراوەی هەیە لەناوەوەی بینەردا» استطیقا فن التمثیل/ منصور نعمان، جریدة القادسیة تشرین الثاني ١٩٩٥

ئەوەش دەرهێنەر لەنێو کردەی نمایش کاری ڕێکخستنی ڕایەڵ کردووە بەمە بەستی پێکهاتەی جوانکاری بە گۆڕین و ئاراستە کردنی دال لەڕێگەیەکی ئاڵۆز و جیا لەو ئاراستەی دالەی کە نمایش دەنێرێ لەنبێو هەڵوەشاندنەوەی بونیاد و دامەزراوەکانی نمایش..

کە جارێکیتر دەرهێنەر بە دال کردنی شانۆ و دامەزراندنی گوتار و ڕێکخستنەوەی لەیەکەیەکی ئیستاتیکی دەردەخات، ئەوەش دەرهێنەر بە ڕێکخەری و تیۆریستی جوانکاری دەناسێنێ کە «هەوڵ دەدات وەرگر بتوانێ چێژ وەربگرێ و هەرسی یەکێتیەکان و ئاوازە هارمۆنیەکان بکات لەنێوان کۆمەڵە پەیوەندیەك لەشتە هەست پێکراوەکان» جمالیة العرض المسرحي/ باسم الاعسم، الموقف الثقافي، العدد (٢٠) ١٩٩٩

ئـەوەش گەیاندنی بەشێکی نـێردراوی ئیستاتیکای نمایشە بۆ وەرگر کە دەرهێنەر (نێرەر) دەیەوێ وەرگر (تـێردراو) لەڕێگەا جوانکارییەوە پەیوەندیەکانی بۆ ئاشکرا بێت، واتە مانا بەردەوام لەت کوشتندا ئاسۆکانی بینین بۆ زمان فـراوان دەکـات کە بە کوشتنی مانا دابڕانێك لە زەمەنی بیرکردنەوەمان دەخولقێنێ بۆ پرسیار، بەوەش دامەزراوە فکریەکان دەوەستێ و ئەلتەرناتیڤی ئەو دەمەزراوانەش پەیوەندیەکانی جوانیە، کە دەیەوێ شانۆ لە پرسیارە فکریەکانەوە بباتە سەر سەر پرسیارە ئیستاتیکیەکان،

ئەو کارەش بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی فکر نیە، بەڵکو بۆ سەربەخۆ بوونی ئیەو گوتارەیە کە نمایشە شانۆیەکەی لەسەر دادەمەزرێ، کە لەبڕی فکر پێویستە نمایش خاوەنهی فەلسەفەیەکی شانۆیی تایبەت بەخۆی بێت، بۆیە بەهادان بە دامەزراوە فکریەکان لەن کاری شانۆییدا چێژێکی جوانکاری نەخوڵقاندووە لە نمایش، بەڵکو کارکردنی دەرهێنەر بووە لەسەر ووتراوی دەقدا، ئەوەش هەستی شێوەکاری لەنێو وێنەی شانۆیی کوشتووە، بەوەش نەك زمان فەنا دەکات، بەڵکو ماناش لەگەڵ خۆیدا زیندە بەچاڵ دەکات، چونکە لەو کاتەدا ئەوەی لای ئەو گرنگە مەبەستە نەك مانا.

زمان و مانا ئەگەر دوو ڕووی پێکهاتەی وێنەبن، ئەوە لای شانۆکاری کورد مەبەست دێت لەبڕی هەردووکیان کار لەناو دیمەن و ڕووبەرەکان دەکات، بۆیە بەردەوام ڕووبەرە شیعریەکانی ناو وێنە شانۆییەکانمان دوورن لە چەمکی فەلسەفی وێنە، پەیوەندیەکانی وەرگر بە شتەکانەوە پەیوەندیەکی ساکارە، کە ناتوانێ بە سەرلەنوێ خوڵقاندنەوەیەکیتر گوتارێکی نوێ بنیات بنێت، ئەوەش ڕازی بوونی ئێمەیە بە خۆدۆزینەوە لەناو پانتاییەکی بەرتەسکدا کە مومارەسەی کۆکردنەوەی خۆمانی تیا بکەین، چونکە هاتووین لەناو بێخەونیدا خەون بە ئازادیەکەوە ببینین کە بەردەوام بانگەشەی دەکەین، پێودانهگە هونەریەکانیش لەو ساتەدا فەرامۆش دەکەین، ئەوەش مەبەستێکی سەرەکی کارکردنی شانۆکاری کوردە، تیایدا سەرجەم چەمك و ماناکان دەکوژێن، ئەوەش ئەو گوتارەی زمان ناهێنێتە نێو پڕۆسەی بەرهەم هێنانی نمایش کە «توانای لەدایکبوونی هەیە بۆ چێژی

جوانكاری لەڕێگەی ڕێكخەرەكانیەوە» قراءة بصرية لخطاب العرض المسرحي/ باسم الاعسم، جريدة (العراق) ٤ تشرين الثاني ١٩٩٧

ناتەواوی گوتاری شانۆیی لای كـورد  بۆ نەبوونی ئەو تیۆرە ئیستاتیكیە دەگـەڕێـتـەوە، بـەڵام ئـەوەش نابێ هانمان بدات فــەوزای جوانكاری بكەینە ژێرخانی تیۆریزەی ئیستاتیكای نمایش، چونكە پەیڕەوكردنی ئیستاتیكا لەنێو فەوزادا گێژاوی نێو كایە هونەریەكانە، ئەوەش هەر شێوەیەكی ئیستاتیكیە كە لەنێو چەمكەكانی ئایدیۆلۆژیاوە بێتە نێو بنیاتنان، ئەوە جگە لە ئاژاوەیەك لەنێو سیستم هیچ مانایەكیتر بەخۆ ناگرێت، كە دەیەوێ بچێتە نێو خانەكانی ئیستاتیكا، تێكەڵ بوونی هونەر و دەسەڵات. چەمكی ئاژاوەی جوانكاری لەنێو گوتاری نمایش هاودژ لەگەڵ ئەو چەمكەی كە ئەندریە یستلەر باسی دەكات، كە هەر جوانكاریەك بۆ نوخبە یا چینێك بێت ئەوە بە ئاژاوەی جوانكاری ناوی دەبات، هەر بۆیە برۆدۆن و تۆڵستۆی بە ئاژاوەگێر پێناس دەكات. لە ئاژاوەیەكدا توانای یەكخستنی نیە لەنێو ئاژاوەیەكیتردا، چونكە ئەو كارە وەك ئاژاوەی جولەی ئەكتەر نیە لەنێو بونیادی وێنەییدا كە بە ئاژاوەیەكیتر ڕێكدەخرێت. بۆیە دەبێ هونەرمەند بەر لەكاركردن لە چەمكە زانستیەكانی ئیستاتیكا شارەزا بێت و نەكەوێتە نێو ئەو ئاژاوەیەدا و بونیادە پێكهاتووەكان لەنێو بۆشایدا نەشارێتەوە، چونكە «جوانكاری گوتاری نمایشی شانۆیی مەرجدارە بە پەیوەندی زیندووی نێوان دال و مەدلول» الخطاب المسرحي.. اقتراح جمالي/ باسم الاعسم، جريدة الوان العدد (٤) ١٩٩٧/٩/١١

لەپێناو خوێندنەوەیەکی نوێی نێو بونیادە هەڵوشەاوەکانی گوتار کە دەسەڵاتێکی نەدۆزراوە بۆ نمایشەکە ئاشکرا بکات، ئەوەش پانتایەکی فراوانی هەست پێکراوە، بەڵام سنووری دیاری کراوی نیە، چونکە دال زیاد لە وێنەیەکی هزری لای نێردراو بنیات دەنێت، کە ئەو وێنانەش دەلالەت لە ڕەمزبوونی ئەو هەستەی جوانیە دەکەن، کە لە خەیاڵی هەر یەکێکدا بوونی هەیە و لە نەستی بەبڵاودا کۆیان دەکاتەوە، بۆیە پێویستە وەرگر «توانایەکی ڕۆشنبیریی و پلەیەکی وەڵامدانەوەی ویژدانی هەبێ بۆ دەربڕینە جوانکاریەکان» جماليات الاخراج و التلقي/ د. حسين الانصاري، جريدة الوان العدد (١٠) ١٩٩٧/١١/٢٩

بۆ ئـەوەی بتوانێ بەشێك بێت لە وێنەی شانۆیی، چونکە بێ هاوبەشی کردن لەو پـڕۆژەی گـەڕان و پرسیارە ناتوانێ ڕەهەندەکانی ئیستاتیکا بدۆزێتەوە، ئەوەش بەپێی ئاستی ڕۆشنبیریی خۆی ئاستی چێژی هەر وەرگرێك دەست نیشان دەکات، کە وێنەکانی نمایش ئاوێتەی وێنە هزریەکان دەکات و لەو کردە هیرمنیۆتیکیە بونیادی گوتارێکی ئیستاتیکی لەنێو هزردا دادەمەزرێنێ، بە پێی ئەو شێوەیەی کە لە یادەوەری خۆیدا ڕێکی دەخات، کەواتە ستراتیژیەتی وەرگر لە نمایشی شانۆیدا چیە؟ ستراتیژی وەرگر تێربوونە لەو چێژە جوانکاریەی نمایشی شانۆیی دەیخاتە هزریەوە، ئەوەش لەگەڵ یادەوەری خۆیدا تێکەڵی دەکات و دەیەوی بونیادی وێنە لەناو ڕەها بوونی بینین نەمێنێتەوە، بەڵکو ئەو پەیوەندیە بدۆزێتەوە کە بونیاد و وێنەی بەیەکەوە بەستۆتەوە، بۆیە لەو کاتەدا هزر دەکەوێتە

هەڵوەشاندنەوەی توخمە پێکهاتووەکان، کە لەپێناو ڕزگاربوون لەو فۆڕمە خاڵیە لە چێژ لەناو نمایش کاری کردووە، ئەوەش بۆ بونیادی مانەوە دەگەڕێتەوە، چونکە «نمایشی شانۆیی نەگۆڕ ئەو گوتارەیە کە چارەسەری هونەری بۆ سەمتە جوانکاریەکان تیا نیە» الثابت و المتحرك في العرض المسرحي/ باسم الاعسم، جريدة الجمهورية، ١٢ حزيران ١٩٩٩

بۆیە لەو کاتەدا ستراتیژیەتی وەرگر لەناو گێڕانەوەی وێنەی نەگۆڕدا وەستاوە، وەستانیش واتە مردنی ئەو وێنەیەی کە بونیادی لەسەر دەوەستێ، لەبری ئەوەش دەبێ بونیادی هاودژ وێنای گوتاری ئازاد بکات، ئەویش ئیستاتیکای نمایشە بۆ گۆڕینی ڕەهەندەکانی بینین، کە هاودژ بوونەوەی پڕۆسەی بنیاتنانە، ئەوشە بونیاد لەنێو خانەیەکی زیندوو بەکار دەخات و شیعریەتی وێنە دەبێ بە (زمان، پانتایی، بونیاد، جوانکاریی) هەرهەمووشیان لە خاڵێکی هارمۆنیەتی وێنە خۆیان چڕ دەکەنەوە، لەو کاتەشدا ستراتیژیەتی وەرگر لەناو هۆشیاریەکدا دەسووڕێتەوە، کە هزر و یاد بەشداری لە گوتاری نمایش پێدەکەن، ئەویش پرسیار و هەڵوەشاندنەوەی وێنەیە بۆ دامەزراندنەوەی بونیادی گوتار لە شوێندا، کەواتە شوناسی ئیستاتیکای شوێن دەسەڵاتدانە بە بۆشایی، ئەوەش بەو ڕووە جەوهەرەمان دەگەیەنێ کە شوێن هەموو شتە بینراوەکان نیشان دەدات لەڕێگەی تەویف کردنی دەلالەت ئیستاتیکای فۆڕمی نمایش دەست ینشان دەکات، ئەویش ڕوویەکی دیاری جوانکاریە کە ڕووی نادیار لەودیو ئەو کەرەستانە خۆیان حەشار داوە، کە لە بنەماوە کۆمەڵە ئاماژەیەکی شانۆین

و پرسیاری نێو ڕەهەندە فەلسەفیەکانی نمایشە، بۆیە «شوێن لێرەدا دەبێ بە پاڵەوانی یەکەم بۆ نمایشەکە» استطیقا المکان في ...../ عبدالخالق کیطان، جریدة القادسیة، ١٩٩٦/١٢/١٩

چونکە شوێن دەبێ بە گۆڕەپانی بینراو کە مانا بدات بە دەستەوە، ئەوەش وێنەی شانۆیی دەخاتە نێو لابۆری شانۆ کە لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی بونیادە پێکهاتوەوەکانی گوتار دەلالەتەکانی ڕەنگ و ئیستاتیکای ئەکتەر دەحخاتە نێو ڕەخنەی جوانکاری و لەپاڵ ئەوەشدا دەیـەوێ فرە ڕەهەندی مانای ئیستاتیکای وێنەی بدۆزێتەوە، چونکە بەپێی تێڕوانینی کانت گرنگترین خاڵی سەرکەوتووی وێنە دەسکەوتنی زیاترین ژمارەی مانایە، دەسکەوتنی ماناش لە ڕێگەی ڕەهەندەکانی ئیستاتیکاوەیە، ڕەهەندی ئیستاتیکی وێنە پەیوەندیەکی ئاشکرا نەکراوی کاری هونەریە کە لە درووستکردنی هێلی گەیاندن بنیات دەنرێ بە ڕێکخستنی کۆدجەکانی ئیستاتیکا و ڕووبـەڕوو کردنەوەی بۆ وەرگر، ئەوەش ووروژاندنی هەستەکانی ناوەوەی کردە داخراوە ناوەکیەکانی وەرگر دەخاتە گەڕان بەدوای چارەسەرکردنی گرێ دەروونیەکان لەڕێگەی ڕەهەندەکانی بینین کە ئیستاتیکا بکەری ڕوودواوە «هەربۆیە لای ئەدوارد پۆلۆ ڕەهەند ناوێکە بۆ حالەتی دەروونـی کە دەکـرێ وەدەستی بێنێ یا لەدەستی بدەیت» الموقف الجمالي/ جورج دیکي، ترجمة (د. یوئیل یوسف عزیز) الثقافة الاجنبیة، العدد (٣) ١٩٨٦

بۆیە دەسکەوتنی ئەو نەووتراوەی نێو ڕەهەندەکانی جوانی پرسیاری پەیوەندی کارەکتەرە بە بونیادی درامی نمایش لە

پێناو گەران بەدوای دیدگای دەرهێنان، ئەویش بۆ دۆزینەوەی ئەو پەیوەندیە گریمانکراوەی نێو رووداو نیە، بەڵکو دەرخستنی زەمەنی فەلسەفیە کە لەر یگەی ئیستاتیکاوە گوتاری نمایش بەرهەم دێنێ، ئەوەش بینەری سادە هەرگیز ئیدراکی پێناکات،ئەو بەدوای زەمەنی شەوو رۆژی رووداو سەیری نمایش دەکات، زەمەنی فەلسەفی بەکاری خۆی نازانێ، بەڵکو ئەوەیان کاری وەرگری بەئاگایە کە دەیەوێ هەست بەو زەمەنە فەلسەفیە بکات کە نمایش لەخۆی گرتووە.

کەسی نائاگا بۆ چارەسەرکردنی بونیادە کۆمەڵایەتیەکان و ئامۆژگاری کردن دێتە شانۆ، بەخەونی ئەوەی گرفتەکانی چارەسەر بکرێ و رێگا چارەیەك بۆ ئەو ژیانەی بدۆزێتەوە، شانۆکاری جدی هەرگیز ئەو بونیادە کۆمەڵایەتیە لەدەرەوەی شانۆ ناخوێنێتەوە، بەڵکو کاری ئەو ئیشکردنە لەناووەوەی شانۆ، بۆ ئەوەی لەسەر ژێرخانی گوتاری ئیستاتیکی کار بقکات،چونکە شانۆ بەر لە هەر شتێ هونەرێکی جوانکارییە،لای بۆیە نەك نابێتە مایەی رەخنە، بەڵکو رەوایەتی خۆی وەردەگرێت کە دەرهێنەر بلێ «من چاکەرەوەو توێژەری کۆمەلایەتی نیمە و نە ووتاربێژی سیاسیم» د. صلاح القصب: أنا مؤدلج للجمالية، جريدة الوان، العدد (٦) ١٢–تشرين الاول–١٩٩٧

چونکە کاری ئەودۆزینهەوەی گەردوونێکی پڕ لە نهێنی جوانکاریە، ئەوە مانای وانیە کە ئیبستاتیکا دەرگا لەسەر مێژوو دەدەخات و رەهایی دەدات بە خۆی و رێگا نادات کە زەمەنی رابردوو بێتە تناو پرۆسەی بەرهەم هێنان، بەڵکو مێژوو مافێکی خۆیەتی لەناو

نمایش کار بکات، بەڵام مێژوویەك لە دووتوێی کتێبەکان بێتە دەرەوە و پێودانگی هونەری بیەخۆوە بگرێت و پارێزگاربی لە یەکەی نمایش بکات، تا شوێن پایەی خۆی لەنێو دیکۆمێنتەکانی مێژوو وون نەکات، ئەگەر پارێزگاری لەو دامەزراوە هونەرەی بکات ئەوە دەتوانێ بێتە نێو ئەو کردە هیرمنیۆتیکیە کە ئەو بۆخۆی تەنها بونیادێکە لەنێو گوتاردا، وەك چۆن رەخنەی کۆمەڵایەتی خانەیەکە لەنێو بونیادی مێژوودا، لەبەر ئەوەی نامانەوێ خۆمانە لەو پرسیارە بدزینەوە کە دەڵێ «چۆن دەکرێ گۆشەگیربین لەلایەنێکی گرنگ لە رەخنەی کۆمەڵایەتی لەناو بابەتی جوانکارییدا» الموقف الجمالي/ جورج ديكي، ترجمة (د. يوئيل يوسف عزيز) الثقافة الاجنبية، العدد (٣) ١٩٨٦

نمایش کار لەسەر کۆمەڵە پرسیارێکی لەم چەشتنە دەکات بۆ وەدەست کەوتنی کۆمەڵە پرسیارێکی تازە کە ئیستاتیکا دەبێتە خوڵقێنەری، بۆیە کۆمەڵناسی کاتێ دێتە نێو نمایشی شانۆیی نابێ بە کۆمەڵە وەڵامێکی داخراو خۆی بکاتە ژێرخان، بەڵکو دەبێ هەڵگری ئاماژەکانی پرسیار بێت تاوەکو کۆدەکانی ئیستاتیکا لەناو پێکهاتەت وێنەی شانۆیی رێك بخات، ئەوەش نایەڵێت بکەوینە نێو سیستمی ئاژاوەگێری هەرەمەکیاتنە، بەڵکو سیستمی رێکخەری گوتار کارمان پێدەکات، بۆیە رشەگە نادات فۆرم لەشێوەی سادە بخرێتە روو، بەڵکو زەمەنی فەلسەفی ناردنی راستەوخۆی داتل دەگۆرێت، ئەو گۆرانەش ئاڵۆزی گەیاندنە بەناو دەهالیزەکانی سیستمی جوانکاری، مەبەستیش لە ئاڵۆزکردن نیە بەڵکو ئاوزێتەکردنی زەمەنەکانە، ئەوەش گوتاری

زەمەن دەكات بە دابڕان لە مێژوو بۆ كاركردن لە ئێستا و پێشهاتە زەمەنیەكانی بۆ ئاییندە، چونكە هێلیكی ڕەوان بۆخوێندنەوە كە ڕاستەوخۆ بە وەرگر بگات بە زەمەن، ئەوە زیاتر كاركردنە لەناو هاوكێشەیەكی فیزیایی، ئەگەر لەو كاتەدا لەتێروانینی (ڤێرجیك دێریگ) ی تیۆریستی جوانكاری سەیری وێنەی شانۆیی و دالەكانی بكەین، ئەوە دەبێ بڵێین وێنە بابەتێكی ماتریالیزمخیە و ئاڵۆزكردنی بۆ گەیشتنە بە هێلەكانی گەیاندن، چەمكێكی ئیستاتیكیە بۆ دۆزینەوەی بابەتێكی جوانكاریی، بۆیە ئامانجی وێنە جێهێشتنی كاریگەریی دەروونیە بە وەرگرەوە لەڕێچگەی بەرەو پێشڤەچوونی بیرۆكەمەی جوانكاری لەنێو هەڵوەستەی جوانیدا بۆ دامەزراندنی گوتاری ئیستاتیكای نمایش، ئەوەش لە سۆزی ناوەوەی هونەرمەند هەڵدەقووڵێ، بۆیە پێویستە بەر لە دەربڕین ئەو سۆزە ناوەكیە پەروەردە بكرێت، واتە ئەو سۆزە لە نـاوەوە بە (هێل..ڕەنگ.. ڕەزم.. میزانسین.. بارستایی) لەناو خەیاڵێكی هونەری كار بكات، چونكە ناكرێ لە دەربڕیندا «بگەلاڕێچینهەوە بۆ سۆز وەك لە بنەچەكە هەبووە، بەڵكو دەبێ وا سەیری بكەین كە كیانێكی جوانكاری بوونگەرای كاریگەرە» الفن و العاطفة/ جون هوسبرس، ترجمة (یوسف عبدالمسیح ثروت) الثقافة الاجنبیة، العدد (٣) ١٩٨٦

ئەوەش كەسی هونەرمەند لە ساتی دەربڕین دەیخوڵقێنێ، بەهۆی ئەو هەستە جوانكاریەی كەلایدا كۆی كردۆتەوە، بەوەش وەرگر بەرەو پاكبوونەوەیەك دەبات كە پلاسیاری بۆ خود پێبێت،

هەروەك چۆن «گوزارشتی سیما دەلالەت لە حالەتی ناوەكی دەكات بۆ تاك» الفن و العاطفة/ جون هوسبرس، ترجمة (يوسف عبدالمسيح ثروت) الثقافة الاجنبية، العدد (٣) ١٩٨٦

ئەوەش گوزارشت لەوە دەكات كە ئیستاتیكا هەستەكانی لەپێناو مانا بەكار دەخات، بەڵام دوور لەو چەمكە باوەی هەیە، چونكە دەیەوێ بەهۆی چیچژ عەقڵی ناوەكی بتەقێنێتەوە بۆ ئازادبوون، ئەوەش دەمانخاتە بەردەم ئەو پرسیارەی كە دەشێ وێنەی شانۆیی فكرێك یا ووتارێك بێت، بەڵام ئەو چەمكە فەلسیەفیە كە هەڵگری مانایە ئەوا لە كەناڵی ئیستاتیكیەوە دەردەخرێت، كۆمەڵەشەپۆلێكی بەربلاو كار لەنێو وێنەدا دەكەن، تاوەكو سەرجەم پانتاییەكانی شانۆ دەگۆڕن بەڕووبەری شیعریی، شیعرێك سرووت و جولەی وێنە پێك دێنێ و ڕووی ناواخنی وێنە دەگۆڕیچتە نێو چەمكێكی ئاڵۆزی فەلسەفی ئەوەش بە مانای شێواندن نایەت، بەڵكو گەڕانی نێو فەلسەفەی نمایشی مەبەستە بۆ ئەو ئاگاییە جوانكاریەی ئیدراكی بە ئەگەری پرسیارە شێوەكاریەكان كردووە، چونكە شیعریەت و شێوەكاری بوونی وێنی وێنەی شانۆیی سەرەتا و ژێرخانی ئەو تیۆرە جوانكالاریەت كە وێنە لە سادەبوون دوور دەخەنەوە و بەرەو دید و جیهانێكی تری دێنن كە «هەستی جوانكاری ئاگاییەك بۆ سیفاتە دیاریكراوەكانی مەبەست بابەتی ئیدراكی نێو هەستە» النظرية الجمالية و تجريب الفن/ د.ك. اليوت، ترجمة (كوثر الجزائري) الثقافة الاجنبية، العدد (٣) ١٩٨٦

واتــه شوێنی نمایش دەبێتە شوێنگەی هەستەکانی مرۆڤ بەکارکردن لەبەردەم «گۆشە، ڕووبەر، بارستایی، پانتایی» شانۆ لەڕێگەی کردەی نەستی دەرهێنەر ئەو کارەش پەیوەندی خۆی بە هۆش وەك لۆژیکی بیرکردنەوە دەپچڕێنێ و هەوڵی وێناکردنی ئەو زەمەنی جوانکاریە دەدات لەو جیهانە بێ سنوورەی کە چوونە دنیای خەوتوویەکەوە، نابێ بە بەربەست لەبەردەم جولە و سنوربەزاندنی سنورەکانی نواندن، ئەوەش سەرەتای چوونە نێو پرسیاری ڕەخنەییە بۆ سەرەتایەکی‌ە مەعریفیانەی ئەرکیۆلۆژیای نمایشی شانۆیی، چونکە «دەلالەتی جوانکاری شتێ نیە تەنها وێنەکانی واقیع نەبێت» الشفرات الجمالية/ بيير جيرو، ترجمة (جوليانا داود يوسف) افاق عربية، العدد (٦) ١٩٩٢.

بۆیە دەلالەتی جوانکاریا لەڕێگەی هۆشەوە ئاراستەی نێردراو دەکرێ، بەڵام هۆش دەیەوێ ئەو وێنانە ڕەهەندی ئیستاتیکی پێ ببەخشێت لەڕێگەی دارشتنەوەی ڕووبەروو و بارستاییەکان و خوڵقاندنەوەی وێنە نووسراوەکان بۆ نێو بۆشاییەکی بینراو کە پانتایی شیعرییە، ئەوەش نێرەر وەك تاکێك نێو دوو ئاراستەی جوانکاری کە (هەڵچوون/ ڕازیکردن) ە، کە لەنێوان (خواستن) و(خوڵقاندن) دا ململانێیەکەیان خەست دەبێتەوە و خوڵقاندن دەبی بە خوڵقێنەری گوتاری ئیستاتیکا، بۆیە هەڵچوون لەو ئاراستە گوتارەدا هەوڵی بە بزاوت کردنی هەستی ناوەوەی وەرگر دەدات و لەنێو ئەگەرەکانی مانەوە بە جولەی دەخات، هەوڵی وورووژاندنی دەدات بە پرسیار، ئەوەش پرسیارە لە ئاراستەی

هێلە شاراوەکانی ئیستاتیکا، ئەوشە دوا پلەی ئۆرگازمەت بۆ خولْقاندنی گوتاری هاوبەش لەنێوان نێرەر و نێردراو، کە وەرگر تیایدا دەگاتە لووتکەی لەزەت و هیچ چەپاندنێك لە هزریدا نامێنێ کە توانای بیرکردنەوەی نەبێت و عەودالی بنین بێت، تا لەرێگەی «خەون، دیدگا، رەمز» وێنەی زیاتر ببینێت، چونکە ئەو لە چێژدا ئاستی (تێربوون) داوای گەرانی لێ دەکات، بۆ گەیشتە میتا جوانکاری، هەر بۆیە (هەڵچوون) هەرگیز وەکو (رازیکردن) نییە، کە چێژێك هەبێت نمایش پارێزگاری لێ کردبێتو هەستەکانی ناوەوەشمانی تێر نەکردبێت وهەوڵی درووست کردنی پرسیاری نەدابێت، کەواتە جیاکردنەوەی هەڵچوون لە رازیکردن لەو خاڵەوە لەیەکتری دەترازێن کە هەڵچوون پرسیارمان لە میتا چێژەوە ئاراستە دەکات، کەچی رازیکردن دەیەوێ دەرگا بۆ چێژی جوانکاری بکاتەوە، بەڵام لەناو ئەو چەمکە قووڵەی ئیستاتیکاوە ناچێتە نێو بونیادە ئاڵۆزەکانەوە کە هەڵچوون وەرگر دەخاتە نێو بونیادی شاراوەو بەشداری چەمکی فەلسەفی پێ دەکات، ئەوەش بۆ خۆی «تەوزیفێکی میتۆدییانەیە بۆ جوانکاری لەشێوەی نمایشی ئازاد» فی سیاق الخگاب الجمالی/ ریاچ موسی سکران، مجلە الاقلام، العدد (٣) ١٩٩٩، کە هەوڵ دەدات دەلالەتی گەورە لەناو ئەو چەمکانەی وێنە وەدەست بێنێت کە پرسیارەکانی لەچەمکی سادە دوور دەکەوێتەوە، بەڵکو جیهانبینی وفەلسەفەیەکی رۆشن لەو ئاڵۆزییەی ناو وێنە وەدەست دەهێنێ، واتە «وەرگر بەهەموو هێزی عەقڵی و ویژدانییەوە لە درووستکردنی ئەو نمایشەدا دەبێ

به بکەر» في سياق الخطاب الجمالي/ رياض موسى سكران، مجلة الاقلام، العدد (٣) ١٩٩٩

ئــەوەی وەرگــر دوای پــرۆســەی بینین وەدەســتــی دەهێنێ، کۆمەڵە ئاماژەیەکی سەربەخۆی نێو ئەو گوتارە ئیستاتیکییە کە لەنێو دالەکان پێی گەیشتووەو سیستمێکی جوانکاری هەموو ئەو ئاماژانەی لەیەکەیەکی تەئویلکاری کۆکردۆتەوە بەو مەبەستەی کە شێوەی نمایشی رابـردوو بخاتە دەرەوەی ئەو پرۆسەیە، پرۆسەیەکی ئەرکیۆلۆژیی جەستەیی پێ بێنێتە بوون، ئەوەش گۆڕان لە گوتاری رەخنەییش دەکات، چونکە گوتارە رەخنەییەکە ئیش لەسەر ئەو پەیوەندیە تازانە دەکات کە پێشتر توانای کارکردنی تیادا نەبووە، هەر بۆیە لەو پانتاییە کەشف کـراوەدا ساتەوەختی کارکردنی رەخنە دوانە لە سیستمێکی ئەبستیمی شانۆ کە خاسیەتەکانی گوتاری تێدا ئاشکرا دەکرێت، ئەویش دێت رەخنە لە سەرنجەوە دەگوازێتەوە، چونکە ئەو کاتە تێڕوانینی رەخنەیی ئاستی (گوتار) یش جێ دێڵێت وبەرەو ئاراستەو قۆناغێکی تازە دێت کە ئەویش دەقی رەخنەییە.

ئەو کاتە رەخنە دەبێ بە خوێندنەوەی نمایش لەنێو ئاماژەی زمانەوانییەوە بۆ ئاماژە شانۆییەکان لەرێگەی کۆدی جەستەوە بەبەستنەوەی بە ئیستاتیکای گوتارە شانۆییەکە کە ئەویش بەرەنجامی ئەرکیۆلۆژیای نمایشە، هەر بۆیە ئەرکیۆلۆژیای نمایشی شانۆیی ژێرخانە بۆ دامەزراندنی ئەزموونێکی تازەی شانۆ کە لەدەرەوەی فۆرمێکی کۆندا خۆی نیشان دەدات، بۆیە کار

لەسەر شێوەی تازەی نمایش دەکات، بۆ دۆزینەوە وخاسیەتە نوێکانی نمایشی شانۆیی، ئەوشە زیندوو بوونەوەی شانۆیە لەنێو کایە زانستیەکاندا، بەمەبەستی دامەزراندنی گوتارێکی تایبەتمەند کە زۆر بە دەگمەن شانۆکاری کورد لەناو ئەو گوتارە کاری کردووە، ئەوەش دەرگاکردنەوەیەکی ترە بۆ ئەوەی لەداهاتوودا ئاستی تیۆریی ئەو باسە بەجێ بێلین ولەتێڕوانینی ڕەخنەیی بزانین پەیوەندیی شانۆکاری کورد وپڕۆسەی ئەرکیۆلۆژیای شانۆ لەچ ئاستێکدایە؟ ئاخۆ ئەو پەیوەندیە لەپرسیارەوە دەگوازرێتەوە بۆ ناو رووبەری نمایشە شانۆییەکانمان؟ ئەوانەش ئەو پرسیارانەن کە پرۆژەو کتێبی ڕەخنەیی تایبەتی پێویستە بۆ قسەکردن لە چۆنیەتی ئیشکردنەوەی ئەرکیۆلۆژیانە لەسەر پرۆژە شانۆییەکانمان.